# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣١٨)- (٣٠)ی ئایاری ٢٠٢٢

# گرنگیی هەرێمی کوردستان لە هەیکەلەی تازەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

«سەروەریی عێراق و سووریا و لوبنان لەژێر مەترسیدایە و بەرەو لێواری هەڵدێر و هەڵوەشانەوە دەڕۆن»

گرنگی و کاریگەریی بەشداریی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی داڤۆس بۆ ئاسایشی نەتەوەییمان

د. نەژدەت ئاکرەیی






# جگە لە ئاڵای کوردستان
# ئاڵای هەموو نەتەوەکان لەسەر تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکانە

١٩

لە واشینگتۆن جەنابی بارزانی بەردەوام بە دوای دەرچەیەکدا دەگەڕا لە پێناو گەیاندنی دەنگی گەلەکەی بە جیهان و ناوەندەکانی بڕیار، چونکە دۆستێکی زۆرمان هەبوو پێمان خۆش بوو ئەو دۆستانە پردێک بن بۆ گەیاندنی دەنگی مەزلوومیەتیی گەلەکەمان. هەوڵمان دا یارمەتیمان بدەن، بۆ نموونە: جۆرج مینی، ولّیام سفایر، جیم خۆکلاند، سیناتۆر هێنری جاکسۆن و تاڕادەیەک هیوبرت هامفریش، بەڵام لەبەر نەخۆشییەکەی توانای هاوکاریی کەم بوو، بەڵام دیار بوو سۆزێکی گەورەی هەبوو لەگەڵ کورد.

ساڵی ١٩٧٦، جەنابی بارزانی لە واشینگتۆن بوو. ڕێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بارزانییان بانگهێشت کرد بۆ بارەگاکەیان لە نیویۆرک. بارزانی بۆ ئەم مەبەستە سەردانی نیویۆرکی کرد. تەنیا شەقامێک لە نێوان هۆڵی کۆبوونەوەکە و تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبوو. لە هۆڵی کۆبوونەوەکاندا داوا لە بارزانی کرا وتارێک پێشکەش بکات. بارزانی چووە شوێنی وتارخوێندنەوە، بەڵام بۆ ماوەی چەند خولەکێک بە بێدەنگی وەستا و هیچ قسەیەکی نەکرد. هەموو بەشداربووان سەرسام بوون بەم هەڵوێستەی بارزانی. دواتر کە دەستی بە قسەکردن کرد، گوتی: «من بۆیە وەستام بۆ ئەوەی سەیری دەرەوە بکەم، سەیرم کرد ئاڵای هەموو میللەتانی دنیا لەسەر تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکانە جگە لە ئاڵای کوردستان. ئاڵای وڵاتی وای لێیە کە بەقەد شارێکی کوردستانە. ئێمە سی ملیۆنین، لەگەڵ ئەوەش داوامان نەکردووە کە سەربەخۆ بین و داوای ئۆتۆنۆمیمان کردووە کە ئەوەشمان پێ ڕەوا نابینن. میللەتی ئێمە لەسێدارە دەدرێت و دوور دەخرێتەوە و ئازار دەدرێت، بەڵام هیچ کەس لەسەری بەجواب نایەت».

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبی (کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا- یادی شەوێکی بەکرەجۆ) بە بەرگێیکی جوان و بە (١٠١٠)لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەردەستی خوێنەرانەوە، نووسەری بەتواناو قەڵەم بە بڕشت خەلیل عەبدوڵڵا سەرپەرشتیاری گشتیی کتێبەکەیە، هەروەها عوسمان محەمەد هەورامی پێداچوونەوە و هەڵەبڕی و ڕێنووسی بۆ کردووە.

مامۆستا خەلیل عەبدوڵڵا دەستنووسی ئەم کەشکۆڵەی لە کاك (بەیاد عەبدولقادر) وەرگرتووە، کە دوو دەفتەری گەورەی(٤٠٠) لاپەڕەیی نووسراو بوو، گەنجینەیەکی بە نرخی ئەدەبی و مێژووییە، ژیاننامەو شیعری چەند شاعیرێکی کلاسیکی لەخۆگرتووە، مامۆستا نەجمەدین بە خەتی خۆی نووسیویەتی و بەناوی (یادی شەوێکی بەکرەجۆ) لە ئەیلوولی (١٩٥٤) پێشکەش بە (ع. بەسۆز)ی شاعیری کردووە.

چاپکردنی ئەم بەرهەمەش بۆ سوودو بایەخی خوێنەران و توێژەران و ڕۆشنبیران و نەوەی تازە شوێنی خۆی دەگرێت، کاتێك باس لەم کەشکۆڵەی نەجمەدین مەلا دەکرێت، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ناوبراو(١٧٩٨-١٩٦٢) شاعیر و چیرۆکنووس و نووسەر و مامۆستا بووە و خزمەتی بە کاروانی ڕۆشنبیری و خوێندەواری کردووە، تەنانەت کاری ڕۆژنامەنووسیشی کردووە و وتاری ئەدەبی و چیرۆکی فۆلکلۆری لە هەفتەنامەی زاری کرمانجی لە لای حوسێن حوزنی موکریانی لە ڕەواندز، هەروەها لە هەردوو هەفتەنامەی ژین و ژیان لە سلێمانی بڵاوکردووەتەوە. بەڵکو چیرۆکی لە فارسی و عەرەبیشەوە وەرگێڕاوە، مامۆستا و پەروەردکاریش بووە و قوتابخانەیەکی بە ناوی کەشتیی نووح دامەزراندووە و بە هەزاران کەسی فیری خوێندنەوە و نووسین کردووە.

دەستخۆشی لە مامۆستا خەلیل عەبدوڵڵا و عوسمان محەمەد هەورامی دەکەین، کە بۆ ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم بەرهەمە ئەرکی زۆریان کێشاوە، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالَح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالَح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

## دکتۆر جووتیار عادل :



**هەوڵەکانمان بەردەوامن بۆ گەڕاندنەوەی داهاتی نانەوتی و دابینکردنی بیمە و چاودێریی تەندروستی**

## ئیبراهیم ئەحمەد مستەفا :



**سوپاسی سەرۆکی حکومەت دەکەین بۆ بەهاناوەهاتن و چارەسەرکردنی نەخۆشانی تالاسیما**

## پرۆفیسۆر دکتۆر ئەکرەم عوسمان :



**وشکەساڵی زیانی گەورەی بە کەرتی کشتوکاڵ و دابەزینی ئاستی ئاو گەیاندووە**

## ئیتان گیلبوا :



**جۆ بایدن زۆر پەرۆشە رێککەوتنێک لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە ئەنجام بدات**

شێروان دووبەردانی :




## ڕێکنەکەوتنی شیعەکان سەردەکێشێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن



چنوور تۆفیق :

## گەورەترین خەونی ژیانم ئەوەیە ئەگەر تەنیا پێنج خولەک تەمەنم مابێت بتوانم بە سەر پێوە بوەستم



## درۆنــــی ژێــر ئـــاو



ڕەوشەن چەلکەر:

## نابێ تەنیا پشت بە فۆلکلۆر ببەسترێت

کاروان جەمیل:

## کیک بۆکسێنگ لە خوێنمدایە و عاشقی بووم بێ وەرزش ناتوانم بژیم



## بایەخی تەندروستیی گەڵای نەعناع



# شوێن و بۆنە
# لە گوتاری دەوڵەتمەداردا

## وەرچەرخانی تەنگژە و دروستکردنەوەی زمانی لێکتێگەیشتن لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا





هەڵبژاردنی شوێن بۆ گەیاندنی پەیامی گرنگ و چارەنووسساز، یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی کەسایەتیی دەوڵەتمەداری سەرکەوتوو، ئەو شوێنەش کە دیاری دەکرێت بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە گرنگە نیشتمانی و چارەنووسسازە، لە تێڕوانینی تێکڕای خەڵکی ئەو وڵاتە جۆرە پیرۆزییەکی هەیە کە هیچ هاووڵاتییەك نکۆڵی لێ ناکات.

لە ساڵی ٢٠٠٩ و لە دوای سووتاندنی «وۆڵ ستریت لە نیویۆرك» لە لایەن هەوادارانی «ئاهەنگی چا —Tea Party»وە، باراك ئۆباما کەپیتاڵ هۆڵی هەڵبژارد و، لە ٢٠٠ەمین ساڵیادی «ئەبراهام لینکۆڵن»دا ئەو پەیامەی بە گەلی ئەمریکا ڕاگەیاند کە گەلی ئەمریکا پێویستی بە دووبارە بونیادنانەوەی ئەو ئیرادەیە هەیە کە پێشتر ئەو سەرۆکانە لە ئاسمانی تەمومژاویدا توانیویانە بڕیار بدەن و پەنجەرەی ڕووناکی بۆ گەلەکەیان بکەنەوە. هەروەها «جیمس ماتیس» وەزیری بەرگری لە ئیدارەی ترەمپ، بۆ ئەوەی ئەو پەیامە چارەنووسسازە سەبارەت بە گرنگیی هاوپەیمانەکانی ئەوبەری ئەتڵەسی بە گەلی ئەمریکا بگەیەنێت، ئەو گۆڕستانەی هەڵبژارد کە «تەرمی سەربازانی ئەمریکی و هاوپەیمانانی پێکەوە لێ نێژرابوو» و لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاند «شکۆ و گەورەیی ئێمە بە تەنیا بەرهەمی ئیرادەی ئەمریکییەکان نییە، بەڵکو بەرهەمی ئیرادەی هاوبەشی ئێمە و هاوپەیمانەکانمانە و دەبێت ئەو هاوپەیمانیەتییەش بپارێزرێت.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر سەیری پەیامەکانی هەفتەی ڕابردووی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا ڕاشکاوانە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، ڕاستە هەردوو پەیامەکەی جێگەی دڵخۆشیی هەموو گەلی کوردستان بوو، هەوڵێکیش بوو بۆ دووبارە دروستکردنەوەی زمانی لێکتێگەیشتن لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پاشانیش ئاراستەکردنی پەیامێکی لۆژیکانە بۆ حکومەتی عێراق، دەروازەیەکی گرنگی لە بەردەم «بەڕێوەبردنێکی ساردی تەنگژەکان بەرەو وەرچەرخانێکی گەرمی تەنگژەکان» کردەوە، بەڵام هەڵبژاردنی دوو شوێن و دوو بۆنەی هاوشێوە «کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوالان و کۆلێژی سەربازیی زاخۆ و دوو بۆنەی هاوشێوە -دەرچوونی خولی ئەفسەرانی پێشمەرگە-»، بوونە دوو فاکتەری گرنگ بۆ ئەوەی پەیامەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك پەیامێکی نیشتمانی و نەتەوەیی قەناعەت پێکەر و لایەنە سیاسییەکان لەسەر یەك مێز کۆبکاتەوە، دڵنیاشین دەبێتە دەوازەیەکی گرنگیش بۆ ئەوەی حکومەتی فیدڕاڵی عێراقیش بە هەنگاوی ئەرێنی بۆ چارەسەری کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بێتە پێشەوە.

لێرەوە ئەم دێڕانە هەڵوەستە لەسەر ئەوە ناکات لەناو پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چی نووسراوە، بەڵکو زیاتر هەڵوەستە لەسەر ئەوە دەکات لە هەر دوو بۆنەی «دەرچوونی خولی ئەفسەرانی پێشمەرگە»، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەبەستی بوو چی بە پارتی و یەکێتی بڵێت؟ چی بە لایەنە سیاسییەکانی دیکە و تێکڕای خەڵکی کوردستان بڵێت؟ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بە چەند خاڵێك دەدەینەوە.

١. سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە هەڵبژاردنی ئەو بۆنە نیشتمانییە پیرۆزە (دەرچوونی خولی ئەفسەرانی پێشمەرگە)، هەوڵیدا وەك دامەزراوەیی دەوڵەتی هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان «پارتی و یەکێتی» و دابڕانی کۆی لایەنە سیاسییەکان لە زمانی دیالۆگ هەڵبگرێت.

٢. پێی گوتین: هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزێکی دامەزراوەیی دەوڵەتییە و هێزی هیچ لایەنێکی سیاسی نییە، لەسەر ئەمەش ڕاشکاوانە گوتی: «دەبێت پارتی و یەکێتی بە باوەڕ و بێ پەشێمانبوونەوە ئەو بڕیارە بدەن کە دەستی حزب لەسەر پێشمەرگە هەڵبگرن»، ئەمەش پەیامێکی ڕوون بوو کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان نابێت تێکەڵاوی کێشە سیاسییەکان بکرێن و، نابێت هیچ لایەنێکی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی نێوخۆیان بیر لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بکەنەوە، هەروەها پەیامێکیشی ئاراستەی حکومەتی فیدڕاڵی عێراق کرد،

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەروازەیەکی گرنگی لە بەردەم «بەڕێوەبردنێکی ساردی تەنگژەکان بەرەو وەرچەرخانێکی گەرمی تەنگژەکان» کردەوە**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە هەڵبژاردنی ئەو بۆنە نیشتمانییە پیرۆزە (دەرچوونی خولی ئەفسەرانی پێشمەرگە)، هەوڵیدا وەک دامەزراوەیی دەوڵەتی هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان «پارتی و یەکێتی» و دابڕانی کۆی لایەنە سیاسییەکان لە زمانی دیالۆگ هەڵبگرێت**

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان نابێت تێکەڵاوی کێشە سیاسییەکان بکرێن و، نابێت هیچ لایەنێکی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی نێوخۆیان بیر لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بکەنەوە**

بەوەی ئەرکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پاراستنی تەواوی سەروەریی دەوڵەتی عێراقە و دەبێت وەك بەشێك لە دامەزراوەی بەرگریی عێراق سەیر بکرێت و ماف و شایستەکانی پارێزراو بێت.

٣. لە قەڵاچوالانەوە پێی گوتین: «ئەم کۆلێژە سەربازییە یادگارێکی گرنگی سەرۆك مام جەلالە»، لە زاخۆوە پێی گوتین: «ئەم کۆلێژە سەربازییە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە جێگەی بایەخی سەرۆك بارزانی بووە، ئێمە بەناوی خۆمان و ئێوەشەوە سوپاسی سەرۆك بارزانی دەکەین و هەروەها پیرۆزبایی ٦٠ ساڵەی پێشمەرگایەتی لە سەرۆك بارزانی دەکەین و خزمەتی جەنابیان بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان پیرۆز دەنرخێنین». لەم دوو پەیڤەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێی گوتین: جارێکی دیکە پێویستمان بە ئیرادە و لێکتێگەیشتنی لۆژیکانەی سەرۆك بارزانی و سەرۆك مام جەلال هەیە، ئەو کێشانەی ئێستا هەمانە لە غیابی ئەو لێکتێگەیشتنە دروست بوون و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو لێکتێگەیشتنە و، گرنگە سەرۆك و سەرکردایەتیی ئێستای یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئیرادە و لێکتێگەیشتنی لۆژیکانەی سەرۆك مام جەلال بە زیندوویی بهێڵێتەوە و نەخشەی ڕێگەیان بێت.

٤. لە قەڵاچوالان پێی گوتین: «بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر بارودۆخی کوردستان، ئێمە وەك ئەرکی یاسایی خۆمان لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەر هەوڵمان داوە و هەوڵ دەدەین. بەردەوام لەگەڵ هەموو لایەنەکان گفتوگۆمان کردووە و دەیکەین. بە خۆشحاڵییەوە دەڵێم ئێستا زەمینەیەك هاتووەتە پێشەوە بۆ نەرمی نواندن و گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر، شەڕی ڕاگەیاندنیش هەندێك کەم بووەتەوە»، ئەمەش مانای ئەوەیە لەو بۆنەیەوە دڵنیای کردینەوە کە زەمینەیەکی لەبار بۆ نەرمی نواندن و گفتۆگۆ لەگەڵ یەکتری هاتووەتە ئاراوە، ئەم زەمینەیەش بە ڕێگەی دامەزراوەیی دەوڵەتی «سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان» هەوڵی بۆ دراوە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢٢ی ئایار ئەم پەیامەی بە گەلی کوردستان لە قەڵاچوالانەوە ڕاگەیاند و، چوار ڕۆژ دوای ئەم بەروارە و لە ٢٦ی ئایار لە زاخۆوە ئاکامی ئەو هەوڵانەی پێی ڕاگەیاندین و گوتی: «دوێنێ (٢٥ی ئایار) کۆبوونەوەیەکی باش لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، بە پشتیوانیی خوا هەر لەم ماوەیەدا زنجیرەیەك کۆبوونەوەی دیکە دەبینین، بە هیوای ئەوەین بگەینە ڕێککەوتنێکی باش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بۆ میللەتی خۆمان دابین بکەین. زۆر پێویستە تاك بە تاکی خەڵکی کوردستان پشتیوانیی ئەم ئاراستەیە بکەن و، من ئێوە پشتڕاست دەکەمەوە کە هیچ کێشەیەك لە هەرێمی کوردستاندا نییە کە ئێمە نەتوانین بە پێکەوە دانیشتن چارەسەری نەکەین»، ئەم دڵنیاکردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەوەی هیچ کێشەیەك لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا بوونی نییە کە بە ڕێککەوتن چارەسەر نەکرێت، ڕەهەندێکی قووڵتری هەیە و پەیوەستە بە کۆی ئەو کێشانەی کە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پرۆسەی سیاسیی عێراقدا لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بە گشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی بەتایبەتی بوونی هەیە و، ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەیە بۆ ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی لەسەر پرسی بەشداربوونیان لە حکومەتی داهاتووی عێراق، ئەم ئاماژە ڕوونەش لەو پەیڤەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێتەوە کە بەمجۆرە ئاماژەی پێ کرد: «ناکۆکیی لایەنە سیاسییەکان لە بەغدا کاریگەریی خراپی لەسەر هەموو عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەبووە و، ناکۆکیی نێوان حزبەکانیش لە هەرێمی کوردستان کێشەی زیاتری بۆ پرۆسەی سیاسیی عێراق دروست کردووە، هەر بۆیە هەموو هەوڵێك بۆ ڕێککەوتنی سیاسی لە بەغدا و هەولێر تەواوکاری یەکترین»، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەوە دڵنیایە کە پارتی و یەکێتی دەتوانن بە لێکتێگەیشتن هەموو کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن، بە

گرنگە سەرۆک و سەرکردایەتیی ئێستای یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئیرادە و لێکتێگەیشتنی لۆژیکانەی سەرۆک مام جەلال بە زیندوویی بهێڵێتەوە و نەخشەی ڕێگەیان بێت

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەوە دڵنیایە کە پارتی و یەکێتی دەتوانن بە لێکتێگەیشتن هەموو کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن، بە کێشەی پۆستی سەرۆک کۆماریشەوە کە ئێستا بووەتە ئاستەنگێک بۆ چەقبەستنی پرۆسەی سیاسیی عێراق

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەیدا لە هەر دوو بۆنەی «خولی دەرچووانی ئەفسەرانی پێشمەرگە لە قەڵاچوالان و زاخۆ»، پەیامێکی لۆژیکانەی دەوڵەتمەدارانەی ئاراستەی حکومەتی عێراق کرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، سەروەریی هەرێمی کوردستان تەواوکاری سەروەریی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقە و هێزی پێشمەرگە سەروەریی عێراق دەپارێزێت

کێشەی پۆستی سەرۆک کۆماریشەوە کە ئێستا بووەتە ئاستەنگێك بۆ چەقبەستنی پرۆسەی سیاسیی عێراق و چەقبەستنی سیاسی لەناو پرۆسەکەدا.

**● بەغدا بە چ چاوێك سەیری هەرێمی کوردستان دەکات؟**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەیدا لە هەر دوو بۆنەی «خولی دەرچوونی ئەفسەرانی پێشمەرگە لە قەڵاچوالان و زاخۆ»، پەیامێکی لۆژیکانەی دەوڵەتمەدارانەی ئاراستەی حکومەتی عێراق کرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، سەروەریی هەرێمی کوردستان تەواوکاری سەروەریی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقە و هێزی پێشمەرگە سەروەریی عێراق دەپارێزێت، بەڵام ئەو پرسیارە گرنگەی لە پەیامەکەیدا لە کۆلێژی سەربازیی زاخۆ وروژاندی، کە دەبێت حکومەتی فیدراڵی عێراق وەڵامی گەلی کوردستان بداتەوە، ئەم پرسیارە بوو: «ئایا بەغدا بە چ چاوێك سەیری هەرێمی کوردستان دەکات؟ لەمبارەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتی: «لێرەوە من دەمەوێت داوا لە حکومەتی فیدراڵی عێراق و هەموو دەسەڵات و دامەزراوەکانی فیدراڵی عێراق بکەم، بە چاوی تەواوکار و هاوبەش سەیری هەرێمی کوردستان بکەن، چونکە ئێمە هەموو یەکین و، لە سەرکەوتن و شکستی ئێمەش هاوبەشن و، پاراستن و بەرژەوەندی و پێکەوەژیانی ئێمە لە هەموو دەڤەرەکانی عێراق وەك یەکە و ئەرکی حکومەت و دامەزراوەکانی فیدراڵییە لە عێراقدا بە پلەی یەکەم، کە خەڵکی عێراق پێویستی بە ئارامی و پێشکەوتن هەیە و بە هیچ شێوەیەك حەز لە کێشەی زیاتر ناکەن، لەبەر ئەوە نابێت بەغدا لەو باوەڕەدا بێت کە بێدەسەڵاتکردنی هەرێمی کوردستان کارێکی باشە».

ئەم پەیڤانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی وەك داخوازی ئاراستەی حکومەت و دامەزراوە فیدراڵییەکانی عێراقی دەکات، لە هەمانکاتدا هۆشدارییەکە بەوەی ئەگەر دەستووری عێراق جێبەجێ نەکرێت، ئایندەی عێراق ڕۆشن نابێت و، لە هەمانکاتدا هەوڵەکانی حکومەت و دامەزراوە فیدراڵییەکانی عێراق بۆ پێشێلکردنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان کارێکی خراپە و دەبێت بەغدا بە هۆش خۆی بێتەوە کە هەوڵەکانی بۆ لاوازکردن و لێسەندنەوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکان لە هەرێمی کوردستان کارێکی باش نیە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر ئەو دەسەڵاتە دەستوورییانە لە هەرێمی کوردستان بسەندرێتەوە، ئەسڵەن کۆی سیستمی فیدراڵی عێراق دەکەوێتە مەترسییەوە و کێشەی زیاتر بۆ هاووڵاتیانی عێراق لە هەموو دەڤەرە جیاوازەکان دروست دەبێت.

ئەگەر ئەو دەسەڵاتە دەستوورییانە لە هەرێمی کوردستان بسەندرێتەوە، کۆی سیستمی فیدراڵی عێراق دەکەوێتە مەترسییەوە و کێشەی زیاتر بۆ هاووڵاتیانی عێراق لە هەموو دەڤەرە جیاوازەکان دروست دەبێت

لەسەر ئەم ئاراستەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوایەکی دیکە ئاراستەی حکومەتی عێراق دەکات، ئەگەر ڕێگە ڕاستەکە بگرن کە لە دەستووردا هاتووە و هەرێمی کوردستان بە بەشێك لە عێراق دەزانن، دەبێت کێشەکانتان لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەن و کێشەی دیکەی بۆ دروست نەکەن. هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: «من لێرە داوا لە بەغدا دەکەم، ئەگەر بە جددی بەغدا، هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق دەبینێت، ئەگەر بەغدا هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە هاووڵاتیانی عێراق دەبینێت، دەبێت بە زووترین کات ئەو کێشانەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە، چارەسەر بکات، نابێت و دروست نییە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق، هەموو سەری مانگێك لە دڵەڕاوکێدا بن، بەوەی ئایا بودجەی لە عێراقەوە بۆ دێت یان نە..پەیامی من بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق ئەوەیە ئەم پرسانە کۆتایی پێ بهێنن، ئەگەر ئێوە دەتانەوێت هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەشێك بن لە عێراق، کۆتایی بەو گوشارانە بهێنن کە لە بەغداوە دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان. من لەو باوەڕەدام کە ئێمە پێکەوە ئەو دەرفەتەمان هەیە هەموو کێشە و ئاریشەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین، ئێمە جددییەتمان دەوێت، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جددییە لەسەر ئەوەی ئەو کێشە و ئاریشانە لەسەر مێزی گفتوگۆ و لەسەر بنەمای دەستووری عێراق چارەسەر بکات».

سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر بە باشی لەو تێڕوانینە شۆڤێنییانە تێدەگات کە خەون بە لاوازبوون و نەمانی هەرێمی کوردستانەوە دەبینن

ئەم پەیامەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ حکومەت و تەواوی دامەزراوە فیدراڵییەکانی




عێراق، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەو گوشارە گەورەیەی لە دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ـەوە و لە سەرەتای ئەمساڵەوە (٢٠٢٢) دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بڕیاری بەناو «دادگای فیدراڵی» کە لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی ڕەت کردەوە کە بە پێچەوانەی دەستووری عێراقە و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی نەوت و گازی، وەك دەسەڵاتێکی حەسریی حکومەتی فیدراڵی لە قەڵەم دا، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ناو دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی هەردوو سێکتەری نەوت و گاز لە ناو دەسەڵاتە حەسرییەکانی فیدراڵی هاتوونەتە دەرەوە و لەگەڵ هەرێمەکاندا بەش کراون، بۆیە لەم ڕاستەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، داوای وەڵامێکی ڕاست و ڕەوان لە حکومەت و دامەزراوە فیدراڵییەکانی عێراق دەکات کە پێمان بڵێن «ئایا هەرێمی کوردستان بە بەشێك لە عێراق دەزانن؟ ئایا هاووڵاتیانی کوردستان بە بەشێك لە هاووڵاتیانی عێراق دەزانن؟

سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر بە باشی لەو تێڕوانینە شۆڤێنییانە تێدەگات کە خەون بە لاوازبوون و نەمانی هەرێمی کوردستانەوە دەبینن، ئەمە نەك لە ئێستا بەڵکو ٢٠ ساڵی پێش ئێستا و پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو و، لە ساڵی ٢٠٠٢ و لە میانەی کۆنگرەی «کورد کلیلی سەقامگیریی عێراق» لە واشنتۆنەوە هۆشداری بە هەموو سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق دا و لە پەیامەکەیدا پێی ڕاگەیاندن: «کلیلی سەقامگیریی عێراق چارەسەرکردنی کێشەی کورد و دداننانە بە مافە ڕەواکانی لە عێراقدا، دەسەڵاتدارانی بەغدا هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەموو سەروەت و سامانی عێراقیان کردووەتە چەك و تەقەمەنی بۆ ئەوەی کوردستانی پێ سەرکوت بکەن، بەڵام دەرکەوت نەتانتوانی، بۆیە باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی عێراق دەوڵەتێکی بەهێز بێت و گەلانی عێراق بە خۆشگوزەرانی بژین، ئەوەیە کە کێشەی کورد چارەسەر بکەن».

ئەگەر سەرنج بدەین، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ٢٠ ساڵ پێش ئێستا لە واشنتۆنەوە ئەم پەیامەی بە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ڕاگەیاند و ڕووبەڕوو پێی گوتن ناتوانن ددان بە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستاندا نەنێن، ئەمڕۆ لە کۆلێژی سەربازیی زاخۆوە هەمان پەیام ئاراستەی دەسەڵاتدارانی بەغدا دەکات و ڕووبەڕوو پێیان دەڵێت، ئەگەر مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێ نەکەن، ئەوا عێراق نەك ئارام و سەقامگیر نابێت، بەڵکو عێراق ئێستا چەند کێشەی هەیە، کێشەی گەورەتری بۆ زیاد دەکەن.

**دەسەڵاتدارانی بەغدا هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەموو سەروەت و سامانی عێراقیان کردووەتە چەك و تەقەمەنی بۆ ئەوەی کوردستانی پێ سەرکوت بکەن**

# گرنگیی هەرێمی کوردستان لە هەیکەلەی تازەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

«سەرووەریی عێراق و سووریا و لوبنان لەژێر مەترسیدایە و بەرەو لێواری هەڵدێر و هەڵوەشانەوە دەڕۆن»



«هەیکەلەی تازەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، ناونیشانی ئەو پەنێلە بوو کە لە ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو (٢٤ی ئایاری ٢٠٢٢) لە کۆربەندی ساڵانەی داڤۆس بەڕێوەچوو، لەم پەنێڵەدا کە هەریەکە لە بەڕێزان «مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەحمەد ناسر ئال-محەمەد سەباح وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی کوەیت، ئەیمەن ئەلسەفەدی وەزیری دەرەوەی شانشینی ئوردن، فەیسەڵ بن فەرحان ئال سعوود وەزیری دەرەوەی سعودیە» تیایدا ئامادە بوون، باس لە هەیکەلەی تازەی ئاسایشی ڕۆژهەڵات کرا بۆ ئەوەی ئەو مەترسییانەی لەسەر ئاسایشی ڕۆژهەڵات بوونیان هەیە، بە شێوازێکی دەستەجەمعی چارەسەر بکرێن و، کێشە و مەترسییەکانیش لە هەر یەك لە «عێراق و سووریا و لوبنان»ـەوە سەرچاوە دەگرن. ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشە و مەترسییانە پێویستیان بە دەستنیشانکردنێکی لۆژیکانەی ئەو هۆکارانە هەیە کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێك کێشەی کەڵەکەبووی چارەسەرنەکراو و دەرهاویشتەکەشی ئەوەیە کە هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و، هەرێمی کوردستانیش لە ناو دەوڵەتی عێراقدا یەکێکە لەو ناوچانەی بەردەوام بە هۆی بڕیارە هەڵەکانی حکومەتی بەغدا و نەبوونی سەربەخۆیی لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا، کەوتووەتە ژێر گوشار و هەڕەشەی ڕۆکێتبارانی دەوڵەتانی دراوسێی و چەکدارە لە یاسا دەرچووەکانی ناو عێراق، لە ناو کۆی گشتی ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەرێمی کوردستان کە بە دوورگەیەکی سەقامگیر و پڕ لە ئاشتی لەم دەریا شڵەژاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە، ئێستا بە هۆی شکستی حوکمڕانی و دەستتێوەردانی دەرەکی لە بڕیاری سیاسیی عێراقدا، خەریکە ئاشتی و سەقامگیرییەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە، هەر بۆیە لەسەر ئاستی هەوڵەکان بۆ دووبارە بونیادنانەوەی هەیکەلەیەکی تازەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك کاراکتەرێکی کارا پێشوازی لێ دەکرێت و لەسەر ئاستی دیالۆگ و گفتوگۆ بۆ بونیادنانی ئەم هەیکەلە تازەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادەبوونی هەیە و، ئەم قەوارەیەی هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بەوە هەیە هاوکاری بکرێت و، ئەو گوشار و هەڕەشانەی لە سەریەتی دوور بخرێنەوە.

ئەوەی لەم پەنێڵەدا هەموو بەشداربووان بە شێوازی جیاواز جەختیان لەسەر کردەوە و ئاماژەیان پێ کرد، ئەوەیە کە سەرچاوەی هەڕەشەکان لەو وڵاتانەوە سەرچاوە دەگرن کە ئێران ناوی لێناوە «هیلالی شیعی» ئەمەش لە تارانەوە درێژ دەبێتەوە بۆ عێراق و سووریا و لوبنان، هەروەها دیوی یەمەنیشەوە دیسان کە چەکدارانی «حوسی» بوونە هەڕەشە بۆ سەر بەشێك لە دەوڵەتانی کەنداو، بەتایبەتی سعودیە و ئیمارات، دیسانەوە ئەوانیش بە شێوەیەك لە شێوەکان لەژێر کاریگەریی ئێراندا ئەو هەڕەشانە دەکەن، هەموو ئەمانەش بوونە هۆکاری ئەوەی ئەو دەوڵەتانە «عێراق، سووریا، لوبنان» گەیشتوونەتە ئەو حاڵەتەی نەك هەر سەروەریی خۆیان لە دەست بدەن، بەڵکو گەیشتووەتە ئەوەی بەرەو لیواری هەڵدێر و لەبەریەك هەڵوەشانەوە بچن، ئەمەش بە ڕاشکاوی لە «عێراق و لوبنان» لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنانە ڕەنگی داوەتەوە کە هاووڵاتیانی عێراق و لوبنان سزای ئەو لایەن و میلیشیایانەیان دا کە بەتەنگ وڵاتەکەی خۆیانەوە نین و خۆیان بە بەشێك لە ئەجیندای وڵاتێکی دیکە دەزانن. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری لایەنەکانی ناو ئیتاری تەنسیقی شیعە لە عێراقدا بکەین، دەبینین لە هەڵبژاردنی ئەم جارەی عێراقدا بوونە کەمینەیەك کە ناتوانن حکومەت پێك بهێنن و، ڕێز لە ئاکامی هەڵبژاردنەکە ناگرن و/ لە ڕێگای بەناو «دادگای فیدراڵی»یەوە شتێکیان دروست کردووە کە دەبێت دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان ئامادە بن بۆ ئەوەی حکومەت پێك بهێندرێت، بەمەش «سێیەکی پەکخەر»یان دروست کردووە و خەریکە بەم میکانیزمە عێراق بەرەو پاشاگەردانییەکی نەبینراو دەبەن،

**سەرۆک وەزیرانی کوردستان بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە هێرشانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە «پلاتفۆرمی داڤۆس»ەوە بە جیهانی ڕاگەیاند، ئەمە پێویستی بە هەوڵێکی سەرتاپاگیری هەمەلایەنەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنانەت ئەمریکا و ئەو دەوڵەتانەش هەیە کە بەرژەوەندییان لەم ناوچەیە هەیە و مەبەستیانە ڕێز لە سەروەریی عێراق بگرن**

**هەرێمی کوردستان لە ناو دەوڵەتی عێراقدا یەکێکە لەو ناوچانەی بەردەوام بە هۆی بڕیارە هەڵەکانی حکومەتی بەغدا و نەبوونی سەربەخۆیی لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا، کەوتووەتە ژێر گوشار و هەڕەشەی ڕۆکێتبارانی دەوڵەتانی دراوسێی و چەکدارە لە یاسا دەرچووەکانی ناو عێراق**

لە سەرووی ئەمانەشەوە هەر بە ڕێگەی بەناو دادگای فیدراڵی گوشارێکی گەورەیان لەسەر سێکتەری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دروست کردووە و، بەردەوامیش هەڕەشەی جۆراوجۆر ئاراستەی هەرێمەکە دەکەن، لە هەڵبژاردنی ئەم جارەی لوبنانیشدا دەنگدەران «زۆرینە»یان لە «حزبولڵا و هاوپەیمانەکانی» وەرگرتەوە و ئەمەش هەڕەشەیەکی دیکەیە کە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت، لوبنان بەرەو هەڵوەشانەوە ببات و دووبارە بگەڕێتەوە بۆ ناو گێژاوی ئاژاوە و پاشاگەردانی، سەبارەت بە سووریاش کە ئەویش بمانەوێت، یان نەمانەوێت، بەشێکە لەو سیاسەتەی کە لە تارانەوە ئاراستە دەکرێت، نیوەی دانیشتووانەکەی بوونەتە ئاوارە لە لوبنان و ئەردەن و هەرێمی کوردستان و، وەك ئەیمەن ئەلسەفەدی وەزیری دەرەوەی ئوردن لە پەنێڵەکە ئاماژەی پێ کرد، ٥٠٪ی ئاوارەکانی سووریا لە لوبنان و ئوردن تەمەنیان خوار ١٥ ساڵە و، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوانە وڵاتی خۆیان نەبینیوە و نازانن سووریا چییە، بۆیە دەبێت چارەسەرێکی بەپەلە بۆ گێڕانەوەی ئەو ئاوارانە بکرێت کە بارگرانییەکی گەورەی بەتایبەتی لەسەر لوبنان دروست کردووە، یانیش دەبێت زەمینە خۆش بکرێت بۆ ئەوەی گەلی سووریا خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و کێشەکانی چارەسەر بکات.

ئەوەی جێگەی مەترسیی گەورەیە و بووەتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەیە کە کاتێك هەوڵەکان بۆ دەستنیشانکردنی فاکتەرە ڕاستەقینەکانی ئەم کێشانە دەخرێنەگەڕ، تەنیا چارەسەر بۆ کۆی ئەم کێشانە ئەوەیە کە گەلی ئەو دەوڵەتانە خاوەنی بڕیاری سیاسیی خۆیان بن و خۆیان بڕیار لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان بدەن، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە، هێزێکی دەرەکی هەیە ڕێگە نادات گەلی ئەو وڵاتانە بڕیاری خۆیان بدەن، ئەمەش وای کردووە لە بری ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن، کێشەکان لەسەر یەك کەڵەکە دەبن و کێشەی دیکەی بۆ زیاد دەبێت.

## ● گرنگیی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لەوانەیە ئەو پرسیارە لە جێگەی خۆیدا بێت، ئەگەر بپرسین: بۆچی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی ئەم پەنێڵە گرنگەی کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس دەکرێت، بەڵام سەرۆك وەزیران، یان هەر نوێنەرێکی دیکەی دەوڵەتی عێراق بانگهێشت نەکراون؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوە نییە کە هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی عێراق گرنگترە، یان هەرێمی کوردستان بەشێك نییە لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، بەڵکو وەڵامە دروستەکە ئەوەیە کە لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، عێراق وەك دەوڵەت خۆی بووەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها بووەتە هەڕەشە بۆ ئاشتی و ئارامیی هەرێمی کوردستانیش کە هەرێمێکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت، کۆڕبەندێکی نێودەوڵەتی وەك «کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس» کە ساڵانە بۆ ئەوە گرێ دەدرێت، چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە جیهان بە دەستییەوە دەناڵێنێت، بانگهێشتی ئەو لایەنانە ناکات کە خۆیان سەرچاوەی هەڕەشە و کێشەکانن و ئامادەش نین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بگەڕێنەوە بۆ دەنگ و دەسەڵاتی گەلەکانیان.

سەبارەت بە ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ئەو ڕۆکێتانەی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ئاراستەی هەولێر کران، ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا: «ئێوە چۆن سەیری ئەو هەڕەشەیانە دەکەن؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بەڕێز مسرور بارزانی ئاماژەی بەوە کرد «پێویستە کاتێك باسی ئاسایشی نیشتمانی دەکەین، لەسەر ئاسایشی هەرێمیش هەڵوەستە بکەین. زۆر جاران لە هەندێك پرسدا بەدحاڵیبوون هەیە و، هەروەها خواست و ویستیش بۆ دەستتێوەردان لەلایەن ئێرانەوە بۆ کاروباری ناوخۆی عێراق هەیە»، لەم دەروازەیەوە سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی

**هەرێمی کوردستان کە بە دووڕگەیەکی سەقامگیر و پڕ لە ئاشتی لەم دەریا شڵەژاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە، ئێستا بە هۆی شکستی حوکمڕانی و دەستتێوەردانی دەرەکی لە بڕیاری سیاسیی عێراقدا، خەریکە ئاشتی و سەقامگیرییەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە**

**سەرچاوەی هەڕەشەکان لەو وڵاتانەوە سەرچاوە دەگرن کە ئێران ناوی لێناوە «هیلالی شیعی» ئەمەش لە تارانەوە درێژ دەبێتەوە بۆ عێراق و سووریا و لوبنان**

**لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، عێراق وەك دەوڵەت خۆی بووەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها بووەتە هەڕەشە بۆ ئاشتی و ئارامیی هەرێمی کوردستانیش کە هەرێمێکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا**

پار (٢٠٢١) کرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە خەڵکی عێراق دەنگیان دا، بۆ ئەوەی بزانن چ حکومەتێك پێکدەهێنن، بەڵام لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن کە هاوپەیمانییەکیان لەنێوان کورد و سوننە و تەیاری سەدر پێکهێنابوو، نەیانتوانی حکومەت پێکبهێنن، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە داگای عێراقی بڕیارێکی دەرکرد، بەوەی ئەگەر دوو لەسەر سێی پەرلەمانتاران ئامادە، نەبن ئەوا ناکرێت حکومەت پێکبهێنرێت، کە ئەمەش دیاردەیەکی نامۆیە و بۆ ئاستەنگ دروستکردنە بۆ ئەوەی نەتوانرێت حکومەت پێکبهێنرێت.

ئەو گوشار و ئاستەنگانەی بۆ پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دروست دەکرێن، هەروەها ئەو ڕۆکێتانەش کە لە ئێرانەوە ئاراستەی هەولێر کران، بەداخەوە هەموویان ناردنی نامەی گوشار و هەڕەشە و دەستتێوەردانن لە کاروباری ناوخۆی عێراقن، هەر بۆیە سەرۆك وەزیرانی کوردستان بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە هێرشانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە «پلاتفۆرمی داڤۆس»ـەوە بە جیهانی ڕاگەیاند، ئەمە پێویستی بە هەوڵێکی سەرتاپاگیری هەمەلایەنەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنانەت ئەمریکا و ئەو دەوڵەتانەش هەیە کە بەرژەوەندییان لەم ناوچەیە هەیە و مەبەستیانە ڕێز لە سەروەریی عێراق بگرن، هەروەها چارەسەری کێشەکانی عێراق پێویستی بە سەربەخۆیی لە بڕیاردانی سیاسی هەیە و، دەبێت سنووریك بۆ هەر دەستتێوەردانێکی دەرەکی دابنرێت و سنوورێك بۆ هێرشی ڕۆکێتی و شەڕی بەوەکالەت دابنرێت.

لایەنێکی دیکەی ئەو هەڕەشانەی بە ڕێگەی دادگای بەناو فیدراڵی و هێرشی چەکدارە لە یاسا دەرچووەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکرێن، پەیوەستە بە ئاسایشی وزە، کە بێگومان ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان بەشێك لە ئاسایشی نیشتمانیی عێراق و هەرێمی کوردستانیشە، سەبارەت بەم لایەنە ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر خاڵێکی گرنگ و جەختی لەوە کردەوە کە ئەو هۆکارانەیە دەبنە هۆی هەموو ئەو کێشانە لە عێراقدا هەیە، نە خودی کێشەکە، بۆ ئەمەش ئاماژەی بەوە کرد، کاتێك باسی هەر کێشەیەکی عێراق دەکەین، هەر لە دەستتێوەردانەکان و پاشانیش سەرهەڵدانی ئەلقاعیدە و داعش، هەموویان دەرەنجامی ئەو بڕیارە سیاسییە هەڵانەن کە پاشان چەندین کێشە سەرهەڵدەدەن، ئەو کێشەیەشی ئەمڕۆ ئێمە بە دەستیەوە دەناڵێنن، یەکێکە لەو کێشانەی بە هۆی بڕیاری سیاسیی هەڵە و فەراموشکردن و پێشێلکردنی دەستوورەوە هاتوونەتەئاراوە و بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە «هەژاری و نادادپەروەری و نایەکسانی»ی لێ بکەوێتەوە، بۆیە ئەگەر باس لەوە بکەین، ئایا عێراق خاوەنی سەروەرییە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، ئەوا واقیعی سیاسیی ئێستای عێراق ڕاشکاوانە ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە عێراق لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا سەربەخۆیی هەبێت.

دیارە وەك سەرۆك وەزیرانی کوردستانیش ئاماژەی پێ کرد، ئێستا کێشەیەك لە نێوان بەغدا و هەولێر لەسەر پرسی نەوت دروست بووە، ئەم کێشەیەش لەگەڵ دەرەنجامی ئەو بڕیارە بەسیاسیکراوەی بەناو دادگای فیدراڵییە، بەڵام کێشەیەکە و بوونی هەیە و دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. لەسەر شێوازی مامەڵەکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بڕیارە بەسیاسیکراوەکەی دادگای فیدراڵی، بۆچوونی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبووان بەمجۆرە بوو: «هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕەنگدانەوەی کۆی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانە، بڕیارەکەی بەناو دادگای فیدراڵی عێراق دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، لەلایەن هەر چوار دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان (سەرۆکایەتیی هەرێم، دەسەڵاتی دادوەری، پەرلەمان، حکومەت» بە بڕیارێکی سیاسی لە قەڵەم دراوە و ڕەت کراوەتەوە، ئەمەش واتە ئەم بڕیارە سیاسییە و دەستووری نییە و سەرەنجامیش ئێمە ئەو بڕیارە قبووڵ ناکەین کە مافە دەستوورییەکانمان پێشێل دەکات، بە نیسبەت ئێمەشەوە دەستورەکەمان لە سەرووی هەر بڕیارێکی دیکەوەیە».


**کۆڕبەندێکی نێودەوڵەتی وەك «کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس» کە ساڵانە بۆ ئەوە گرێ دەدرێت، چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە جیهان بە دەستیەوە دەناڵێنێت، بانگهێشتی ئەو لایەنانە ناکات کە خۆیان سەرچاوەی هەڕەشە و کێشەکانن و ئامادەش نین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بگەڕێنەوە بۆ دەنگ و دەسەڵاتی گەلەکانیان**


**ئەو گوشار و ئاستەنگانەی بۆ پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دروست دەکرێن، هەروەها ئەو ڕۆکێتانەش کە لە ئێرانەوە ئاراستەی هەولێر کران، بەداخەوە هەموویان ناردنی نامەی گوشار و هەڕەشە و دەستتێوەردانن لە کاروباری ناوخۆی عێراقن**

**ئەگەر باس لەوە بکەین، ئایا عێراق خاوەنی سەروەرییە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، ئەوا واقیعی سیاسیی ئێستای عێراق ڕاشکاوانە ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە عێراق لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا سەربەخۆیی هەبێت**



# گرنگی و کاریگەریی بەشداریی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی داڤۆس بۆ ئاسایشی نەتەوەییمان





**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی
**بۆ گوڵانی نووسیوە**

دیداری داڤۆس یەکێکە لە دیدارە هەرە گرنگەکانی جیهان بۆ کاروباری ئابووری، شان بە شانی دیدارەکانی میونشن و ئەوانەی لە دەوڵەتانی کەنداو و جیهان دەکرێن بۆ ئابووری و ئاسایشی جیهان، لەم دیدارەی ئەم جارەی ساڵی ٢٠٢٢ نزیکەی (٨) تەوەری گرنك باس کران، لەوانە: قەیرانی ئۆکرانیا، ئاسایشی وزە، کێشەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوا، ئاسایشی خۆراك، ئاسایشی پەیوەست بە کاروباری کۆچبەران و پەناهەندەیی، جگە لەوە باس لە بۆچوونەکانی ڕووسیا و چین و ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا کرا، کە زلهێزن و کاریگەرییان لەسەر ئابووری و ئاشتیی جیهانی و نێودەوڵەتی هەیە.

> **بەشداریکردنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت لە کۆڕبەندی داڤۆس و دیدارەکان و کۆنگرە ڕۆژنامەگەرییەکە و وتەکانی لە پانێڵەکە، هەوڵدانە بۆ ئەوەی زیاتر فۆکسی جیهان لەسەر هەرێمی کوردستان بێت**

لە ڕاستیدا بەشداریکردنی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم کۆڕبەندەدا خۆی لە خاڵێك دەبینێتەوە ئەویش کۆڕبەندەکە لە بارودۆخێکی ئاڵۆز لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە دەبەسترێت، هەروەها ڕێژەی بەشداربوونی داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی لەم کۆڕبەندەدا بەڵگەی ئەوەیە کە کاریگەری و گرنگیی هەیە، بەڕێزیان لە دیدارەکانیدا لەگەڵ زۆرینەی بەشداربووان، وەك داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی بە تایبەتی لە کەنداو و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و زۆر لە بەرپرسانی ئابووری و سیاسی و دەرەوە و دیپلۆماسیی جیهانی گرنگیی خۆیان هەبوو، جگە لەمەش پانێڵەکەی بەڕێزیان کە باسی لە بنیاتنانی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دیدێکی نوێ کرد، لێرەدا بە پێویستی دەزانین بە فراوانییەکی دیکە باس لە تەوەرەکان بکەین:

> **ڕووسیا لە مەیداندا تووشی جەنگێکی سەخت بووە لە ڕووی سەربازییەوە، جگە لەوەی تووشی جەنگێکی دیکەش بووە لەگەڵ ڕۆژئاوا کە لایەنی دیپلۆماسی و ئابووری و میلیتارییە**

ئەگەر باسی وزە بکەین، دەبینین ئەمە کێشەیەکە لە نێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەر و بەکاربەری وزەدا و ڕەنگە یەکێك لە ململانێکانی داهاتوو بریتی بێت لە وزە، ئەم چەمکە ئیشکالییەتی هەیە و لەم ڕوانگەوە دەبێت بگەڕێین بە دوای دیپلۆماسییەتی وزەدا، زیاتر دیالۆگ بکرێت و سەرچاوەکانی وزە فرەچەشن بکرێن، دڵنیایی ئەوەش هەبێت کە وزە بە بەردەوامی دەڕوات، بۆیە ئەمە جۆرە مەترسییەکی تێدایە بۆ مەسەلە ئەمنییەکان، لەبەر ئەوە پێویست بە سیستم و هاوکاری و جەمسەربەندی وهاوپەیمانێتییەکی ئەمنی دەکات لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە.

> **زۆر لە بۆچوونەکان وێنەیەک بۆ قەیرانی ئۆکرانیا دەکێشن کە ململانێی ورچی ڕووسی لەگەڵ هەڵۆی ئۆکرانییە کە هەردووکیان ئاژەڵ و دڕەندەی مەترسیدارن**

**هێنری کیسنجەر کە یەکێکە لە داڕێژەران و پسپۆڕانی ئاسایشی نەتەوەیی و ستراتیژی و جەنگ، ئاماژە بەوە دەکات کە پارچەیەک لە ئۆکرانیا بە ڕووسیا بدرێت**

ئەگەر باسی مەسەلەی دووەم بکەین، قەیرانی ئۆکرانیا، ڕووسیا لە مەیداندا تووشی جەنگێکی سەخت بووە لە ڕووی سەربازییەوە، جگە لەوەی تووشی جەنگێکی دیکەش بووە لەگەڵ ڕۆژئاوا کە لایەنی دیپلۆماسی و ئابووری و میلیتارییە، بۆیە ئەم ململانێ چەکدارییە کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر ئایندەی ئۆکرانیا، بۆچوونەکان بەو ئاراستەیەن کە ئەم وڵاتە پارچە پارچە دەبێت، بەتایبەتی کە وڵاتێکی فرە ڕەگەزییە، خوێندنەوەی گۆڕانکارییەکانی ئەم وڵاتە لە سی ساڵی ڕابردوودا ئاماژە بەوە دەکات کە چینی ئۆلیگاشی هاتە کایەوە، کە لە ئەنجامدا شۆڕشی پرتەقاڵی ڕووبەڕوویان بووەوە، تا ڕادەیەك سیاسەت لەم دەوڵەتەدا سەرنەکەوت، جگە لەوە ڕەوتی ڕاستڕەوی و ڕەگەزپەرستی هاتە کایەوە، ئەوانەی پێیان دەگوترێت نازییەکان، یان فاشییەکانی ئۆکرانی، هەروەها مەترسیی پێکدادانی ناوخۆییش هەیە لەم وڵاتەدا و ڕەشبینی لە ئایندەی ئەم وڵاتەدا بەدی دەکرێت، ئەو ململانێیەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕووسیادا، چ لەسەر بەرژەوەندییەکانیان، یان وڵاتەکە بەرەو پارچەپارچەبوون ببەن، زۆر لە بۆچوونەکان وێنەیەك بۆ قەیرانی ئۆکرانیا دەکێشن کە ململانێی ورچی ڕووسی لەگەڵ هەڵۆی ئۆکرانییە کە هەردووکیان ئاژەڵ و دڕندەی مەترسیدارن، بۆچوونەکان بۆ ئەوە دەچن کە هەردوولا ماندوو دەبن و لە کۆتاییدا دەگەنە چارەسەرێك بۆ مەسەلەکە، هێنری کیسنجەریش کە یەکێکە لە داڕێژەران و پسپۆڕانی ئاسایشی نەتەوەیی و ستراتیژی و جەنگ، ئاماژە بەوە دەکات کە پارچەیەك لە ئۆکرانیا بدرێتە ڕووسیا، کە وای بۆ دەچێت ئۆکرانیای دوای جەنگ وەك ئۆکرانیا پێش جەنگ نابێت.

ئەگەر باسی تەوەری سێیەم بکەین لەم کۆڕبەندە کە کێشەی کەشوهەوایە، گرنگە ئاماژە بە ڕاپۆرتی کۆمەڵگەی هەواڵگریی ئەمریکا لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢١ بکەین، کە گۆڕانکاریی کەشوهەوا پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەوە، ئەم گۆڕانکارییە وا دەکات لە داهاتوودا ململانێی نێودەوڵەتی سەرهەڵ بدات، دەوڵەتە پاشکەوتووەکان کێشەیان زۆر بێت، ئەم ئەندازەی جیۆلۆجییە کە لە داهاتوودا بەکار دەهێنرێت، کاریگەریی نێگەتیڤی هەیە، تەنانەت دە دەوڵەت پاڵێوراون بۆ کێشەکان، چونکە دەرئەنجامی ئەم ئاڵوگۆڕە لە کەشوهەوا کاریگەریی لەسەر خۆراك و وزە و تەندروستی هەیە و، وا دەکات شەپۆلەکانی کۆچ دەست پێ بکەن و ناوچەی جەمسەر کاریگەریی لەسەر هەیە، تەنانەت دەوڵەتانی خاوەن نەوت و پترۆڵ دەکەونە ژێر ئەم کاریگەرییەوە، ئەو دەوڵەتانەی پاڵێوراون بە پلەی یەکەم عێراق دوای ئەو، ئەفغانستان و میانمار و هیندستان و پاکستان و کۆریای باکوور و گواتیمالا و هاییتی و هیندۆراس و نیکاراگوا و کۆلۆمبیا و ناوچەی ناوەندی ئەفریقیا و وڵاتانی دەریای ناوەڕاست و زەریای هێمن تووشی ئەم کێشەیە دەبن، ئەمەش هەر سێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین دەگرێتەوە، کێشەکانی خۆراك و ئاو و وزە و چاودێریی تەندروستی سەرهەڵدەدەن، ئەمەش کاردەکاتە سەر سەقامگیریی ناوخۆ و ژێرخانی ئابووری، هەروەها ململانێی جیۆسیاسی دەست پێ دەکات، کێشەکانی ئاسایشی تەندروستی دێنە ئاراوە، کە دواجار کاردەکاتە سەر ئاسایشی جیهانی، ئەو ڕاپۆرتە لە کۆمەڵگەی هەواڵگریی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکاوە هاتووە، ئەم ئەنجومەنەش بریتییە لە (١٨) دەزگای هەواڵگری، کە ئەم ڕاپۆرتە پێشتر نهێنی بوو، بەڵام بایدن بڕیاری دا ئاشکرا بکرێت.

**لە جیهانی ئەمڕۆدا نزیکەی یەک ملیار مرۆڤ لە (٨٧) دەوڵەت تووشی کێشەی بەدخۆراکی بوون و دەبێ پەیوەندیی نێوان دانیشتووان و خۆراکیش چارەسەر بکرێت**

کێشەیەکی دیکە کە لە کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس باسی لێوە کرا، کێشەی ئاسایشی خۆراکە، کە ڕەوشی هەندێ دەوڵەت لە خۆراکدا باشە و هەندێکی دیکە خراپن، ئەمەش پەیوەستە بە سیاسەتی کشتوکاڵ، هەروەها بەو بابەتانەی پێویستن بۆ خۆراك، لە جیهانی ئەمڕۆدا نزیکەی یەك ملیار مرۆڤ لە (٨٧) دەوڵەت تووشی کێشەی بەدخۆراکی بوون و دەبێ پەیوەندیی نێوان دانیشتووان و خۆراکیش چارەسەر بکرێت.

**هەرێمی کوردستان پێگەیەکی جیۆئابووری و جیۆستراتیژی و جیۆسیاسی هەیە و لە ناوچەیەکدایە کە کێشە و ململانێی زۆر و ئاڵۆزی تێدایە**

تەوەرێکی دیکە ئاسایشی تەندروستیی جیهان تووشی جەنگێکی بایۆلۆجی ڤایرۆسی بووە، کە خۆی لە نەخۆشییەکانی دوای کۆرۆنا دەبینێتەوە، ئەوانەی ئێستا بڵاو بوونەتەوە، لەم کۆڕبەندەدا باس لە ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لەم ڕووەوە کرا.

مەسەلەی کۆچکردن و بە سیستماتکردن، یان بە

دامەزراوەییکردنی کۆچکردن، کێشەیەکی گرنگە ئەگەر بزانین ٤٪ی کۆی دانیشتووانی جیهان تووشی ئەم دیاردەیە بوون، ئەمانە گرنگترین تەوەرەکانن، لەوانەیە باس لە هەڵوێستی رووسیا لەم مەسەلەیە بکەن، چونکە رووسیا تووشی دۆخێکی دیپلۆماسی و سەربازی و ئابووری بووە، هەر بۆیە نەیویست لەم کۆڕبەندەدا رووبەڕووی رۆژئاوا ببێتەوە، چونکە بەرژەوندیی نەتەوەیی خۆی هەیە، جگە لە خوێندنەوەی تایبەتیی خۆی بۆ ناوخۆ و دەرەوە، چینیش خوێندنەوەی خۆی هەیە، کێشەکانی زۆرن، سیاسەتەکانی بەرانبەر بە رووسیا و ژاپۆن و یەکێتیی ئەورووپا و ئەمریکا و کێشەکانی مافی مرۆڤ و گیروگرفتەکانی تایوان و بازرگانیی نێودەوڵەتی و ئەمنی لە ئاسیا و فرۆشتنی چەك.

تەوەری چین- رووسیا- ئێران گرنگە، ئەم تەوەرە لە کۆڕبەندەکە باس کراوە، یەکێتیی ئەورووپاش زیاتر جەخت لەسەر مەسەلەی ئۆکرانیا دەکات، چونکە دەرهاویشتەکانی ئەورووپی و ئەمریکی و ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی و نێودەوڵەتین، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر جەخت دەکاتە سەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین کە وەك بلیمەتێکی ئابووری لە ئارادایە، رۆڵی جیۆستراتیژی لە مەسەلەکەدا هەیە، بایەخیش زۆر بە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا دەدات.

بەشداریکردنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت لە کۆڕبەندی داڤۆس و دیدارەکان و کۆنگرە رۆژنامەگەرییەکە و وتەکانی لە پانێلەکە، هەوڵدانە بۆ ئەوەی زیاتر فۆکسی جیهان لەسەر هەرێمی کوردستان بێت، بەتایبەتی کە دەزانین هەرێمی کوردستان پێگەیەکی جیۆئابووری و جیۆستراتیژی و جیۆسیاسی هەیە و لە ناوچەیەکدایە کە کێشەو ململانێی زۆرو ئاڵۆزی تێدایە (عێراق و سووریا و تورکیا و ئێران و کەنداو) و دەوڵەتانی دیکە، لەم هەلومەرجەدا هەرێمی کوردستان جۆرە سەقامگیرییەك بەخۆیەوە دەبینێت، راستە مەترسیی نێوخۆیی هەیە لە مەسەلەی رێکخستنەوەی نێوماڵ و جیاوازی و ناکۆکیی نێوان حزبە سیاسییەکان لەسەر جۆری کێشەکان و لەگەڵ عێراق، بەڵام ئێستا هەوڵ و تەقەلای سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ چارەسەرکردنیان و کۆبوونەوەکانیش دەستیان پێ کردووە، مەترسییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان پەیوەستن بە دەستتێوەردانی هەرێمی، هەرێمی کوردستان دەیەوێت لەم ناوەندەدا بە سیاسەتێکی ئابووری و دیپلۆماسییەتێکی ژیرانە کار بکات، ئەویش هاندانی وەبەرهێنانە بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کە دەزانین هەرێم خۆی لە خۆیدا ژمارەیەکی دیارە لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی.

بە رای من دوای گەڕانەوەی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێ ئەم دۆسیێیانە بە وردی و بایەخەوە دیراسەت بکرێن و بدرێنە وەزارەتی پەیوەندیدار و ئەوانەی نزیکن لە دارێژەری بریاری سیاسی، راسپاردە و ئەنجامەکان و دکیۆمێنتەکان رادەستیان بکرێت، تەنانەت سەنتەرەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی و زانکۆکان بەشدارییان پێ بکرێت، نەك هەر ئەمە، بەڵکو هی میونشن و ئەوانەیشی لە دەوڵەتانی کەنداو کراون، تاکو ماندووبوون و ئامادەیی دیپلۆماسیی بەڕێز سەرۆکی حکومەت شوێنی خۆی بگرێت، چونکە بەڕێزیان جۆرە کاریزمایەکی سیاسییان نواند لە بەشداریکردن و چالاکییەکانیدا، هەروەها لە قورسایی ئەو جانتا دیپلۆماسییەی کە بەڕێزیان بۆ ئەم دیدارە هەڵی گرتبوو، ئێستا ئێمە بەرەو قۆناغێکی دیکە دەچین لە ناوچەکە و جیهاندا، لە دەرئەنجامی ئەم بەشداربوونە دیپلۆماسییانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و شاندی یاوەری لەم دیدارانەدا کە کاریگەرییان نەك هەر بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو بۆ سەر ناوچەکە و جیهان هەیە، بۆیە ئەم بەشداریکردنە خۆی لەو خاڵانەدا دەبینێتەوە کە ئاماژەم پێ کردن، کاریگەریشیان دەبێت و رەنگە مەسەلەکە کاتیش بێت، واتە پێویستی بە نەختێك کات هەبێت، ئێمە زیاتر لە رووی دیپلۆماسییەوە ئەکتیڤتر بین، چونکە سێ بنەمای سەرەکی هەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەییمان، بنەمای دیپلۆماسییەت و ئابووری و هێز، لە بنەمای هێز و دیپلۆماسییەتدا کار دەکرێت، ئەم دۆسیێیە لە دەستی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، کە بەرنامەی کابینەکەی خۆی هەیە بۆ ئەم چوار ساڵە، کە لەوانەیە لە داهاتووشدا بەرنامەکە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان درێژخایەن بێت.

**راستە مەترسیی نێوخۆیی هەیە لە مەسەلەی رێکخستنەوەی نێوماڵ و جیاوازی و ناکۆکیی نێوان حزبە سیاسییەکان لەسەر جۆری کێشەکان و لەگەڵ عێراق، بەڵام ئێستا هەوڵ و تەقەلای سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ چارەسەرکردنیان و کۆبوونەوەکانیش دەستیان پێ کردووە**

**دوای گەڕانەوەی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێ ئەم دۆسیێیانە بە وردی و بایەخەوە دیراسەت بکرێن و بدرێنە وەزارەتی پەیوەندیدار و ئەوانەی نزیکن لە دارێژەری بریاری سیاسی**

**ئێستا ئێمە بەرەو قۆناغێکی دیکە دەچین لە ناوچەکە و جیهاندا و ئەم بەشداربوونە دیپلۆماسییانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و شاندی یاوەری لەو دیدارانەدا کاریگەرییان نەک هەر بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو بۆ سەر ناوچەکە و جیهان هەیە**



**دکتۆر جووتیار عادل**

**وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:**

# هەوڵەکانمان بەردەوامن بۆ گەڕاندنەوەی داهاتی نانەوتی و دابینکردنی بیمە و چاودێریی تەندروستی

**کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و میکانیزمی دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران و ئامادەکارییەکان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی و چەند پرسێکی دیکە، تەوەری سەرەکیی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ دکتۆر جووتیار عادل وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** ئەو کێشە گەورەیەی لەسەر مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە هەبوو، دوای کۆبوونەوەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەر دوو پارێزگاری سلێمانی و هەڵەبجە و هەر دوو ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین و گەرمیان چارەسەر کرا و، ئەم مانگە ئەو کێشەیە نەما، ئایا چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر کرا؟**

- لە کۆبوونەوەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێزان هەر دوو پارێزگاری سلێمانی و هەڵەبجە و هەر دوو سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین، بە وردی تاوتوێی هەموو ئەو ڕێکارانە کرا کە ڕێگرە لە بەردەم دووبارەبوونەوەی ئەم کێشەیە و پاراستنی بەرژەوەندیی خەڵکی ئەم دەڤەرەن، هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی ئەم دەڤەرەش بۆ ئێستا ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ کێشەی کۆکردنەوەی داهاتەکان و جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی حکومەت لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە، بۆیە پێویستە بەرپرسانی حکومەت لەم دەڤەرەدا زیاتر پابەندی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت بن، تا ئەو داهاتە ناوخۆییەی کە لە ناوچەکەدا هەیە، بە شێوەیەکی ڕێکوپێك کۆبکرێتەوە و بۆ خزمەتی خەڵکی ناوچەکە تەرخان بکرێت.

*** ئایا لە هەوڵەکانی کۆکردنەوەی داهاتی نانەوتی تا چەند سەرکەوتوو بوون؟**

- پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکە بە پێویستی دەزانم باسی ئەو سێ داهاتە بکەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتی پێ دەبەستێت، ئەویش داهاتی نەوتی و داهاتی نانەوتی و ٢٠٠ ملیار دینارەکەی پشکی هەرێمی کوردستانە کە حکومەتی عێراق دەینێرێت، لە ئێستادا داهاتی نەوتی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و شەفاف دیارە و بڵاو دەکرێتەوە، ئەوەی دەمێنێت داهاتی نانەوتییە، لەمەشدا هەوڵی زۆرمان داوە بۆ ئەوەی ئەم داهاتە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك کۆبکرێتەوە، بە شێوەیەك لەگەڵ یاساکاندا بگونجێت، ئومێدمان زۆرە کە لە چوارچێوەی پرۆسەی گەیاندنی داهاتی نانەوتی بۆ گەنجینەی حکومەت سەرکەوتوو بین و لە خزمەتی هاووڵاتیان بین و بۆ مووچەخۆران تەرخان بکرێت.

*** یەکێك لەو مەترسییانەی مەزندەی بۆ کراوە کە لە یەك دوو مانگی داهاتوودا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، دیاردەی وشکەساڵی و مەترسیی کەمیی ئاوی خواردنەوە بۆ هاووڵاتیان دەبێت، بە شێوەیەکی گشتی حکومەتی هەرێم پلانی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە چییە؟**

- ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان وەزارەتەکانی ڕاسپاردووە تا بە زوویی ئامادەکاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتانە بکەن، کە لە دوو مانگی داهاتوودا دێتە بەردەمیان، بەتایبەتی لە بواری وشکەساڵی و ئەگەری کەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوە و، هەموو ئەو مەترسی و گرفتانەی کە ئەگەری هەیە تووشی ببین

**هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی ئەم دەڤەرەش بۆ ئێستا ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ کێشەی کۆکردنەوەی داهاتەکان و جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی حکومەت لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە**

**لە ئێستادا داهاتی نەوتی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و شەفاف دیارە و بڵاو دەکرێتەوە، ئەوەی دەمێنێت داهاتی نانەوتییە، لەمەشدا هەوڵی زۆرمان داوە بۆ ئەوەی ئەم داهاتە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کۆبکرێتەوە**

**ئامادەکاری کراوە بۆ کۆنترۆڵکردنی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئاوی خواردنەوە و کارەبا، بەتایبەتی ئەوەی پێی دەگوترێت هوشیارکردنەوەی هاووڵاتیان**

**هاووڵاتیان دڵنیا دەکەمەوە کە بە هاوکاریی و پاڵپشتی ئەوان ئەنجومەنی وەزیران شوێنەوارەکانی کەمئاوی کەم دەکاتەوە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری کردووە لە سەر ئەو کاڵا و شمەکانەی کە بە پێداویستیی سەرەکیی هاووڵاتیان دادەنرێت، تاوەکو نرخەکانی بەرز نەکرێتەوە و لە خزمەتی خانەوادەی کەمدەرامەتدا بێت، بۆ ئەم مەبەستە باجمان لەسەر ئەو پێداویستییانە کەم کردووەتەوە**

**لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە و لە هەر وڵات و نەتەوەیەك بێت، ئەگەر بەڕێوەبردنێکی باشی ئاوی خواردنەوە نەکرێت، مومکین نییە بتوانرێت کۆنترۆڵی خراپ بەکارهێنانی ئاوی خواردنەوە بکرێت**

و، چۆنێتیی چارەسەرکردنی کە لە نزیکترین کاتدا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ئامادەی بکەن و گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا ئامادەکاری کراوە بۆ کۆنترۆڵکردنی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئاوی خواردنەوە و کارەبا، بەتایبەتی ئەوەی پێی دەگوترێت هوشیارکردنەوەی هاووڵاتیان و ئامادەکاریی ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی کشتوکاڵ و شارەوانی و کارەبا پلان و خۆئامادەکرنیان ڕاگەیاندووە بۆ ئەم مەترسییە، هەڵبەتە ئەم گرفتە لە چوارچێوەی گرفتێکی هەرێمیدا دێت و مەترسییەکی جددییە، بەڵام هەر وەکو چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتی و هاوکاریی هاووڵاتیانی دڵسۆز توانی بە سەر قەیرانی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی گەورەی بەهای نەوت و بڕینی بودجە و شەڕی داعشدا سەربکەوێت، بە هەمان شێوە هاووڵاتیان دڵنیا دەکەمەوە کە بە هاوکاریی و پاڵپشتی ئەوان ئەنجومەنی وەزیران شوێنەوارەکانی کەمئاوی کەم دەکاتەوە. یەکێك لە گرفتەکانی دیکە گرانبوونی نرخی خۆراك و پێداویستییە سەرەکییەکانە، کە بە هۆی شەڕی ڕووسیاو ئۆکرانیا و وشکەساڵییەوە سەری هەڵداوە، لەم پێناوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری کردووە لەسەر ئەو کاڵا و شمەکانەی کە بە پێداویستیی سەرەکیی هاووڵاتیان دادەنرێت، تاوەکو نرخەکانی بەرز نەکرێتەوە و لە خزمەتی خانەوادەی کەمدەرامەتدا بێت، بۆ ئەم مەبەستە باجمان لەسەر ئەو پێداویستییانە کەم کردووەتەوە.

*** هەولێر وەك پایتەختی هەرێم مەترسیی زیاتری کێشەی ئاوی خواردنەوەی دەبێت، ئایا بەرنامەتان بۆ پایتەخت چۆنە؟**

- هەولێر گەشە و فراوانییەکی زۆر خێرا بە خۆیەوە دەبینێت و چڕیی دانیشتووانی زۆر بووە، لەم حاڵەتەشدا پێداویستییەکانی زۆر بووە، ئێمە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەسەر دوو ئاستی پلانی هەنووکەیی و کورتخایەن و پلانی درێژخایەن کار دەکەین، ئەوەی پەیوەندی بە پلانی هەنووکەییەوە هەیە، ئێمە لە ڕێگەی بیری ئاوی خواردنەوە و ڕاکێشانی تۆڕی ئاوی خواردنەوە و دابینکردنی تۆڕی کارەبا بۆ بیرەکانی ئاوی خواردنەوەی نوێ، هەنگاوە پراکتیکییەکانمان لە ئێستاوە دەست پێ کردووە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە بودجەی تەرخان کرد، وەزارەتەکانی شارەوانی و کارەبا و کشتوکاڵ و پارێزگای هەولێر تیمی هاوبەشی کارکردنیان ئامادە کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە پێویستمان بە هەڵمەتێکی فراوانی ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆدانی ئاوی خواردنەوە هەیە، لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە و لە هەر وڵات و نەتەوەیەك بێت، ئەگەر بەڕێوەبردنێکی باشی ئاوی خواردنەوە نەکرێت، مومکین نییە بتوانرێت کۆنترۆڵی خراپ بەکارهێنانی ئاوی خواردنەوە بکرێت، ئەمە بابەتێکی ئایینی و هوشیارییە، خۆ ئەگەر حکومەت لە ڕووی کۆکردنەوەی ڕسووماتی ئاوی خواردنەوەوە نەتوانێت کۆنترۆڵی زیادمەسرەفی و خراپ بەکارهێنانی ئاو بکات، هەرگیز ناتوانرێت ئاوی خواردنەوەی ماڵان بە شێوەیەکی باش و دادپەروەرانە دابین بکات. چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوە و کارەبا و زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی دیکە پرۆسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە، جێگەی داخیشە زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵێکی زۆر باش ناگێڕن لە بواری بڵاوکردنەوەی هوشیاریی بەکارهێنانی ئاو و کارەبا، بەڵام ئێمە چ لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری چ لە ڕێگەی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن کە لە بەردەستماندایە، یان لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بێت، بە پێی یاسای ڕێکلامی بازرگانی و هوشیاری کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، بەرنامەی باشمان لەبەردەستدایە بۆ ڕێگرتن لە بەفیڕۆنەدانی ئاوی خواردنەوە و کارەبا و، بەم نزیکانە دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی ستراتیژی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وشکەساڵی لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمەش بەرنامەی هەیە چەندین بەنداوی گەورە دروست بکات، ئایا ئەم بەرنامەیە دەستی پێ کراوە و هەنگاوی پراکتیکی بۆ هەڵدەگیرێت؟**

- ماوەیەکە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر پرۆژەی ستراتیژی ئیفراز ٤

کردووە، ئەمە وێڕای ئەوەی ژمارەیەك لە پرۆژەی ستراتیژیی دیکەمان پەسەند کردووە، کە پەیوەستە بە دروستکردنی بەنداو و پلان و پرۆژەی باش، ژمارەیەکیش لەو بەنداوانە بە پراکتیکی خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە ماوەی سێ ساڵی ئەم کابینەیەدا بونیاتنانی نزیکەی ١٣ بەنداو دەست بەکاربووە، کە ڕۆڵی گەورەیان لەسەر کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی کەمئاوی دەبێت.

*** مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی ٥،٥ ملیۆن دۆلاری بۆ چارەسەرکردنی ١٠٠ نەخۆشی تالاسیما تەرخان کرد، ئایا هەنگاوەکانی حکومەت بۆ باشترکردنی کەرتی تەندروستی چۆن دەبێت؟**

- تەرخانکردنی ٥،٥ ملیۆن دۆلار بۆ چارەسەرکردنی ١٠٠ نەخۆشی تالاسیما لە لایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەم چوارچێوەیەدا دێت، لە ئێستادا بە هەماهەنگی و هاوکاریی تیمێکی بیانی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی کار بۆ دابینکردنی بیمە و چاودێریی تەندروستیی هاووڵاتیان دەکەین، تا بە هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان ئاستی تەندروستی و خزمەتکردنی هاووڵاتیان بەرز بکەینەوە.

*** لە ماوەی ڕابردوودا جارێکی دیکە تەنگژە لە نێوان هێزەکانی یەبەشە و سوپای عێراق لە شنگال دووبارە بووەوە، پرسیار ئەوەیە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق ڕێککەوتنی شنگالیان ئیمزا کردووە، بۆچی کێشەی شنگال کۆتایی نایەت ؟**

- ئەگەر ئیرادەیەکی ڕاستەقینە هەبێت بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، ئەوا چارەسەری کێشەکە دەکرێت، ئەم بابەتە بە سیاسی کرا و دەستێوەردانی دەرەکیی تێدا کراوە، بەدەر لە ویستی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە درێژە بە ناسەقامگیری و بە چەکدارکردنی ناوچەکە دەدرێت لە لایەن چەندین گرووپی چەکداری بیانی و نامۆ بە ناوچەکە، بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتە لە لایەن نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەکە کراوە، تا ڕێککەوتنامەی شنگال جێبەجێ نەکرێت، دۆخی ئەو دەڤەرە ئاسایی نابێتەوە و ئازار و مەینەتیی برایانی کوردی ئێزدی درێژە دەکێشێت.

*** کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی زۆرن، ئایا دانوستاندنەکانتان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانتان گەیشتووەتە کوێ ؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەر بووە بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی داهات و خەرجییەکانی حکومەت هەنگاوی باش نراوە و، هەموو داهاتەکان بە شەفافی خراونەتە ڕوو، ئێمە ڕامانگەیاندووە ئامادەین لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی دادپەروەرانە و بە پشتبەستن بە پرەنسیپەکانی دەستوور، چارەسەری سەرجەم کێشەکان بکەین، جێگەی داخە ئێستا وەزارەتی نەوت و دادگای فیدراڵیی عێراق ڕەفتارێکی وایان کردووە کە لە مەسەلەی پێکەوەژیان و شەراکەت و پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی دەستوورەوە زۆر دوورە، بۆیە ئێمە بڕیارەکەی دادگا ڕەت دەکەینەوە و جێبەجێی ناکەین، پێویستە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی نێوانمان بگەڕێینەوە بۆ دەستوور، نەک تەنیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەوت و غاز، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خاك و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور .

*** هەواڵێکی دڵخۆشکەر بۆ جووتیاران بڵاو بووەتەوە، بەوەی حکومەت گەنمەکانیان لێ دەکڕێتەوە و دەستبەجێ پارەکانیشیان پێ دەدرێت، ئایا بەرنامەی حکومەت بۆ کڕینەوەی گەنمی جووتیاران چۆنە؟**

- لە تەمەنی ئەم کابینەیەدا سێ سایلۆ لە هەرێمی کوردستان دروست کران، کڕینەوەی گەنمی جووتیاران و پێدانی پارەکە بە ڕاستەوخۆ، هەنگاوێکی گەورەی جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵێ ئەم سایلۆیانە و سایلۆکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کورستان لە توانایاندا هەیە بڕە گەنمێکی زۆر ئەمبار بکەن، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بەرەو خۆبژێوی لە بواری گەنمدا.

**ئەگەر حکومەت لە ڕووی کۆکردنەوەی ڕسووماتی ئاوی خواردنەوەوە نەتوانێت کۆنترۆڵی زیادەمسرەفی و خراپ بەکارهێنانی ئاو بکات، هەرگیز ناتوانرێت ئاوی خواردنەوەی ماڵان بە شێوەیەکی باش و دادپەروەرانە دابین بکات**

**زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵێکی زۆر باش ناگێڕن لە بواری بڵاوکردنەوەی هوشیاریی بەکارهێنانی ئاو و کارەبا**

**لە ماوەی سێ ساڵی ئەم کابینەیەدا بونیاتنانی نزیکەی ١٣ بەنداو دەست بەکاربووە، کە ڕۆڵی گەورەیان لەسەر کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی کەمئاوی دەبێت**

**کڕینەوەی گەنمی جووتیاران و پێدانی پارەکە بە ڕاستەوخۆ، هەنگاوێکی گەورەی جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو**

# بەنێودەوڵەتیکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا

## قۆناغێکی نوێی پاراستنی سەقامگیریی هەرێمی کوردستانە

بارودۆخی ناوچەکە و چەقبەستوویی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، وا دەخوازێت کورد بە یەکگرتوویی ڕووبەڕووی تەحەددییەکان ببێتەوە؛ لاوازیی حکومەتی عێراق و دەستتێوەردانە دەرەکییەکان و هەڵکشانی هێزی شۆڤێنی و مەزهەبی لەم وڵاتەدا هەردەم دۆخێکی وای خولقاندووە گرفت و کێشەکانی نێوماڵی شیعە و عێراق بە گشتی بۆ دەرەوەی بگوازنەوە و گۆڕەپانی عێراقی، سەرقاڵی دژایەتیکردنی کورد و ئەزموونەکەی بکەن. من هیچ پێم سەیر نییە هێرشکردنە سەر کورد بە ڕۆکێت و بە بڕیاری دادگای فیدراڵی و بە فشار و پاڵەپەستۆی وڵاتانی دراوسێ، ئەمە واقیعێکە لەگەڵ دروستبوونی بەزۆرەملێیی دەوڵەتی عێراقەوە دژی ئەم گەلە مەزڵوومە بەردەوامی هەیە، هیچ ئومێدێکیش لەو دیوی تونێلەکەوە دیار نییە و تا دێت بارودۆخی عێراق ئاڵۆزتر دەبێت. ڕاستە دواجار هەموو ئەم هێزانە دەبێت پێکەوە دانوستاندن و گفتوگۆ بکەن و بگەنە دەرئەنجام، بەڵام درێژبوونەوەی چەقبەستوویی بارودۆخی عێراق هەڕەشەیەکی مەترسییە ڕووبەڕووی هەمووان و هەرێمی کوردستانیش دەبێتەوە، ئەوەتا داعش لە خوارەوە و پەکەکە لە ناوخۆدا و لێکترازانی ناوماڵی کورد لەم لاوە هێز و دەسەڵاتی کورد لە عێراق و ناوچەکەدا لاواز دەکات، کورد لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك قەیران و تەحەددای جۆراوجۆر بووەتەوە، ئەوەتا دادگای فیدڕاڵ دژی نەوت و گازی سرووشتیی کوردستان بڕیار دەردات و وەزارەتی نەوتی عێراقیش بەردەوام لێدوان بە شێوەیەك دەدات، وەکو ئەوە وابێت هەرێمی کوردستان پارێزگایەکی سەر بە حکومەتی عێراق بێت، پەکەکە لە کون و قوژبنی ئەم وڵاتەدا دۆخەکەی قۆزتووەتەوە و بە دەستی دەرەکی گەڕای لە دژی بیری نەتەوەیی و سەقامگیری کوردستان دادەنێت. شەڕی داعش چووەتە قۆناغێکی نوێ و پێنتاگۆن-یش مەترسییەکانی نەشاردووەتەوە بەوەی داعش بە هۆی ناکۆکی نێوخۆ و چەقبەستوویی دۆخەکە نەك تەنیا لە بۆشایی ئەمنیی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقدا، بەڵکو لە ناوچەی فراوانی ئەنبار و فەلوجە و دیالە و تەواوی ناوچەی سوننەنشین کردەوە چەکدارییەکانی زیاتر کردووە.

لەم دواییەدا هەر دوو هەوڵی دەستپێشخەریی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ نزیککردنەوەی پارتی و یەکێتی و سەردانیکردنی لایەنە سیاسییەکان و کۆبوونەوەکەی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆك وەزیران لەگەڵ پارێزگارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەرین لەم چوارچێوەیەدا هات و هەوڵێکی چارەنووسسازە لە کات و ساتێکدا کە لە چەندین لاوە مەترسی بوونی هەیە و بە تەئکید چارەسەری بەشێك لە کێشەکان دەکات. جووڵانەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ڕوونکردنەوەی بارودۆخەکە و ئەسڵی کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق هەمووی هەوڵدانێکی ئیجابییە بەوەی بتوانین لەم قۆناغە هەستیار و قورسەدا تێپەڕ بین.

ئەم یەکگرتوویی و ستراتیژیەتە بۆ کورد لە عێراقدا زۆر پێویستە، چونکە لەم وڵاتەدا هیچ بنەمایەکی دیموکراتی و دامەزراوەیی و قەزائی دانەنراوە بۆ ئەوەی بتوانێت وڵاتێکی وا ئاڵۆز و فرە پێکهاتە و ئەو هەموو لایەنە سیاسی و ئایدیۆلۆژیا و نەتەوە و ئایین و ئایینزا و مەزهەبە ببات بەڕێوە، سوپای عێراقیش جگە لەوەی سوپایەکە کورد تێیدا بوونی نییە، هاوکات بەرەو سوپایەکی مەزهەبی دەچێت و لە دەرەوەی ئەم سوپایەش بە دەیان هێزی چەکداری مەزهەبی و نامۆ بوونیان هەیە، تەنانەت تەحەکوم بە سوپای عێراقیش دەکەن و بەردەوام هەڕەشەن لە بەردەم سەقامگیری و ئارامیی عێراقدا، هەر کاتێك باڵە سیاسییەکەیان کەوتە

**درێژبوونەوەی چەقبەستوویی بارودۆخی عێراق هەڕەشەیەکی مەترسییە ڕووبەڕووی هەمووان و هەرێمی کوردستانیش دەبێتەوە**

**داعش لە خوارەوە و پەکەکە لە ناوخۆدا و لێکترازانی ناوماڵی کورد لەم لاوە هێز و دەسەڵاتی کورد لە عێراق و ناوچەکەدا لاواز دەکات**

**پەکەکە لە کون و قوژبنی ئەم وڵاتەدا دۆخەکەی قۆزتووەتەوە و بە دەستی دەرەکی گەڕای لە دژی بیری نەتەوەیی و سەقامگیری کوردستان دادەنێت**



## دڵشاد میران

سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار
بۆ گوڵانی نووسیوە

مەترسییەوە، ڕاستەوخۆ بە چەکەوە دەڕژێنە سەر شەقامەکان و مانۆڕی چەکداری ئەنجام دەدەن. بوونی ئەمانە لەناو دەسەڵاتدا واتا بوونی ژیانی سیاسی و سەربازیی ئەوان، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نین لە دەسەڵات جودا ببنەوە، تەنانەت پێیان خۆش نییە هەرێمی کوردستان سەقامگیر و بەهێز و گەشاوە بێت، بەردەوام بۆیان بلوێت بە ڕۆکێت و کاتیوشا و بڕینی بودجە ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان دەبنەوە، ڕاستە ئەوان لە ڕووکەشیدا زۆر دژی ئەو هێز و حزبانەن کە لە ڕیفراندۆمدا کاریان بۆ سەربەخۆیی کردووە و بە هێزی پارێزەری گەلی کوردستان دادەنرێن، بەڵام ئەوان لە بنەڕەتدا دژی کوردن وەکو نەتەوە، هەموومان بینیمان چۆن قووت و بژێوی خەڵکی کوردستانیان بڕی و بینیمان کوردانی ئێزدی چۆن پەلامار دران و کۆمەڵکوژ کران.

هێزە چەکدارەکانی شیعە بە پاڵپشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەك کار بۆ لێکترازان و بێهێزبوونی ڕۆڵی کورد دەکەن لە عێراقدا، بەڵکو ئەوان کار بۆ لاوازکردنی سوننە بە گشتی دەکەن، ڕاستە ئەوان ئێستا لە نێوماڵی شیعە ناکۆکییان هەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا لەسەر لاوازکردنی سوننە و کورد یەکن و هەموویان لایەنگرییان بۆ ئێران هەیە، بەڵام بە ئاست و ڕێژەی جیاواز.

کورد لە قۆناغی داهاتوو دەبێت نێوماڵی خۆی یەك بخاتەوە و چاوەڕوانی تێکچوونی زیاتری دۆخی چەقبەستووی سیاسیی عێراق بێت و چیتر خەڵکی عێراق توانای چاوەڕوانی گۆڕانکاریی بارودۆخەکە و باشبوونی بژێوی ژیان و خزمەتگوزارییەکانی نەماوە. ڕاستە ئەوان بە گوللە و فیشەك و توندوتیژی ڕووبەڕووی خۆپیشاندانەکان بوونەوە و بە دەیان گەنجیان لێ شەهید کردن، بەڵام لە نێوخۆی شەقامی عێراقدا مادام ئەو داواکارییانەی خۆپیشاندانەکانی لێ کەوتەوە بوونیان ماوە و بگرە ئاڵۆزتر بووە، کەواتە نارەزایەتییەکان هەر بوونیان ماوە، لێرەدا داعش نارەزایەتی سوننەکان و ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق دەقۆزێتەوە و کردەوە چەکدارییەکانی زیاتر دەکات و، دوور نییە گورزی توندیش لە هێزی پێشمەرگە بدات لە ناوچەکانی پێشەوەی بەردەم بۆشایی ئەمنیی نێوان ئێمە و هێزە عێراقییەکان.

لە کۆتاجاردا هەر قەیرانێکی سیاسی و سەربازی و ئەمنی لە عێراق ڕوو بدات، بە ناڕاستەوخۆ و ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت. باسکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەناو هۆڵی ئاسایشی نێودەوڵەتی و لەسەر زمانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان شتێکی زۆر ئیجابی و باش بوو بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمە دەبێت ببێتە هاندەرێك بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان تاوەکو بە یەکگرتوویی ڕوو لە بەغدا بکەن و بە هیچ شێوەیەك سازش لەسەر مافە دەستووری و یاساییەکانی خەڵکی کوردستان نەکەن. ڕاستە ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتان کز و لاوازە و درێژخایەنە، زۆر جار لە چوارچێوەی ئامۆژگاری و داواکاریدایە، بەڵام زەمانەتێکی نێودەوڵەتی دەدات بە مەسەلەی کورد و هیچ نەبێت ڕێگا نادات دەستتێوەردان و فشارەکان قورستر بکرێن، تاوەکو کێشە ڕاستەقینەکە چارەسەر نەبێت، ئەویش کێشەی خاك و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و فیدراڵیەتی ڕاستەقینەیە لە عێراقدا، دواتر بابەتی نەوت و گاز و ئەرك و مافە داراییەکانی دیکەی پێشمەرگە و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئەنفال و چەندین بواری دیکە دێت، بەڵام دواجار عێراقی بە زۆر لێکنراو بە یەکەوە، جێگای کورد و کوردستانییانی تێدا نابێتەوە، چونکە گرفتە گەورەکە دەستتێوەردانی دەرەکی و بوونی هێز و فکری توندوتیژییە دژ بە کورد.

**جووڵانەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ڕوونکردنەوەی بارودۆخەکە و ئەسڵی کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق هەمووی هەوڵدانێکی ئیجابییە بەوەی بتوانین لەم قۆناغە هەستیار و قورسەدا تێپەڕ بین**

**هێزە چەکدارەکانی شیعە بە پاڵپشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەك کار بۆ لێکترازان و بێهێزبوونی ڕۆڵی کورد دەکەن لە عێراقدا، بەڵکو ئەوان کار بۆ لاوازکردنی سوننە بە گشتی دەکەن**

**باسکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەناو هۆڵی ئاسایشی نێودەوڵەتی و لەسەر زمانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان شتێکی زۆر ئیجابی و باش بوو بۆ هەرێمی کوردستان**



### شێروان دووبەردانی

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# ڕێکنەکەوتنی شیعەکان سەردەکێشێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن

بارودۆخی عێراق دووچاری چەقبەستوویی و بگرە بە بنبەست گەیشتن بووە و تا ئێستا ئاسۆیەك بەدی ناكرێت بۆ كردنەوەی گرێكوێرەی كێشەكان، پرسی بارودۆخی سیاسیی عێراق و هەوڵەكانی پێكهێنانی حكومەت و چەند پرسێكی دیكەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیداری گوڵان لەگەڵ شێروان دووبەردانی ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

*** هەست دەکرێت بە تەواوەتی پرۆسەی سیاسیی عێراق ڕووبەڕووی چەقبەستوویی بووەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانرێت نیسابی یاسایی پەرلەمان تەواو بێت و سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران هەڵبژێردرێن، وەك پەرلەمانتارێك چ خوێندنەوەیەکت بۆ ئەم بارودۆخە هەیە و بەرەو کوێ دەچێت؟**

- بناغەی کێشە سیاسییەکان لە عێراق، یان تەواونەکردنی نیسابی یاسایی پەرلەمان بۆ پرسی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ ئەو ناکۆکییەی لە ماڵی شیعە هەیە لە نێوان هەر دوو کوتلەی چوارچێوەی هەماهەنگی و تەیاری سەدری. ئەگەرچی زۆر هەوڵ درا لە ماوەی ڕابردوو ئەو ناکۆکییانە چارەسەر بکرێن بە گفتوگۆ، یان بەو تویێتانەی سەماحەتی سەید موقتەدا سەدر کە چەندین جار کاتی دانا بۆ چوارچێوەی هەماهەنگی کە حکومەت پێك بێنن، بەڵام نەتوانرا ئەم کارە بکرێت. لەلایەکی دیکەوە ململانێ هەیە لە نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر پۆستی سەرۆك کۆمار کە ئێمە وەك پارتی دەزانین لە دوای ٢٠٠٥ پۆستی سەرۆك کۆمار مافی کوردە، نەك بۆ لایەنێك، بەڵام ئێمەی پارتی دوای هەڵبژاردنی ٢٠٢١/١٠/١٠ کە زۆرینەی کورسیمان وەك کورد بەدەست هێنا کە گەیشتە زیاتر لە ٥٠٪ی کورسییەکانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، بۆیە مافی پارتییە ئەو پۆستە وەربگرێت. هەرچۆنێك بێت ناکۆکییەکان بەردەوامن، بەتایبەتی لایەنی شیعە و ئەگەر هەر دوو ماڵی شیعە نەگەنە یەك، دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام نادرێت، چونکە بە بڕیاری دادگای فیدراڵی دەبێت دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتن ئامادە بن بۆ دەنگدان لەسەر سەرۆك کۆمار، ئەمەش بووەتە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکان کە هیچ لایەنێکی سیاسی نەیتوانیوە ئەو ژمارە و ڕێژەیە ئامادە بکات. هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە دوای چەندین بڕیاری سیاسی لە دادگای فیدراڵی عێراقەوە و لە دوای مووشەکبارانکردنی هەولێر و سووتاندنی بارەگای پارتی لە بەغدا، چەندین کێشەی دیکە دروست کران بۆ فشار خستنە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان، تاوەکو لەو هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەی کردوویانە، بکشێتەوە. هەرچۆنێك بێت هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی ئەو کێشانەی هەمانە -بەتایبەت لە بەغدا- کۆتایی بێن، تاوەکو بتوانین لە گفتوگۆ بەردەوام بین و بگەینە چارەسەرێك بۆ ئەوەی بتوانرێت دەنگ لەسەر سەرۆك کۆمار بدرێت، لە پاشان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن شیعەوە تەکلیف بکرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی عێراق.

*** دوای ئەوەی دادگای بەناو فیدراڵی یاسای ئاسایشی خۆراکی ڕەت کردەوە، موقتەدا سەدر ڕاکشاوانە ڕایگەیاند ئەم دادگایە بزانێت، یان نەزانێت، بڕیارەکەی سیاسییە، دوای ئەوەش پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ یاساکە کرد، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە خەریکە دادگای بەناو فیدراڵی مسداقییەتی خۆی لەدەست دەدات؟**

- چەندین لایەنی سیاسی لە دوای پەسندکردنی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەش لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوە گوتیان بڕیاردانی دادگای فیدراڵی سیاسییە و ئێمە ڕێز لە دادگای فیدراڵی دەگرین و بڕیارەکانی یەکلاکەرەوەیە، بەڵام بڕیاری تایبەت بە یاسای نەوت و گازی هەرێم ١٠٠٪ بڕیارێکی سیاسییە و هەموو ئەو بڕیارانە بۆ ئەوەیە کە فشار لەسەر پارتی دروست بکەن بۆ ئەوەی لە هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەکە بکشێتەوە. پێش چەند ڕۆژێك بڕیارێکی دیکە دەرچوو لەسەر هەولێر کە گوایە هەندێك هێز لە هەولێر مەشق دەکەن. کەواتە ئەو بابەتانە بەردەوام دەبن و زۆر زەحمەتە کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێت بە ئامادەبوونی ٢٢٠ ئەندام پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی دەنگ لەسەر سەرۆك کۆمار بدرێت وەك ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٨ و تەوافوقیش لەسەر شەخسی سەرۆك وەزیران هەبێت، بەغداش چاوەڕوانیی هەیە لە جەنابی سەرۆك بارزانی و لە پارتی کە دەست بە گفتوگۆ و هەماهەنگی بکەن، کە بەردەوام پێشتریش چەندین حکومەتی عێراق لە هەولێر و لەسەر دەستی جەنابی سەرۆك بارزانی دروست بوون. ئەمڕۆکەش چەندین لایەنی سیاسی لە پەرلەمان، یان پەرلەمانتارە سەربەخۆکان ئاماژەیان بەوە داوە شەخسی یەکەم

**جەنابی سەرۆك بارزانی لە دوای ١٠/١٠ پێشوازی لە هەموو لایەنی سیاسیی عێراق کردووە و پێی گوتوون پارتی هەموو کات بووەتە هۆکاری چارەسەری کێشەکانی نێوانیان و لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەوان لە ناوخۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن**

**ناکۆکییەکان بەردەوامن، بەتایبەتی لایەنی شیعە و ئەگەر هەر دوو ماڵی شیعە نەگەنە یەك، دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام نادرێت**

**به بڕیاری دادگای فیدراڵی دەبێت دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتن ئامادە بن بۆ دەنگدان لەسەر سەرۆک کۆمار، ئەمەش بووەتە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان کە هیچ لایەنێکی سیاسی نەیتوانیوە ئەو ژمارە و ڕێژەیە ئامادە بکات**

لـە عێـراق کـە بتوانێـت ئـەو کێشـانە چارەسـەر بـکات و هەماهەنگـی لەگـەڵ لایەنـەکان (چوارچێوە و سەدر و سەربەخۆکان) بکات، ئەوە بەڕێـز مسـعود بارزانی-یـە.

*** سـەبارەت بـە یاسـای نـەوت و گازی کوردسـتان کـە دیسـان لەلایـەن دادگای بەنـاو فیدراڵـی ڕەت کرایـەوە، ئیسـتا هەڵکشـانێکی توند لەلایـەن وەزارەتی نەوتی عێراقـەوە بەرامبـەر هەولێر هاتووەتە ئاراوە و هەڕەشە لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنـەر و کۆمپانیاکانـی کڕیـاری نەوتـی هەرێـم دەکـەن، ئایـا ئـەم هەوڵانـەی وەزارەتـی نەوتی عێراق دیسان کارتێکی دیکەی سیاسییە دژی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە بووەتـە بەشـێك لـە هاوپەیمانیـی سێ قۆڵـی؟**

لـە١٠/١٠ هەڵبژاردنێکـی پێشـوەخت ئەنجام درا و شـەقام خۆپیشـاندانی کـرد و چەندیـن شـەهیدی دا و عـادل عەبدولمەهدی وەك سـەرۆك حکومـەت دەسـتی لـە کار کێشـایەوە. ئـەو هەڵبژاردنـە بـە شاهێدی وڵاتانـی دەوروبـەر و نەتـەوە یەکگرتووەکان پاکتریـن هەڵبـژاردن بـوو، بۆیـە پێویسـتە ڕێـز لـەو هەڵبژاردنـە و ئەنجامەکـەی بگیرێـت. سـەدر و پارتـی و سـوننە زۆرتریـن کورسییان بەدەست هێنـا و دەرئەنجامـی هەڵبژاردنەکـە دەبێت ببێتـە بنەمـا بـۆ پێکهێنانـی حکومـەت و بـۆ ئۆپۆزسـیۆن. ئەگەرچی ئـەوە لـەلای هەندێ لایەنی سیاسیی شـیعە کـە لـە نـاو (ئیتـار)ن قبـووڵ ناکرێـت و دەیانەوێـت پارتـی و سـوننە لـە هاوپەیمانیـی سـەروەری لەگـەڵ سـەدر بکشـێنەوە و هـەق بـە




**دوای چەندین بڕیاری سیاسی لە دادگای فیدراڵی عێراقەوە و لە دوای مووشەکبارانکردنی هەولێر و سووتاندنی بارەگای پارتی لە بەغدا، چەندین کێشەی دیکە دروست کران بۆ فشار خستنە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان، تاوەکو لەو هاوپەیمانییە سێ قۆڵییە بکشێتەوە**

- بـە تەئکیـد، ئـەوە کارتێکـی دیکـەی فشـارە لـە دژی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، چونکـە لایەنـی سیاسـیی شـیعە دەڵێـن پارتـی و سـوننە کـە لـە نـاو هاوپەیمانیـی سـەروەرین، دەسـتیان لـە دوولەتکردنـی ماڵـی شـیعە هەیـە، کـە ئەمـەش هیـچ ڕاسـتی و بنەمایەکـی نییـە، هـەر ئـەو (ئیتـار و تەیـار)ە لـە سـاڵی ٢٠١٨کـە بـە نـاوی (بینـا و ئیسـلاح÷ بـوون، سـوننەش بەشـێکی لای بینـای شـیعە بـوون و بەشـێکیش لەگـەڵ ئیسـلاحی شـیعە بـوون، ئـەو کات نەیانـوت ئێـوە بەشێکن لـە لەتکردنـی ماڵـی شـیعە. وەك دەزانیـن خۆیـان دەدەن بەبێ دەرئەنجامـی هەڵبـژاردن ماڵـی شـیعە بکەنـە گەورەتریـن کوتلـە و هاوپەیمانـی، هەرچەنـدە ئێمـە پێمـان گوتـوون ئێـوە ببنـە یـەك، ئێمـە کێشـەمان نییـە، بـەڵام ناکۆکیـی ماڵـی شـیعە لەسـەر کاندیـدی سـەرۆك وەزیـران زۆر تونـدە و ناگەنـە یەکتـر، بـەڵام جەنابـی سـەرۆك بارزانـی لـە دوای ١٠/١٠ پێشـوازی لـە هەمـوو لایەنـی سیاسـیی عێـراق کـردووە و پێـی گوتـوون پارتـی لەگـەڵ ئەوەدایـە کـە ئـەوان لـە ناوخۆیـان کێشـەکانیان چارەسـەر بکـەن و ئێمـەی کـورد پەیوەندیمـان بـە کێشـەی ماڵـی ئـەوان نییـە و

پارتی هەمـوو کات بووەتـە هـۆکاری چارەسـەری کێشـەکانی نێوانیـان.

*** ترسـێکی دیکـەی خەڵکـی کوردسـتان ئەوەیـە کـە دادگای بەنـاو فیدراڵـی لـە ١٢ی حوزەیـران بـە بڕیارێـك بـڕی ئـەو ٢٠٠ ملیـار دینـارەش ڕابگرێـت کـە دێـت بـۆ کوردسـتان، پرسیار ئەوەیـە ئـەم بڕیـارە پەیوەنـدی بـە قووتـی خەڵکی کوردستانەوە هەیـە، ئایا وەك فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق بیرتان لـەوە نەکردووەتـەوە کـە سـەرۆك کۆمـار بـەو حیسابەی کـوردە تەدەخول بـکات، ئـەم بڕیـارە سیاسییانەی دادگای فیدڕاڵی ڕابگرێت؟ یـان ئایا پرسیاری ئەوەتـان نەکـردووە بـۆ سـەرۆك کۆمـار بەرامبـەر ئـەو زوڵمانـەی لـە کوردسـتان دەکرێـت، بێدەنگـە؟**



- ئەمـەش فشـارێکی دیکـەیـە دەکرێتـە سـەر پارتـی، بێگومـان چەندیـن ساڵە بڕینـی مووچـە و بودجـەی کوردسـتان لـە لایـەن عێراقـەوە کـە قووتـی خەڵکـی کوردسـتانە، ئاشـکرایە زیاتـر کارتێکـە دژی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، بێگومـان ئەگـەر دادگا بڕیـار بدات بە ڕاگرتنـی ئـەو ٢٠٠ ملیـار دینـارە، ئـەوە ناردنـی پارەکـە بۆ کوردسـتان ڕادەگیردرێـت.

*** هەماهەنگیی مقاوەمە کە باش دەزانرێت کێ لـە پێشـتەوەیانە، هەڕەشـە لـە هەرێمـی کوردسـتان دەکەن و بوختان دروست دەکەن بـەوەی لە کوردستان گرووپی چەکدار ڕادەهێندرێـن بـۆ ئـەوەی ڕەوانـەی شـارەکانی باشـوور و ناوەڕاسـتی عێـراق بکرێنـەوە، ئایـا ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە ڕاشـکاوانە هەندێـك لایەنـی سیاسـی هەڕەشـە لـە کیانـی هەرێمـی کوردستان دەکـەن؟ ئایا دەبێت لەسـەر ئاستی عێراق چـۆن هەڵوێسـتیان بەرامبـەر وەربگیرێـت؟**

- بەڵێ ئاماژەیـان پێ دا کـە دەیانگـوت مۆسـاد لـە هەولێـرە و بینیمـان هەولێریـان مووشـەکباران کـرد و چەندیـن فشـاری دیکەیـان لەسـەر هەولێـر دروسـت کـرد. ئەگەرچـی ئـەو قسـە و بوختانانـە بەهانەیەکـی دیکەیـە و دەیانەوێـت لەسـەر پارتـی دروسـت بکـەن کـە گوایـە گـرووپ هەیـە مەشـق لـە هەولێـر دەکـەن، کـە ئەمـەش هیـچ بنەمـا و ڕاسـتییەکی تێـدا نییـە. بەڵکـو ئەمـەش یەکێـك لـەو فشـارانەیە لـە دژی پارتـی دروسـتی دەکـەن بـۆ ئـەوەی واز لـەو هاوپەیمانییـەی بێنێـت کـە لەگـەڵ سـەدر و سـوننە پێکیهێنـاوە.

*** هەمـوو بۆچوونـەکان سـەبارەت بـە پرۆسـەی سیاسـیی ئێسـتای عێـراق بـەو جۆرەیـە کـە بارودۆخەکـە بـەم شـێوەیە نـاڕوات بەڕێـوە و بـەرەو تەقینـەوە و خۆپیشـاندان و تەنـات لەوانەیـە شـەڕی چەکداریش بڕوات، ئایا بە ڕای ئێوە بارودۆخەکە بـە کام لادا زیاتـر هەنـگاو هەڵدەگرێـت؟**

- لـە دوای دەنگـدان لەسـەر پـڕۆژە یاسـای ئاسایشـی خـۆراك، پەرلەمـان تـا ٩ی٧ پشـووی دەبێـت، لەپـاش هەمـوو ئـەو هەوڵانـە پێویسـتە لـە دوای جـەژن هەمـوو لایەنەکانـی شـیعە بـە چوارچێـوە و سـەدریشـەوە پێکـەوە کار بکـەن. چونکـە دانیشـتنی پەرلەمـان بـۆ دەنگـدان لەسـەر سـەرۆك کۆمـار دەمێنێتـەوە سـەر ماڵـی شـیعە کـە بتوانـن و نیسـابی یاسـایی دانیشـتن تـەواو بکرێـت بـۆ دانانـی سـەرۆك کۆمـار و پێکهێنانـی حکومـەت، بـەڵام ئەگـەر ماڵـی شـیعە نەگەنـە ڕێککەوتـن، شـەقامی عێـراق ئـەو بارودۆخـە قبـووڵ نـاکات و دەچیـن بـەرەو هەڵوەشـانەوەی پەرلەمـان و هەڵبژاردنـی پێشـوەختە و چاوەڕوانـی زۆر خراپتریـش لـە شـەقامی عێراقـی دەکرێـت کـە ئێسـتاکە بارودۆخـی بـاش نییـە و شـەقامیش زۆر تونـد بـووە و ئـەو بارودۆخـەی لـە بەغـدا هەیـە، بـە تایبەتـی بێـکاری و نەبوونـی خزمەتگـوزاری و گرانیـی پێداویسـتیی ڕۆژانـەی ژیـان، ئـەوە خەڵکەکـە ناتوانـن زیاتـر قبووڵـی بکـەن.

**بڕیاری تایبەت بە یاسای نەوت و گازی هەرێم ١٠٠٪ بڕیارێکی سیاسییە و هەموو ئەو بڕیارانە بۆ ئەوەیە کە فشار لەسەر پارتی دروست بکەن**

**بەغدا چاوەڕوانیی هەیە لە جەنابی سەرۆک بارزانی و لە پارتی کە دەست بە گفتوگۆ و هەماهەنگی بکەن، پێشتریش چەندین حکومەتی عێراق لە هەولێر و لەسەر دەستی جەنابی سەرۆک بارزانی دروست بوون**

**هەر ئەو (ئیتار و تەیار)ە لە ساڵی ٢٠١٨کە بە ناوی (بینا و ئیسلاح÷ بوون، سوننەش بەشێکی لای بینای شیعە بوون و بەشێکیش لەگەڵ ئیسلاحی شیعە بوون، ئەو کات نەیانوت ئێوە بەشێکن لە لەتکردنی ماڵی شیعە**

دیمانەی تایبەت



**جۆن تیرمان**

**بەڕێوەبەر و توێژەری باڵا لە سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە ئەنستیتوتی تەقەنی ماساشوسێتس بۆ گوڵان:**

# ئێران پێی وایە دەتوانێت بە هۆی شەڕەکەی ڕووسیاوە سازش بە ئەمریکا بکات

**جۆن تیرمان بەڕێوەبەر و توێژەری باڵایە لە سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە ئەنستیتوتی تەقەنی ماساشوسێتس، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك چارەسەری ناکۆکییەکان، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەوە و تیرۆریزم. پرسی شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی لەسەر کێشە و بەرەوپێشچوونەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە و، چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵیدا.**

*** لە باسکردنی کاریگەری و دەرهاویشتەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئایا پێت وایە ئەم شەڕە کاریگەرییەکی دیاریکراوی هەبێت لەسەر ئەم ناوچەیە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕەوت و ڕەوشی گفتوگۆکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە و، بە تایبەتتر لەسەر هەڵوێستی ئێران و، ئایا ئەم شەڕە بووەتە هۆی ئەوەی ئێران لە پێگەیەکدا بێت کە ئامادە نەبێت هیچ سازشێك بکات؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەکرێت لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئێران وەڵامدانەوەی نییە بۆ داواکاری و گوشارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوەیە کە هەست دەکات ئەمریکا لە پێگەیەکی لاوازدایە، هەروەها ئەورووپاش لە پێگەیەکی لاوازدایە، چونکە ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی نەیانتوانی ڕێگری بکەن لە ڕوودانی داگیرکاری و هێرشکردنەسەر ئۆکرانیا، لە هەمان کاتدا دەستتێوەردانیان لە بەرژەوەندیی ئۆکرانیا نەکردووە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین بڕیاری داگیرکردنی ئۆکرانیای دا. ئەگەرچی ئێستا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ڤلادمێر پوتین دوچاری شکست بووەتەوە و ناتوانێت ئامانجەکانی لە شەڕەکەدا بەدی بهێنێت، ئەویش لەبەر ئەوەی سوپای ڕووسیا ئەدایەکی زۆر خراپ و لاوازی هەبوو، کەواتە ئێران لە دۆخەکە دەڕوانێت و پێی وایە دەتوانێت سازشی زیاتر بە ئەمریکا بکات و دەتوانێت پێداگری لەسەر مەرجەکانی بکات، کە ئەمەش بە ئەنجامێکی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێی شەڕی ئۆکرانیا لێك دەدرێتەوە لەم ڕووەوە.

*** هەر لە پەیوەندی بە کاریگەرییەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئایا پێتان وایە ئەم شەڕە چەند کاریگەریی دەبێت لەسەر دەستڕۆیشتوویی ڕووسیا لەم ناوچەیەدا و بە تایبەتی لە سووریا و، ئایا ئەمە چ ڕەنگدانەوەیەکی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل، بە حوکمی ئەوەی ئیسرائیل هەمیشە هێرش دەکاتە سەر پێگە و بەرژەوەندییەکانی ئێران لە سووریادا و ڕووسیاش بوونێکی بەهێزی سەربازیی لەو وڵاتەدا هەیە؟**

- ئیسرائیل خۆی لە دۆخێکی هەستیاردا دەبینێتەوە، چونکە لەلایەك ئیسرائیل خۆی بە بەشێك لە جیهانی ڕۆژئاوا دەزانێت و بەهێزترین هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە هەمان کاتدا پەیوەندیی باشی لەگەڵ ڕووسیادا هەیە، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە هاوکاری و هەماهەنگییانەوە لە بارەی ڕەوش و دۆخی سووریا، کە وەك ئاشکرایە ڕووسیا پێگەیەکی سەربازیی بەهێزی لە سووریا هەیە، بە تایبەتی لە بەندەری لازقیە، چونکە هەروەك ئاشکرایە ئێران دەیەوێت بەرەی سێیەم لە دژی ئیسرائیل بکاتەوە- بەرەی یەکەمیان بریتییە لە حزبولڵا لە لوبنان، و بەرەی دووەم بریتییە لە حەماس و بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی لە غەززە-، کە بە دڵنیاییەوە ئیسرائیلیش هەموو هەوڵ و کۆششێکی خۆی خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە ڕوودانی ئەم بەرەوپێشچوونە و، بە بەردەوامی هێرش دەکاتەسەر هەر هەوڵێك بۆ دروستکردنی پێگە و بنکەی ئێران لە سەر سنووری نێوان سووریا و ئیسرائیل. کەواتە ئیسرائیل دەیەوێت ئەم هەماهەنگییە لەگەڵ ڕووسیادا بەردەوام بێت، لە هەمان کاتدا هەوڵیدا نزیکبوونەوەیەك درووست بکات لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، و پاشان ڕەخنەی لە داگیرکارییەکەی ڕووسیا و ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی گرت، کە ئەنجام

**یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئێران وەڵامدانەوەی نییە بۆ داواکاری و گوشارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوەیە کە هەست دەکات ئەمریکا لە پێگەیەکی لاوازدایە**

**ڤلادمێر پوتین دوچاری شکست بووەتەوە و ناتوانێت ئامانجەکانی لە شەڕەکەدا بەدی بهێنێت، ئەویش لەبەر ئەوەی سوپای ڕووسیا ئەدایەکی زۆر خراپ و لاوازی هەبوو**

**پێش هەڵگیرسانی شەڕەکە ناتۆ لاشەیەکی سارد و سڕ و مردوو بوو، ئێستا بەهۆی بەرپابوونی ئەم شەڕەوە بە ئاگاهاتووەتەوە و ڕاچڵەکییەوە و چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە سەرچاوەیەکی زۆر لە بواری دروستکردنی چەکدا بەکار بهێنێت**

**هەندێ لە وڵاتان چاوەڕێی ئەوە دەکەن داواکاریی بە ملیاران دۆلاریان پێ بگات بۆ دروستکردنی مووشەک و مووشەکی دژە تانک و ڕادار و سەرجەم کەرەستە و چەکەکانی دیکە، کە پێویستن بۆ هاوکاریکردنی ئۆکرانیا**

**ئەگەر دەستبەرداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیت، ئەوا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەخەت دەگرێت و لێت ناگەڕێ و دەستبەردارت نابێت**

**چیتر ئەمریکا پێویستی بە نەوت و غازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە و شەکەت بووە بە دەست شەڕ و توندوتیژی و بزووتنەوە تیرۆریستییەکانی ئەم ناوچەیەوە**

**ئیسرائیل دەتوانێت بە پشتیوانیی ئەمریکا جێی دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ و چڕی ئەمریکا بگرێتەوە لەم ناوچەیەدا**

دراوە لەلایەن سوپای ڕووسیا لە نێو ئۆکرانیا.

*** پێش شەڕەکەی ڕووسیا باس لەوە دەکرا کە ڕێکخراوی ناتۆ ڕۆژگاری بەسەر چووە و چیتر پاساوی مانەوەی نەماوە، بە تایبەتی کە سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئاشکرا باسی لە بەسەرچوونی ئەم ڕێکخراوە کرد، ئایا ئەم شەڕە چ کاریگەرییەکی لەسەر دووبارە چالاککردنەوەی ناتۆ هەبوو؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانرێت بگوترێت کە پێش هەڵگیرسانی شەڕەکە ناتۆ لاشەیەکی سارد و سڕ و مردوو بوو، ئێستا بەهۆی بەرپابوونی ئەم شەڕەوە بە ئاگاهاتووەتەوە و ڕاچڵەکییەوە و چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە سەرچاوەیەکی زۆر لە بواری دروستکردنی چەکدا بەکار بهێنێت، لە ئێستاشدا هەندێ لە وڵاتان چاوەڕێی ئەوە دەکەن داواکاریی بە ملیاران دۆلاریان پێ بگات بۆ دروستکردنی مووشەك و مووشەکی دژە تانك و ڕادار و سەرجەم کەرەستە و چەکەکانی دیکە، کە پێویستن بۆ هاوکاریکردنی ئۆکرانیا، بۆ ئەوە بتوانرێت بەرەنگاری هێرش و داگیرکارییەکەی ڕووسیا ببێتەوە.

*** هەروەك ئاشکرایە ماوەیەکە ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لە نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبیی سوننەدا ئەنجام دراوە، ئەم ڕێککەوتنانەش هەماهەنگی و هاوکاریی هەمەلایەنە لەخۆ دەگرن، وەك بینیمان هەنگاوی کردارییان بۆ هەڵگرت، بە تایبەتی هەر دوو وڵاتی ئیسرائیل و ئیمارات، ئێوە چۆن لەم ڕێککەوتنانە دەڕوانن و ئایا پێتان وایە خزمەتیان بە سەقامگیریی ناوچەکە کردووە و ئایا ئەگەری ئەوە هەیە بەردەوام بن؟**

- پێ دەچێت ئەمە یەکێك بێت لەو پرسانەی کە لە نێو کارنامەی سەرۆك بایدندا بن، مەبەستم باسکردن و تاوتوێکردنی ئەم ڕێککەوتنانەیە، دواتر پێم وایە ڕێککەوتننامەی ئیسرائیل لەگەڵ هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکە واژۆی لەسەر کردوون، تەنیا و تەنیا پەیوەست نین بە ئیحتیواکردنی ئێرانەوە، واتە ناکرێت هۆکارەکەی، یان پاڵنەری ئەم ڕێککەوتنانە بە تەنیا لە خواستی بەرەنگاربوونەوەی ئێراندا چڕ بکەینەوە، چونکە هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێ کردووە و وەك لەسەر ئەرزی واقیعیشدا بەرجەستە بووە و ڕەنگی داوەتەوە، ئەوا ئەم ڕێککەوتنانە هاوکاریی قووڵ و هەمەلایەنە لەخۆ دەگرن لەبارەی چەندین پرسی پەیوەست بە بواری ئابوورییەوە، بە تایبەتی لە بواری ئاو و کشتوکاڵ، لە ئێستادا پارەیەکی زۆری ئیمارات و بەحرەین لە ئیسرائیلدا وەبەرهێنانیان پێ دەکرێت، کەواتە ئەگەر گۆڕانکارییەکیش لە ئێراندا و لە حکومەت و دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا ڕوو بدات و، تەنانەت ئەگەر ئەو وڵاتە بە تەواوەتی دەستبەرداری پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بێت، ئەوا ئەم ڕێککەوتنانە بەردەوام دەبن و بگرە بەهێزتر و تۆکمەتر دەبن، کەواتە تەوەری سەرەکیی ئەم ڕێککەوتنانە تەنیا ئاسایش نییە، بەڵکو بواری ئابووری و وەبەرهێنان و وزەش دەگرنەوە. هەر لەم ڕووەوە ئیسرائیل خوازیاری ئەوەیە کە عەرەبستانی سعودیە بە ئاشکرا و بە خێرایی ببێتە بەشێك لەم هاوپەیمانێتییە، و لەم ڕووەوە سعودیە دەیەوێت سازش بە ئەمریکا بکات بۆ هەڵگرتنی هەنگاوێکی لەم چەشنە و، پێم وایە ئەمە یەکێك دەبێت لەو پرسانەی کە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت لە کاتی سەردانەکەی بایدن بۆ ئیسرائیل، کە بڕیارە لە ماوەی داهاتوودا ئەنجامی بدات.

*** ئەگەر لە پێگەیەکدا بیت و ڕاوێژکار و ڕاسپاردە بدەیت بە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە بارەی گرتنەبەری سیاسەتێکی واقیعبینانە و بەرپرسیار و بەرهەمدارەوە، ئایا پێت وایە پێویستە ئەم ئیدارەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ناوچەیە و کێشەکانیدا بکات؟**

- لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە دەستەواژەیەك هەیە کە دەبێت لە یادمان بێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر دەستبەرداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیت، ئەوا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەخەت دەگرێت و لێت ناگەڕێ و دەستبەردارت نابێت، کە لە ڕاستیدا ئەمە خواستی ئیدارەی باراك ئۆباما و دۆناڵد ترەمپ و تەنانەت جۆ بایدنیشە، چونکە چیتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستی بە نەوت و غازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە و شەکەت بووە بە دەست شەڕ و توندوتیژی و بزووتنەوە تیرۆریستییەکانی ئەم ناوچەیەوە، وەك داعش و ئەلقاعیدە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەمریکا ناتوانێت ئەم ناوچەیە جێبهێڵێت، هەر لەبەر ئەمەشە کە پشتیوانی لە ڕێککەوتنەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبییەکان دەکات، چونکە ئیسرائیل دەتوانێت بە پشتیوانیی ئەمریکا جێی دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ و چڕی ئەمریکا بگرێتەوە لەم ناوچەیەدا.

دیمانەی تایبەت



## ئیتان گیلبوا

پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی بار–ئیلان بۆ گوڵان:

# جۆ بایدن زۆر پەرۆشە ڕێککەوتنێک لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە ئەنجام بدات

**ئیتان گیلبوا پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی بار-ئیلان. توێژەری باڵایە لە سەنتەری بێگن- سادات بۆ دیراساتی ستراتیژی. چەندین کتێب و توێژینەوەی نووسیوە لە بارەی دیپلۆماسییەتی گشتی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئیتان گیلبوا لە چەندین زانکۆی ئەمریکی و ئەوروپی وانەبێژ بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئاست ئەم ناوچەیەدا و، بە تایبەتی پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران.**

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە بەرەوپێشچوونەکانی پرۆسەی گفتوگۆی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، کە هەروەك ئاشکرایە لە ئێستادا ئەمە بووەتە پرسێك کە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بایەخ و گرنگییەکی زۆری پێ دەدات و، کات و کۆششەکانی لە پێناویدا چڕکردووەتەوە؟**

- لە ڕاستیدا دوو بەرەوپێشچوونی سەرەکی هەبوو لە پەیوەندی بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، ئەوە بوو لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جۆ بایدن ڕایگەیاند کە بڕیاری داوە سوپای پاسداران لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەر نەهێنێت، کە ئەمە داواکارییەکی ئێران بوو و پێداگری لەسەر دەکرد، ئەوەی دووەمیان وتارێك بوو کە چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا لە ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵد بڵاو بووەوە، کە پێش ٢٠ ساڵ ئێران توانیویەتی ڕۆبچێتە نێو ئاژانسی وزەی ئەتۆمی و تۆمار و بەڵگەنامە بەدەست بهێنێت لە بارەی پشکنینەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە خاڵی یەکەم، یان بەرەوپێشچوونی یەکەمەوە، ئەوا پێ دەچێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەموو شتێکیان یەکلا کردبێتەوە سەبارەت بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران و تاقە بەربەست و کۆسپێك مابێت لە ڕێیاندا، پرسی پەیوەست بە سوپای پاسدارانە، لەم ڕووەوە ئەمریکا پێشنیار و ڕێگەچارەیەکی خستەڕوو، ئەویش جیاکردنەوەی (سوپای پاسداران و هێزی ئەلقودس)ـە، واتە لەم ڕووەوە سوپای پاسداران لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندا دەربهێنێت، بەڵام نەك هێزی ئەلقودس، بەڵام تاوەکو ئەم ساتەوەختە ئێران وەڵامی ئەم پێشنیار و ڕێگاچارەیەی نەداوەتەوە و، لەم ڕووەوە دەکرێت بڵێین هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی گفتوگۆکانەوە لە ڤیەننا، ڕوون نەبوو کە ئێران چی دەوێت، واتە لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێران دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ساڵی ٢٠١٥ کە ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی باراك ئۆباما و وڵاتانی دیکە واژۆیان کرد، یان تەنیا دەیەوێت کات بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی بە خێرایی کار بکات بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی و، لەم ڕووەوە سوود وەربگرێت لەم کاتە. پێم وایە ئیدارەی سەرۆك بایدن ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە دوا دەرفەتە لەبەردەم ئێراندا و ئیدارەی ئەمریکا بڕیاری پەیوەست بە سوپای پاسداران ناگۆڕێت، یان هەڵیناوەشێنێتەوە، چونکە ئەم بڕیارە بەشێکی پەیوەست نەبوو بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکە، یان با بڵێین ڕێککەوتنەکەی ساڵی ٢٠١٥ لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، کەواتە ئەم ئیدارەیە بە ئێران دەڵێت، یان ئەوەتا پابەندە بە ڕێککەوتنەکەوە، یان لێیگەڕێ و دەستی لێ هەڵبگرە.

*** بەڵام هەروەك ئاشکرایە یەکێك لە کارنامە سەرەکییەکانی ئەم ئیدارەیە ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتی بوو لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێك لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، یان گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنەکەی پێشوو، بۆچی پێت وایە لە ئێستادا ئیدارەی ئەمریکا ئامادە نییە هەندێ لە هەڵوێست و بڕیارەکانی لە پێناو گەیشتن بە ڕێککەوتندا بگۆڕێت؟**

- لە ڕاستیدا دوو هۆکار هەبوون بۆ ئەم هەڵوێستەی ئیدارەی سەرۆك بایدن، یەکەمیان بریتی بوو لە گوشاری ناوخۆیی لە وڵاتەکەدا، بۆ نموونە هەر ٥٠ ئەندامەکەی ئەنجومەنی پیران لە حزبی کۆماری، هەروەها ١٦ ئەندامی ئەم ئەنجومەنە لە حزبی دیموکراتەکان، لە نێویاندا سەرۆکی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران، نامەیەکیان بۆ سەرۆك بایدن نووسی و بەرهەڵستی و ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕی دژی هەر گۆڕینێکی بڕیارەکەی پەیوەست بە سوپای پاسدارانەوە و، داوایان کرد کە دەستێوەردان و دەستڕۆیشتووییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا بکرێنە بەشێك لە هەر ڕێککەوتنێکی نوێ، کەواتە نزیکەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی پیران بە سەرۆك بایدن دەڵێن کە لە ڕەوتی گفتوگۆکان لە پەیوەندی بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە ڕازین، هەروەها گوشار و ناڕەزایییەکی دەرەکیش هەبوو لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بە تایبەتی لە ئیسرائیل و تێکرای وڵاتە عەرەبییە سوننەکانەوە، کە داوایان لێ کردووە بایدن هەڵوێستێکی

**ئیسرائیل و تێکرای وڵاتە عەرەبییە سوننەکان داوایان کردووە بایدن هەڵوێستێکی توندی لە ئاست سوپای پاسداراندا هەبێت**

**ئەمریکا و هاوپەیمانەکان لە وڵاتانی ئەوروپا خوازیاری ئەوەن نەوت و غازی ئێران بکەنە جێگرەوەی نەوت و غازی ڕووسیا**

توندی لە ئاست سوپای پاسداراندا هەبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی سوپای پاسداران زۆرێك لە ئابووریی ئێرانی کۆنترۆڵ کردووە، واتە تەنیا هێزێکی سەربازی نین، بەڵکو بەرژەوەندیی ئابووریشیان هەیە و گۆڕینی بڕیاری پەیوەست بەم هێزەش دەبێتەهۆی ئەوەی بتوانێت توندتر کۆنترۆڵی ئابووریی ئێران بکات، هەروەها ئەو وتارەی لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکرایەوە- کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد- جێی هەڵوەستە لەسەر کردنە، چونکە ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبییە سوننەکان باسیان لەوە کردووە کە ئێران پابەند نەبووە بە ڕێکار و مەرجەکانی پشکنینەوە، کە لە نێو ڕێککەوتننامەکەی ساڵی ٢٠١٥دا جێگیر کرابوون و چەسپێندرابوون، بە چەشنێك ئێران پێشتر زانیویەتی پشکنەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆم ڕوو دەکەنە چ دامەزراوەیەکی ئەتۆمی و پشکنین بۆ چ کەرەسەتەیەك دەکەن، ئەمەش دەرفەتی پێ داون بۆ ئەوەی خۆیان بەر لە هەر پشکنینێك ئامادە بکەن، کە پێم وایە ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر ڕەوتی گفتوگۆکان. هەروەها بڕیارە ڕۆبێرت مالی نێردەری تایبەتی ئیدارەی سەرۆك بایدن بۆ گفتوگۆکان لەگەڵ ئێراندا ئامادە بێت لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمریکا- لە ئەنجومەنی پیران- و لەسەر ڕەوش و ڕەوتی گفتوگۆکان ڕوونکردنەوە بدات.

*** یەکێك لە پەرەسەندنەکان کە جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بریتییە لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، کە ئاشکرایە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە لە تێکڕای جیهاندا ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێوە چۆن لە دەرئەنجامەکانی دەڕوانن لەم ناوچەیەدا و، ئایا هۆکاری پەرۆشبوونی ئەم ئیدارەیە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێك لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەوە هیچ پەیوەندییەکی بەم شەڕەوە هەیە؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت ئەوە دووپات بکەینەوە کە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن زۆر پەرۆشە ڕێککەوتنێك لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە ئەنجام بدات، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ناتوانێت لە یەك کاتدا ئیدارەی دوو قەیران و تەنگژە بکات، لە ئێستادا کات و کۆششەکە، یان با بڵێین ئەولەوییەتەکە تەرخان کراوە بۆ بایەخدان بە شەڕی ئۆکرانیا، خاڵی دووەم ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان لە وڵاتانی ئەورووپا خوازیاری ئەوەن کە نەوت و غازی ئێران بکەنە جێگرەوە و بەدیلێك بۆ نەوت و غازی ڕووسیا، کەواتە ئەمانە هۆکاری پەرۆشیی ئەم ئیدارەیەن بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنەکەی ساڵی ٢٠١٥، ئەگەرچی ئەم ڕێککەوتنە چەندین خاڵی لاواز و کەموکوڕی لەخۆ دەگرت.

> **ئێران پێشتر زانیویەتی پشکنەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆم ڕوو دەکەنە چ دامەزراوەیەکی ئەتۆمی و پشکنین بۆ چ کەرەسەتەیەک دەکەن، ئەمەش دەرفەتی پێ داون بۆ ئەوەی خۆیان بەر لە هەر پشکنینێک ئامادە بکەن**

*** چۆن لە پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڕوانیت، بە تایبەتی کە باس لەوە دەکرێت سەرۆکی ئەمریکا سەردانی ئیسرائیل دەکات، ئایا پێت وایە ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە چۆنە و ئەم سەردانەش چ پەیامێکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە؟**

- لە ئێستادا پەیوەندییەکی باش لە نێوان ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە و، ناو بە ناو سەرۆکی ئەمریکا سەردانی ئیسرائیل دەکات، پێشتریش جۆ بایدن- وەك جێگیری سەرۆکی ئەمریکا لە ئیدارەی باراك ئۆبامادا- دوو جار سەردانی ئیسرائیلی کرد، ئەم سەردانەش چەند پەیامێك لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا لە ئاستێکی باشدایە، دووەمیان ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستبەرداری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نابێت و لێی ناکشێتەوە، هەروەها پەیامێکە بۆ وڵاتە عەرەبییە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، کە ئەمریکا کاریان لەگەڵ دەکات لە دژی هەڕەشە و مەترسییەکی ناوخۆیی، یان دەرەکی، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە سەردانەکەی بایدن ببێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی حکومەتەکەی ئێستای ئیسرائیل، دواتر دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین کە ئەمە پەیوەندی بە بەرەوپێشچوونی ناوخۆیی ئەمریکاشەوە هەیە، چونکە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس بەڕێوەن و بایدنیش لە پێگەیەکی باشدا نییە، بۆی هەیە سەردانەکەی هاوکاری بن بۆ ئەوەی کەسان و بزووتنەوەکانی پشتیوانکار لە ئیسرائیل هاوکاری بن لەو هەڵبژاردنانەدا، کەواتە دەیەوێت بەم سەردانەی بۆ ئیسرائیل ئامانجی ناوخۆیی و دەرەکی بپێکێت.

> **ئەگەری ئەوە هەیە سەردانەکەی بایدن ببێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی حکومەتەکەی ئێستای ئیسرائیل**



**پرۆفیسۆر دکتۆر ئەکرەم عوسمان**

**لە کۆلێژی زانستی ئەندازیاریی کشتوکاڵی لە زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:**

# وشکەساڵی زیانی گەورەی بە کەرتی کشتوکاڵ و دابەزینی ئاستی ئاو گەیاندووە

**وشکەساڵی و تێکچوونی ڕیتمی بارانبارین و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی گرفتێکی گەورەیە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە، پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارە کاریگەرییەکانی وشکەساڵی زۆر بە مەترسیدار دەزانن لەسەر کەرتی کشتوکاڵ، بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسە گرنگە، گۆڤاری گوڵان ئەم دیدارەی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر ئەکرەم عوسمان لە کۆلێژی زانستی ئەندازیاریی کشتوکاڵی لە زانکۆی سەلاحەدین سازدا.**

*** وشکەساڵی و ئەگەری سەرهەڵدانی گرفتی کەمئاوی و کاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤ و کەرتی کشتوکاڵ تا چەند جێگای مەترسییە؟ ئایا ڕێژەی بارانبارین لە ئەمساڵدا ئەوەندە کەم بووە کە وشکەساڵی ڕابگەیەنین؟**

- گۆڕانکاری لە کەش و هەوا و پیسبوونی ژینگە بووەتە دیاردەیەکی مەترسیداری جیهانی و یەکێك لە دیاردەکانی توندبوون و درێژەکێشانی وشکەساڵییە، لەگەڵ خۆیدا بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمای زەوی و تێکچوونی ڕیتمی بارینی باران و بەفربارینی هێناوە و، چەندین حاڵەتی دیکەی خراپی لە کەشوهەوادا دەرکەوتووە، بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و بە هەرێمی کوردستانیشەوە. ئەوەی مەترسیی وشکەساڵی و کەمیی ئاوی خواردنەوە و دابەزینی ئاستی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی زیاتر کردووە، خراپیی بەڕێوەبردنی ئاو و نەبوونی ژێرخانێکی بەهێزە لە بواری بەنداو و بەربەست و پرۆژە ئاودێرییەکان، نەك هەر لە کوردستان، بەڵکو لەمەودا هەر وڵاتێك بەڕێوەبردنێکی باشی ئاوی خواردنەوە و ڕێکخستنی کەرتی سەرچاوەکانی ئاوی نەبێت و، پلانی پێشوەختەی بۆ قەیرانی کەمیی ئاوی خواردنەوە و کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی نەبێت، کاریگەرییەکانی وشکەساڵی زیاتر لەسەری دەردەکەوێت. بۆیە لە هەرێمی کوردستانیش وشکەساڵی و کەمبوونەوەی ئاو جێگای مەترسیی گەورەیە، ڕاستە ئەمساڵ ڕێژەی بارانبارین لە هەرێمی کوردستان و شاری هەولێریش بەراورد بە ساڵی ڕابردوو باشتر بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بارانبارینەکە بە لێزمە بووە و ڕیتمی بارینەکەی تێکچووە و بارانبارینەکە ماوەیەك لافاوی دروست کردووە و زیانی گیانی و ماددیی گەورەی لێکەوتووەتەوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هیچ بارانێك نەباریوە. ئێمەش کێشەمان لە چۆنیەتی گلدانەوەی ئاوی باران هەیە، بۆیە ئاستی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەویمان زۆر دابەزیوە و زیانی گەورەی بە کەرتی کشتوکاڵ و تەنانەت دەرکەوتنی گرفتی کەمیی ئاوی خواردنەوەش گەیاندووە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ وشککردن و کەمکردنەوەی پشکی ئاوی هەرێم و عێراق لەلایەن هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیاوە.

بە شێوەیەکی گشتی وشکەساڵی و کەم ئاوی و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی هەموو کوردستانی گرتووەتەوە، بەڵام لە ناوچەیەکدا بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە، بە ڕادەیەك لەناو یەك ناوچەشدا جیاوازە، بۆ نموونە ئەمساڵ لە ناوچەی بەرانەتی گەنم دەدووریتەوە، لەکاتێکدا لە قەراچ و کەندیناوە و دەشتی هەولێر ئەگەر ئاودان نەبێت، دروێنە بەکەڵك نایەت و گەنمەکە بەرهەم نەهاتووە و لە هەندێك شوێندا بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵات بەکار هێنراوە، هەروەها چاوەڕوان دەکرێت لەم ساڵدا کۆچی گوندنشینەکان لە هەندێك ناوچە کە وشکەساڵییەکە توند گرتوویەتەوە بەرەو شارەکان دەست پێ بکات.

*** ئەگەر باسی پارێزگای هەولێر و شاری هەولێر و دەوروبەری بکەین، بەو پێیەی لەم پارێزگایەدا بەنداوی گەورە نییە و تەنانەت لەسەر زێی گەورەش وەکو پێویست پرۆژەی ئاودێریی گەورەی تێدا نییە، ئایا کەرتی کشتوکاڵ لەم پارێزگایە ڕووبەڕووی قەیرانی گەورە دەبێتەوە؟**

- پارێزگای هەولێر و شاری هەولێر بە شێوەیەکی زۆر خێرا گەشەی کردووە و گەورە دەبێت، پێداویستییەکانی دانیشتووانەکەی بۆ ئاوی خواردنەوە و خۆراك بە خێرایی ڕووی لە هەڵکشانە،

ئەوەی مەترسیی وشکەساڵی و کەمیی ئاوی خواردنەوە و دابەزینی ئاستی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی زیاتر کردووە، خراپیی بەڕێوەبردنی ئاو و نەبوونی ژێرخانێکی بەهێزە لە بواری بەنداو و بەربەست و پرۆژە ئاودێرییەکان

هەر وڵاتێک بەڕێوەبردنێکی باشی ئاوی خواردنەوە و ڕێکخستنی کەرتی سەرچاوەکانی ئاوی نەبێت و، پلانی پێشوەختەی بۆ قەیرانی کەمیی ئاوی خواردنەوە و کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی نەبێت، کاریگەرییەکانی وشکەساڵی زیاتر لەسەری دەردەکەوێت

کێشەمان لە چۆنیەتی گلدانەوەی ئاوی باران هەیە، بۆیە ئاستی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەویمان زۆر دابەزیوە

**چاوەڕوان دەکرێت لەم ساڵدا کۆچی گوندنشینەکان لە هەندێک ناوچە کە وشکەساڵییەکە توند گرتوویەتەوە بەرەو شارەکان دەست پێ بکات**

**پێشتر لە گردەڕەشە بیری ئاوی کشتوکاڵیمان لێ دەدا بە ٢٠٠ – ٢٥٠ مەتر کەچی دوو ساڵ پێش ئێستا بیرێکمان لێ دا، بە ٤٥٠ مەتر گەیشتە ئاوی ژێر زەوی**

**گرفتی سەرەکیی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەوەدایە کابینەیەک دێت و کاری کابینەکەی دیکە تەواو ناکات و ڕوو لە پڕۆژەی دیکە دەکەن**

**ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانەکانی خۆی جێبەجێ بکات لە دەستپێکردنی پرۆژەی ٤ی ئیفراز و پرۆژەی ئاودێریی شەمامک و دروستکردنی چەند بەنداوێکی قەبارە بچووک، ئەو کات کاریگەرییەکانی کەمئاوی کەم دەبێتەوە**

ئێ خۆ نابێت پرۆژەکانی بەنداو و ئاودێری و گەشەکردنی کشتوکاڵ بوەستێت، بەتایبەتی ئەو بەروبوومانەی پێویستە بە شێوەیەکی خێرا بگەنە دەستی هاووڵاتیان لە ناو سەنتەری شار وەکو سەوزە و میوەجات، ئەمە جگە لە پڕۆژەکانی پیشەسازیی خۆراکی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر کە هەمووی پێویستی بە سەرچاوەی ئاوی پاك و شیرین هەیە، ئێمە پێشتر لە گردەڕەشە بیری ئاوی کشتوکاڵیمان لێ دەدا بە ٢٠٠ – ٢٥٠ مەتر کەچی دوو ساڵ پێش ئێستا بیرێکمان لێ دا، بە ٤٥٠ مەتر گەیشتە ئاوی ژێر زەوی، ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی جووتیارانی دەشتی هەولێر و پارێزگاکە پشتیان بە لێدانی بیر بەستووە، کەمیی بەنداو و کەمیی بەفر و باران کاریگەریی خراپی لەسەر وشکبوون و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی کردووە، بارانە بەخوڕەکەی ئەمساڵ سوودێکی وای نەبوو، تاوەکو بچێتە ناو ناخی زەوییەوە. دەبووایە پڕۆژەی دەشتی شەمامك جێبەجێ بکرایە، کە یەك دوو قۆناغی تەواو بوو، بەڵام بە هۆی شەڕی داعش و قەیرانی داراییەوە ڕاگیرا. گرفتی سەرەکیی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەوەدایە کابینەیەك دێت و کاری کابینەکەی دیکە تەواو ناکات و ڕوو لە پڕۆژەی دیکە دەکەن، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانەکانی خۆی جێبەجێ بکات لە دەستپێکردنی پڕۆژەی ٤ی ئیفراز و پڕۆژەی ئاودێریی شەمامك و دروستکردنی چەند بەنداوێکی قەبارە بچووك، ئەو کات کاریگەرییەکانی کەمئاوی کەم دەبێتەوە.

*** باسی کاریگەرییەکانی وشکەساڵیت کرد لەسەر کەرتی کشتوکاڵ و دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆ، بەو پێیەی خاوەنی چەندین توێژینەوەی لەسەر گرنگیی کەرتی کشتوکاڵ و زیادکردنی ڕێژەی چاندنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، چی بکرێت بۆ ئەوەی شوێنەوارەکانی وشکەساڵی و کەمیی بارانبارین و تێکچوونی ڕیتمی باران کاریگەریی توندی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ نەبێت؟**

- تا کاتێك کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان لە شێوە کلاسیکییەکەی بەردەوام بێت، ئەوا بە تەئکید شوێنەوارەکانی وشکەساڵی و بەرزیی پلەی گەرما و کەمیی ئاو کاریگەرییەکانی زۆر توند دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە ژێرخانی کەرتی کشتوکاڵمان بەهێز نییە و خاوەنی بەنداو و بەربەستی ئاوی پێویست نین و پڕۆژە ئاودێرییەکانمان بە هۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی بودجەوە زۆربەی ڕاوەستاون، بۆ نموونە پڕۆژەی دەشتی هەولێر کە بە پڕۆژەی شەمامك ناسراوە و بۆ شاری هەولێر نەك تەنیا بۆ کەرتی کشتوکاڵ، بەڵکو بۆ ڕاگرتنی بەبیابانیبوون و ڕەشەبا و تۆز و خۆڵیش بۆ شاری هەولێر بەسوودە، جێگای خۆشحاڵییە لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان دەست بە دروستکردنی بەنداوی بچووك کراوە، ئەم بەنداوە بچووکانە خێرا دروست دەکرێن و نزیکن لە ئاوەدانی و بۆ کۆکردنەوەی ئاوی بارانیش گرنگن، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەلە بکات لە تەواوکردنی ئەم بەنداوانە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لە پلانی درێژخایەنیدا ڕوو بکاتە دروستکردنی بەنداوە گەورەکان بە دیزاین و قەبارەی جیاواز، خۆ دەکرێت بەنداوی بێخمە بە قەبارەیەکی مامناوەندی دروست بکرێت و زیانەکانی بەژێرئاوکەوتنی خاك کەم بکەینەوە. لەلایەکی دیکەوە پیسبوونی ئاو و پەنابردن بۆ ئاوی ئاوەڕۆ بێ پاککردنەوە بۆ مەبەستی کشتوکاڵ کە لە کاتی کەمئاوی زۆر لە جووتیارانی دەوروبەری شارە گەورەکان پەنای بۆ دەبەن، مەترسییەکی جددییە بۆ سەر تەندروستیی مرۆڤ.

*** بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و چارەسەرکردنی کێشەی کەمیی ئاوی خواردنەوە و کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی بۆ کەرتی کشتوکاڵ پێویستە چ هەنگاوێك بنرێت و تاچەند پێت وایە هەوڵەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەگەرە نەخوازراوەکان لە ئاستی پێویستدایە؟**

- ئێران و تورکیا ئاوەکە بە شێوەیەکی دوور لە عورف و یاسا نێودەوڵەتییەکان دەگرنەوە و ڕێڕەوی ئاوەکان دەگۆڕن، ئەمە مەترسییەکی جددییە و لاوازیی حکومەتی عێراق و نەبوونی سەقامگیری لەم وڵاتەیان ئیستغلال کردووە، عێراق هیچ هەڵوێستێکی بەرامبەر ئەم پێشێلکارییانە نەبووە، بەم هەڵسوکەوتە تەواوی خاکە بەپیتەکانی ناوچەکانی قەڵادزێ و دەربەندیخان و گەرمیان و تا بە درێژایی سنوورەکانی نێوان عێراق و ئێران

دەکەونە بەر مەترسیی کەمبوونەوەی نەك تەنیا ئاو بۆ کشتوکاڵ، بەڵکو کەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوەش، بەو پێیەی زۆربەی پڕۆژەکانی ئاوی خواردنەوە دەکەونە سەر ئەم ڕووبار و زێ و دەریاچانە، بەداخەوە وەکو پێویست سوودمان لێ وەرنەگرتووە، بۆ ئەوەی ببنە بەدیلی ئاوی ژێر زەوی. تەنیا چارەسەریش دروستکردنی بەنداو و بەڕێوەبردنی زانستییانەی ئاو و دەربازبوونە لە شێوازە تەقلیدییەکەی کشتوکاڵ بەرەو کشتوکاڵی مۆدێرن کە ئاوی کەمتر دەوێت و توانای وشکەساڵی هەیە.

*** باسی خراپیی بەڕێوەبردنی سامانی ئاوت کرد، چونکە وەکو ئاشکرایە پڕۆژەی ئیفراز ٣**

بەردەرگا ناکەم، ئەمە ئەرکی وەزارەتی شارەوانی و مامۆستایانی ئایینی و وەزارەتی ڕۆشنبیرییە ڕێگا لەم سەرپێچییانە بگرن، بەڵام بەکارهێنانی ئاو بەو شێوە کلاسیکییە بۆ ئاودانی کشتوکاڵی مەترسییەکی جددییە، لە کاتێکدا ئێستا بە دڵۆپاندن و بەکارهێنانی ئامێر و هێنانی تۆو و ئەو درەختانەی بەرگەی وشکەساڵی دەگرن، بڕە ئاوێکی زۆرمان بۆ دەگەڕێتەوە. پێویستە بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە باڵەخانەکەیان لە نزیك ئێمەیە ڕا و پرسێك بە ئێمە بکەن لە پێناو سەرکەوتنی کارەکانیاندا. دەڵێن ئەمساڵ بە جووتیارانیان وتووە وشکەساڵییە بۆیە گەنمەشامی نەڕوێنن، ئەمە

**پیسبوونی ئاو و پەنابردن بۆ ئاوی ئاوەڕۆ بێ پاککردنەوە بۆ مەبەستی کشتوکاڵ کە لە کاتی کەمئاوی زۆر لە جووتیارانی دەوروبەری شارە گەورەکان پەنای بۆ دەبەن، مەترسییەکی جددییە بۆ سەر تەندروستیی مرۆڤ**



**کە ٩ حەوزی ئاو لەخۆ دەگرێت و هاوکات ئەو هەموو بیرەی ئاوی خواردنەوە لێ دراون، کەچی هێشتا ئاو بەفیڕۆ دەدرێت، لەمەدا چی بکرێت باشە؟**

- لە دونیادا ئاو سامانێکی نەتەوەییە و بۆ خێروخۆشیی خەڵك و بووژانەوەی کشتوکاڵ و تەنانەت پیشەسازییش بەکار دەهێنرێت، کوردەواری وتوویانە «ئاو و ئاوەدانی»، ئەگەر پڕۆژەی زۆریشمان هەبێت، بەڵام بەم شێوە کلاسیکییە ئاودان بکەین و بەم شێوەیە ئاوی خواردنەوە بەکار بهێنین، هەر کێشەکە بێ چارەسەر دەمێنێتەوە. من باسی تانکی بێ تەوافە و نەبوونی بەلۆعە و شووشتنی شەقام و کارەساتە و زیانی گەورە بە عەلەف و سامانی ئاژەڵی و پەلەوەر و گرانیی نرخیان دەگەیەنێت. لە ئوسترالیا گەنم هەیە بە ١٥٠ ملیم باران بەرهەم دەهێندرێت، باشە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆچی ئەو جۆرە گەنمە ناهێنێت بۆ هەرێم و بە سەر جووتیاراندا دابەشی بکات؟ هەندێك پەین هەیە، یارمەتیت دەدات بۆ وشکەساڵی لە سەنتەرەکانی توێژینەوەمان پەینی پۆتاسیۆم لە بەروبوومەکان دراوە و گەیشتبووە بەرهەم. بەکارهێنانی ڕێگای زانستی نوێی ئاودان و ڕواندن و هێنانی بنەتۆوی باش و کوالێتی بەرز و چارەسەرکردنی پەتا و نەخۆشییەکان ڕێکارە گرنگەکانی چارەسەرن.

**لە ئوسترالیا گەنم هەیە بە ١٥٠ ملیم باران بەرهەم دەهێندرێت، باشە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆچی ئەو جۆرە گەنمە ناهێنێت بۆ هەرێم و بە سەر جووتیاراندا دابەشی بکات؟**



**ئیبراهیم ئەحمەد مستەفا**

**سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای نەخۆشانی تالاسیما لە هەولێر بۆ گوڵان:**

# سوپاسی سەرۆکی حکومەت دەکەین بۆ بەهاناوەهاتن و چارەسەرکردنی نەخۆشانی تالاسیما

**گرنگی و بایەخدان بەو چین و توێژانەی خاوەن پێداویستیی تایبەت و نەخۆشیی درێژخایەنن، یەکێکە لەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت و، لەم ڕووەوە بڕیاری ئەم دواییە بۆ تەرخانکردنی هاوکارییەك بۆ چارەسەری نەخۆشانی تالاسیما جێی دەستخۆشی و ستایشە و بە ئاوڕدانەوەیەکی جددی دادەنرێت لەم توێژە. ئەم باسە بووە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد مستەفا بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆمەڵەی تالاسیمای هەولێر و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای تالاسیما.**

*** تالاسیما نەخۆشییەکی درێژخایەنە و بەردەوام پێویستی بە گۆڕینی خوێنی نەخۆشەکان هەیە، ئایا تاچەند خوێنبەخشانی کوردستان هاوکارن بۆ دابینکردنی خوێن بۆ ئەم نەخۆشانە؟**

- نەخۆشیی تالاسیما نەخۆشییەکی درێژخایەنە کە لە باب و باپیرانەوە دەگوازرێتەوە، بەڵام نەخۆشییەکە لە کەسێك بۆ کەسێکی دیکە ناگوازرێتەوە، لە هەرێمی کوردستان ئەنجومەنێکی باڵای تالاسیما هەیە، کە شەش کۆمەڵە لە خۆی دەگرێت، هەر کۆمەڵەیەك لە شارەکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، ئاکرێ، خانەقین و ڕانیە) هەن. لە هەموو هەرێمی کوردستان نزیکەی (٤٠٠٠) تووشبوو بە تالاسیما هەن کە بەردەوام خوێن وەردەگرن، لە شاری هەولێر ٨٥٠ تووشبووی تالاسیما هەن، تووشبووی دیکەش هەن کە لە وڵاتی سووریا و ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە هاتوونەتە هەولێر، بەو تووشبووانەوە ئێستا بە گشتی ١١٩٦ تووشبوو لە هەولێر تۆمار کراون. بۆ خوێنگۆڕینی ئەو ژمارە تووشبووانەش ڕۆژانە خوێنمان لە بەڕێوەبەرایەتیی بانکی خوێنی هەولێر بۆ دەستەبەر دەکرێت، کە لە سەنتەری تالاسیمای هەولێر ڕۆژانە ٥٠ تووشبوو بەو نەخۆشییە خوێن وەردەگرن و کێشەمان لە دابینکردنی خوێن و وەرگرتن نییە و، ئەو ٥٠ تووشبووەی نەخۆشیی تالاسیما پێش سێ ڕۆژ لە وەرگرتنی خوێن، خێزانەکانیان پەیوەندیمان پێوە دەکەن، کە نەخۆشەکەیان پێویستی بە خوێن هەیە، ئێمەش ناوەکانیان هەر یەکەی بەپێی گرووپی خوێنەکەیان لە لیستێکدا تۆمار دەکەین و ڕەوانەی بانکی خوێنی دەکەین بۆ ئامادەکردن و هێنانی بوتڵە خوێنی پێویست. بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن دوو گرووپەوە خوێن دەبەخشرێت، ئەو دوو گرووپە خوێن بەخشە زۆر بە ڕێکوپێکی ئامادەن و درێغییان لە خوێنبەخشین بۆ تووشبووانی تالاسیما نەکردووە، بەردەوامیش بەڕێوەبەرایەتیی بانکی خوێن هەڵمەتی خوێنبەخشینیان هەیە و بۆ تووشبووانی نەخۆشیی تالاسیما خوێن کۆدەکەنەوە، هاوکات کێشەمان لەو کیسانەش نییە کە خوێنی تێدا دێت، چونکە هەموو کیسە خوێنەکان فلتەر کراوە لە ڕووی شیاوی و تەندروستییەوە و تایبەتە بە نەخۆشانی تالاسیما.

*** لە کوردستان نەخۆشخانەی تایبەت بە تالاسیما هەیە، تاچەند ئەم نەخۆشخانانە هاوکارن بۆ ئەوەی ئەم نەخۆشانە لە کاتی خۆیدا خوێنەکانیان بۆ بگۆڕدرێت؟**

- چەند ساڵی ڕابردوو نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشیی تالاسیمامان نەبوو، لە سەرەتادا لە نەخۆشخانەی ڕزگاری لە نهۆمی پێنجەم شوێنمان بۆ تەرخان کرابوو، پاشان گوازراینەوە بۆ نەخۆشخانەی سیل و چەندین نەخۆشخانەی دیکە، لەو سەردەمەی کە شەهید فەرەنسۆ پارێزگاری هەولێر بوو ٣٢٠٠ مەتر دووجا زەوی بۆ ئەو سەنتەرە تەرخان کردبوو کە دەکەوێتە گەڕەکی ڕووناکی لە ناو شاری هەولێر، لە ساڵی ٢٠١٠ لەسەر ئەو پارچە زەوییە دەست بە دروستکردنی سەنتەرێکی ڕۆشنبیریی تایبەت بەو نەخۆشییە کرا، تا گەیشتە ساڵی ٢٠١٤ لەو کاتەش قەیران و شەڕی داعشی بە سەردا هات و باڵەخانەکەی ئەو سەنتەرە بە هەیکەلی مایەوە تاگەیشتە ساڵی ٢٠٢١،

**بە ناوی هەموو تووشبووانی نەخۆشیی تالاسیمای کوردستان سوپاسی بێ پایانی ڕێزدار مسرور بارزانی دەکەین بۆ بەهاناوەهاتنی تووشبووانی تالاسیما و چارەسەرکردنیان لە دەرەوەی وڵات**

**داواکارم سەنتەرێکی چاندنی مۆخی ئێسقان لە کوردستان بەتایبەت لە شاری هەولێر دابمەزرێت**

**نەخۆشیی تالاسیما نەخۆشییەکی درێژخایەنە کە لە باب و باپیرانەوە دەگوازرێتەوە، بەڵام نەخۆشییەکە لە کەسێک بۆ کەسێکی دیکە ناگوازرێتەوە**

**لە شاری هەولێر ٨٥٠ تووشبووی تالاسیما هەن، تووشبووی دیکەش هەن کە لە وڵاتی سووریا و ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە هاتوونەتە هەولێر، بەو تووشبووانەوە ئێستا بە گشتی ١١٩٦ تووشبوو لە هەولێر تۆمار کراون**

**لە لایەن دوو گرووپەوە خوێن دەبەخشرێت، ئەو دوو گرووپە خوێن بەخشە زۆر بە ڕێکوپێکی ئامادەن و درێغییان لە خوێنبەخشین بۆ تووشبووانی تالاسیما نەکردووە**

**بەردەوام بەڕێوەبەرایەتیی بانکی خوێن هەڵمەتی خوێنبەخشینیان هەیە و بۆ تووشبووانی نەخۆشیی تالاسیما خوێن کۆدەکەنەوە**

**نەخۆشخانەی تایبەت بە تالاسیما لە هەولێر لەلایەن خێرخوازێک دروست کرا، لە ساڵی ٢٠٢٢ بە هاوکاری بەڕێزان پارێزگاریی هەولێر و وەزیری تەندروستی و بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر ئەو نەخۆشخانەیە بە هەموو پێداویستیی تەندروستی و پزیشکی و ستافەکەیەوە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد**

لە ڕۆژێکی هەڵمەتی خوێنبەخشین، چاوم بە مامۆستا مەلا ڕەعد وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کەوت، کە باسی ئەو هەیکەلەی تالاسیمام بۆی خستەڕوو بۆ ئەوەی بتوانن نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە تالاسیمامان لە ڕێگەی خێرخوازانەوە بۆ دروست بکەن، لە ئەنجامدا نەخۆشخانەی تایبەت بە تالاسیما لە هەولێر لەلایەن خێرخوازێك دروست کرا، لە ساڵی ٢٠٢٢ بە هاوکاری بەڕێزان ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر و وەزیری تەندروستی و بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر ئەو نەخۆشخانەیە بە هەموو پێداویستیی تەندروستی و پزیشکی و ستافەکەیەوە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و، لە خزمەتی نەخۆشانی تووشبوو بە تالاسیمادایە، زۆر سوپاسی د. ئارین سەرتیپ کاکەیی دەکەین کە بەڕێوەبەری سەنتەرەکەیە و ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبوو لە هێنانە سەر خەتی خێرخوازان و دەوڵەمەند و خواپێداوان و، توانرا لە ٨ی مانگی ٥ی ٢٠٢٢ ئەو سەنتەرە لە یادی تالاسیماوە بکەوێتە خزمەتی نەخۆشەکانی تالاسیماوە، ئەم نەخۆشخانەیە، یان بڵێین سەنتەرە بە بێ گرفت و کێشە ڕۆژانە فریای تووشبووانی نەخۆشەکان دەکەوێت.

*** بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە بە بڕی زیاتر لە ٥,٥ ملیۆن دۆلار چارەسەری ١٠٠ تووشبووی نەخۆشی تالاسیما بکات، ئایا ئەم بڕیارە چەند گرنگیدانە بەو نەخۆشانە و تاچەند گەشبینی ئەوە هەیە بەم بڕیارەی سەرۆکی حکومەت ئەم نەخۆشانە چاك ببنەوە؟**

- بە ناوی هەموو تووشبووانی نەخۆشیی تالاسیمای کوردستان زۆر سوپاسی بێ پایانی ڕێزدار مسرور بارزانی دەکەین بۆ بەهاناوەهاتنی تووشبووانی تالاسیما و چارەسەرکردنیان لە دەرەوەی وڵات بە بڕ و پارەیەکی زۆر، کە بۆ ١٠٠ تووشبووی تالاسیمای تەرخان کرد، ئەو هەواڵە زۆر دڵخۆشکەر بوو، بەتایبەت بۆ نەخۆشەکان و خێزانەکانیان و، بە تەواوی هەست کرا کە سەرۆکی حکومەت خەمخۆری گەلەکەیەتی و ئاگاداری هەموو لایەن و کێشە و گرفتەکانی خەڵکی کوردستانە، ئەم بڕیار و هەواڵە وای کردووە کە ڕۆژانە نەخۆش و خێزانەکانی ئەو تووشبووانە پەیوەندیمان پێوە بکەن و، ڕێز و دڵخۆشیی خۆیان بۆ بڕیاری جەنابی مسرور بارزانی دەربڕن، کە ئەو پارە تەرخان کراوە بۆ ١٠٠ تووشبووی نەخۆشییەکە، کە هەر نەخۆشێك ٥٥٠٠٠ دۆلاری بۆ دانراوە کە لە دەرەوەی وڵات چاندنی مۆخیان بۆ دەکرێت، بێگومان بە چاندنی مۆخ بۆ هەر تووشبوویەك هیوا و ئومێدی چاکبوونەوە و چارەسەری ئەو نەخۆشانە هەیە.

*** ئەگەر ئەم هەوڵەی سەرۆکی حکومەت بۆ چاندنی مۆخ بۆ ئەم نەخۆشانە سەرکەوتوو بێت و نەخۆشەکان چاك ببنەوە، تاچەند ئومێد هەیە کە قۆناخی دیکەشی بەدوادا بێت و نەخۆشی دیکەش بنێرێتە دەرەوە؟**

- ئومێد و چاوەڕوانیی زۆرباش هەیە کە قۆناخی دیکە بە دوای ئەم بڕیارەوە بێت لە لایان جەنابی سەرۆکی حکومەتەوە، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشانی دیکەی تووشبوو بە تالاسیما، چونکە حکومەتی کوردستان بە تایبەتی لەو کابینەیەدا کە شەخسی ڕێزدار مسرور بارزانی زۆر هاوکار و خەمخۆری تووشبووانی نەخۆشی تالاسیماوە بووە و، هەردەم دەرگایان بە ڕووی تووشبووانی نەخۆشیی تالاسیماوە کراوەتەوە، بە تەنگ چارەسەری کێشە و گرفتەکانمان هاتوون.

*** ئەو وڵاتەی دەستنیشان کراوە بۆ ناردنی ئەم نەخۆشانە کام وڵاتە و شێوازی چوون و هاتن و چارەسەریان چۆن دەبێت؟ ئایا تیم، یان لێژنەیەکی تایبەتی حکومەت ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکات؟**

- ئێمە چاوەڕوانی وەزارەتی تەندروستین کە ڕێنماییمان پێ بدات بۆ چۆنیەتیی چوون و هاتنی تووشبووانی تالاسیما، کە لە ساڵانی ڕابردوو لە ڕێگەی ئەوانەوە تووشبووانی ئەو نەخۆشییە درێژخایەنە ڕەوانەی وڵاتی هیندستان و تورکیا کراون، بەڵام بۆ ئەو ١٠٠ نەخۆشە، تا ئێستا هیچ وڵاتێك دەستنیشان نەکراوە، بێگومان بۆ سەرپەرشتی و چوون و هاتنی ئەو ١٠٠ نەخۆشە لەلایان وەزارەتی تەندروستییەوە لێژنەیەك دادەنرێت کە ئاگاداری هەموو کار و پێداویستی و ڕێوشوێنەکانی نەخۆشەکان دەبن. لەلایەکی دیکەوە ناوی ئەو تووشبووانەی



نەخۆشیی تالاسیما لەلایەن سەنتەری تالاسیماوە بۆ وەزارەتی تەندروستی بەرز دەکرێتەوە، کە ئەمەش کارێکی دیکەی زۆر گرنگ و باشە کە هەر نەخۆشێك بەپێی پێویستی و ئاستی نەخۆشییەکەی دیاری دەکرێت.

*** ئێوە وەك دامەزراوەیەکی پەیوەندیداری مەدەنی و کەسوکاری نەخۆشەکان، چ هەستێکتان هەبوو کاتێك گوێتان لەم بڕیارەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بوو، بۆ بەتەنگەوەهاتنی چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشانە؟**

- ئەو کاتەی ئەو هەواڵە ڕاگەیاندرا، ڕانەدەگەیشتین وەڵامی خێزان و کەسوکاروی تووشبووانی تالاسیما بدەینەوە، کە تا ئەو پەڕی دڵخۆشی و ئاسوودەیی خۆیان دەردەبڕی، چونکە چەندین ساڵە بڕیار و هەواڵێکی وا خەمخۆری و بەتەنگەوەهاتنی ئەو تووشبووانە نەبووە، لە کۆتاییدا لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵانەوە داواکارم سەنتەرێکی چاندنی مۆخی ئێسقان لە کوردستان بەتایبەت لە شاری هەولێر دابمەزرێت، چونکە بە کردنەوەی سەنتەرێکی ئاوا پێویستمان بە وڵاتانی دەرەوە نابێت بۆ چارەسەری تووشبووانی ئەو نەخۆشییە، کە لە لایەك ئاسانکارییە بۆ خێزانانی تووشبوو، لە لایەکیش حکومەت بارسووکییەکی باشی بۆ دەستەبەر دەبێت، لە لایەکی دیکەوە داواکارین لە جەنابی ڕێزدار مسرور بارزانی بەردەوام بێت لە ناردنی ئەو نەخۆشانە بۆ دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرکردنیان و، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی هەموو کۆمەڵە و سەنتەرەکانی تالاسیما و خێزان و کەسوکار و تووشبووانی نەخۆشی تالاسیما، بە ڕێزدار مسرور بارزانی بگەیێنین و داوا لە خوای گەورە دەکەین دەست بە تەمەن و تەندروستیی جەنابیانەوە بگرێت و پاداشتی خێری بداتەوە.

**هەر نەخۆشێک ٥٥٠٠٠ دۆلاری بۆ دانراوە کە لە دەرەوەی وڵات چاندنی مۆخیان بۆ دەکرێت**

**ئێمە چاوەڕوانی وەزارەتی تەندروستین کە ڕێنماییمان پێ بدات بۆ چۆنیەتیی چوون و هاتنی تووشبووانی تالاسیما، کە لە ساڵانی ڕابردوو لە ڕێگەی ئەوانەوە تووشبووانی ئەو نەخۆشییە درێژخایەنە ڕەوانەی وڵاتی هیندستان و تورکیا کراون**



# فرەجۆریی بایۆلۆژی هۆکاری پاراستنی ژینگەمانە

فرەجۆریی بایۆلۆژی وەسفێکە بۆ فرەجۆریی ژیان لە هەسارەی زەوی، بە ملیۆنەها جۆری ڕووەك و گیانلەبەران و سیستمی ئیکۆلۆژی و فرەجینی نێوانیانەوە. واتە فرەجۆریی بایۆلۆژی تۆڕێکی ئاڵۆز و پێکەوە گرێ دراوە کە هەر بەشێك تیایدا ڕۆڵێکی گرنگی دیار و هەندێك جاریش شاراوەی هەیە کە زۆر جاریش بە چاوی ئاسایی نابیندرێت.

فرەجۆریی بایۆلۆژیی ئەو فاکتەرەیە کە ئەم هەسارەیەی بە شێوەیەك لێ کردووە کە شیاو بێت بۆ ژیان و ئەو بنەمایەشە کە پاڵپشتە بۆ هەموو شێوازەکانی ژیان و تەندروستیی مرۆڤ لەسەر هەسارەکەمان، هەر فرەجۆریی بایۆلۆژیشە کە هۆکارە بۆ هێشتنەوەی ئاو و هەوای پاك و خۆراکی بەسوود و سەرچاوەکانی دەرمان، هەر فرەجۆریی بایۆلۆژیشە کە هۆکارە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییە سرووشتییەکان و ڕێگریکردن لە گۆڕانکارییە خراپەکانی ئاو و هەوا، بە جۆرێك ئەگەر هەر بەشێك لە بەشەکانی فرەجۆریی بایۆلۆژیی بگۆڕدرێت، یان نەمێنێت لەنێو تۆڕە فراوانەکەدا، ئەوسا سیستمی ژیان بە تەواوی زیانی بەر دەکەوێت و ئاکامی خراپ دێتە ئاراوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئاسەوارە خراپەکانی چالاکییەکانی مرۆڤ، گۆڕانکاریی خراپی بە سەر ٧٥٪ی ڕووی زەوی و ٦٥٪ی ڕووبەری زەریاکان هێناوە، بە جۆرێك کە بووەتە هۆی لەناوبردنی ڕووبەرێکی زۆری دارستانەکان و تواندنەوەی بەستەڵەکەکان و دیارنەمانی زۆرێك لە جۆرەکانی زیندەوەران بە ماوەیەکی خێراتر لە چاو هەزاران ساڵی لەمەوبەر.

بۆیە ئێستا کاتی سرووشتپارێزی و پاراستنی فرەچەشنی زیندەوەرانە لە ڕێگەی تێگەیشتنی زیاتر لە تۆڕی پەیوەندیی نێوان پێکهێنەرەکانی ژینگە بە گشتیی کە وەك سیستمێکی تەواکارانە پێکەوە کار دەکەن و کارلێکیش لە نێوانیاندا کاریگەری لەسەر یەکدی دروست دەکەن.

لێرەوەیە کە ڕێککەوتننامەی فرەجۆریی زیندەوەران هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ژیان لەسەر هەسارەیەکی پارێزراو، کە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە و هاوبەشەکانی کاری تێدا دەکەن بۆ پەرەپێدان بە پلانی ستراتیژیی نیشتمانیی تایبەت بە فرەجۆریی زیندەوەران کە لە ٢٢ی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی نایرۆبی پەسەند کرا و، لە کۆنگرەی (ریۆ دی جانیرۆ)ش لە هەمان ساڵدا واژۆی لەسەر



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

کرا، هەر لەبەر گرنگیی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان لە بارەی ئەم ڕێکەوتننامەیەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دا بە زیندووڕاگرتنی ئەم ڕۆژ و ڕێکەوتە وەك ڕۆژی نێودەوڵەتیی فرەجۆریی زیندەوەران، کۆماری عێراقیش بوو بە ئەندام لە ڕێکەوتننامەی فرەجۆریی زیندەوەران بەو یاسایەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند کرا بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە زیندەوەران.

هەر لێرەشەوە هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە جێبەجێکردنی مادده و بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی فرەجۆریی زیندەوەران و ئەندامی بەشدار بووە لە بۆردی ئەم ڕێکەوتننامەیە لە وەزارەتی ژینگەی عێراق کە خاڵی پەیوەندییە لەگەڵ لایەنی جیهانی و نێودەوڵەتی سەبارەت بە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان.

لەم پێناوەشدا دەستەی ژینگە لە ماوەی کەمتر لە یەك ساڵدا توانیویەتی ئەم هەنگاوانە بنێت:

یەکەم: بۆ یەکەم جار توانی پەیڕەوی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١١ بخاتە کار، پاش بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٢١/٩/١٤.

دووەم: پێکهێنانی لیژنەی باڵای پاراستنە سرووشتییەکان بە سەرۆکایەتیی دەستەی ژینگە و نوێنەرانی هەر یەك لە وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی و کەسانی پسپۆڕ.

سێیەم: پێکهێنانی لیژنەی پاراستنە سرووشتییەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

چوارەم: ڕێنمایی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١ی تایبەت بە ڕاوکردنی دەرچوواند و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستانیش بڵاوی کردەوە.

پێنجەم: ئەمساڵیش ڕێنمایی ژمارەی ٢ی ساڵی ٢٠٢٢ی تایبەت بە مەرجەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی ئامادەیە بۆ پەسەندکردن و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان.

شەشەم: ئێستاش لە هەنگاوی کۆتاییدا لیژنەی پاراستنە سرووشتییەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا لە هەوڵی پێکهێنانی لیژنەی بەڕێوەبردنی تایبەت بە هەر پارێزراوێکی سرووشتییە لە سنوورەکانیاندا.

بە هیوای ئەوەی بە هەر دوو ڕەهەندی هۆشیاریی ژینگەیی و پیادەکردنی یاسا لەلایەنی پەیوەندیدارەوە، هەموومان پێکەوە ژینگە و سرووشت و فرەجۆریی بایۆلۆژی بپارێزین.

# ئافرەتان لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان فەرامۆشکراون


ژمارەیەکی زۆری ئافرەتی میدیاکار لە هەرێمی کوردستان جەخت لەوە دەکەنەوە کە توانای پیشەیی ئافرەتان لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکاندا فەرامۆش کراوە و لەبەر چاو نەگیراوە. هاوکات داواکارن توێژینەوەیەکی چڕ و پڕ لەسەر بارودۆخی هزری و ئایدیایی کۆمەڵگەی کوردی ئەنجام بدرێت، هەم بۆ کاری میدیایی بە گشتی و هەم بۆ کاری ئافرەتان لەو دامەزراوانەدا بەتایبەتی بخاتە ڕوو و دەرەنجامەکانی نیشان بدات. لەم نووسینەدا زیاتر باسی ئەو پرسە دەکەم.

کارکردن لە دامەزراوەی میدیایی لە ڕووی سیستەم و ڕێکخستنی توانا مرۆییەکان زۆر جیاوازە لە دامەزراوە و دەزگاکانی دیکە، بەتایبەت لە دابەشبوونی توانای مرۆیی لەسەر بنەمای ڕەگەز (نێر و مێ)، هۆکاری ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ دیدی تایبەتیی کۆمەڵگە و تێڕوانینی بۆ کاری میدیایی و لە بەرامبەریشدا تێڕوانین بۆ هەر یەك لە ڕەگەزەکانی (نێر و مێ)، یان ڕوونتر بوترێ (ژن و پیاو)، ئەگەرچی لە زۆرێك لە کایە جیاوازەکاندا کارکردنی ئافرەتان لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی کوردییەوە جیاوازە لەو تێڕوانینەی کە بۆ کاری پیاوان هەیە، ئەمە لە بواری میدیادا ئەشێ ڕەنگدانەوەی زیاتری هەبێت، یان ڕەنگە کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگەکەمان تێڕوانینەکانیشی گۆڕیبێت، هەر جۆرێك بێت، بابەتی دیاریکردنی ڕاددەی بەشداریی ئافرەتان وەك توانای مرۆیی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی میدیا لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە توێژینەوەی زانستی هەیە، بۆ ئەوەی لەگەڵ دیاریکردنی ئەو ڕاددەیە هۆکارگەلێکی جیاواز بخرێنە ڕوو، یان کاریگەریی ئافرەتان لەسەر ئەو دامەزراوانە تاوتوێ بکرێن کە ئافرەتان کار لە سیستەمی بەڕێوەبردنەکەیدا دەکەن.

**لە زۆرێک لە کایە جیاوازەکاندا کارکردنی ئافرەتان لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی کوردییەوە جیاوازە لەو تێڕوانینەی کە بۆ کاری پیاوان هەیە، ئەمە لە بواری میدیادا ئەشێ ڕەنگدانەوەی زیاتری هەبێت**

کارکردن لە میدیا و دامەزراوە میدیاییەکاندا جگە لەوەی وەك پیشەیەك باس دەکرێت، حەز و سەلیقەی کاریش ڕۆڵی بەرچاوی لە سەرکەوتنی کارەکەدا هەیە، تایبەتمەندیی ئافرەتانیش لەم کارەدا ئەشێ پەیوەندی بە شێوازی کار و تێڕوانینی کۆمەڵگەوە هەبێت، هەر چۆن بێت، ئەم توێژینەوەیە لە بارودۆخی فکری و ئایدیایی کۆمەڵگەی کوردیدا ئەنجام دەدرێت و لە ڕوانگەیەکی جیاوازیشەوە ئەشێ تێڕوانینی کۆمەڵگە هەم بۆ کاری میدیایی بە گشتی هەم بۆ کاری ئافرەتان لەو دامەزراوانەدا بە تایبەتی بخاتە ڕوو، دەرەنجامەکانیشی نیشان بدات، کە تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ کاری میدیایی و بەشداریی ئافرەتان چۆن بووە.

بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی کارێکی دژوار و چەند لایەنیە، دژواریی ئەم کارە پەیوەندی بە تێگەیشتنی جیاوازەوە هەیە، ئەویش لە کاروباری میدیایی و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی گەیاندنی زانیاری، چەند لایەنی کاری بەڕێوەبردن لە دامەزراوەی کاری میدیاییشدا پەیوەندی بە لایەنە جیاوازەکانی نێو کاری میدیایی هەیە، وەك «پەیامنێری، هەواڵسازی، سەرنووسەری، بەڕێوەبردن، کاروباری تەکنیکی و تەکنەلۆژیا، سیاسەت و پەیامسازی»، ئەم دژواری و چەند لایەنە لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیاییدا کاتێك دێتە بەردەم بەشداربووان لە بەڕێوەبردنی میدیادا (وەك کارمەندێك، یان بەڕێوەبەری دامەزراوەیەکی میدیایی دەست بەکار بێت. بۆ دەربازبوون لەم دژوارییە و چارەسەری چەند لایەنانەی بەڕێوەبردنی



**دهۆک بارزانی**

**ئەندامی ئەنجومەنی سۆران/ بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان (ی.ئا.ک)**

دامەزراوەی میدیایی، کارمەند، یان بەرپرس، پەنا دەباتە بەر چەندین ڕێگای بەڕێوەبردن، تابتوانێت بە یەکێك لە ڕێکارەکان باشترین ڕەوتی بەڕێوەبردن بگرێتە بەر، یەکێك لەو ڕێگایانەی کە بۆ ئەم مەبەستە دەگیرێتە بەر، بەشداریی کارمەندانی کارا و گونجاوە چ لە ڕووی توانای کار و شارەزایی و ڕەگەز، یان تەمەنەوە، ئەمەش لە بەشێکی کاری بەڕێوەبردنی میدیاییدا کە بە «بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی لە دامەزراوەی میدیاییدا» ناو دەبرێت، بەو مانایەی کە تا چەند بە باشی بەشداری لە کاری بەڕێوەبردنی میدیاییدا کراوە، چەند لە ئاست پێویستی کارەکاندایە. ئەو توێژینەوەیە مەبەستیەتی شوێن و پێگەی بەشداریی ئافرەتان لە سیستەمی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا دەربخات و سیستەمی بەڕێوەبردنی مرۆیی لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی ڕوون بکاتەوە، لە ڕوانگەی بەشداریی ئافرەتان لە کاروباری میدیاییدا، هەوڵ دەدات بنەما سەرەکییەکان و ڕوانگە و سیستەمە جیاوازەکانی بەڕێوەبردن و بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی بەشداری لەسەر بنەمای ڕەگەزی لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی لە هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکات و ڕێکار و بنەماکانی بەشداریی کارمەندان لە بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی لە دامەزراوەی تەلەفزیۆنیدا بخاتە ڕوو.

ئامانجی بەشداریکردنی ئافرەتان لە دامەزراوە میدیاییەکان

١- نیشاندانی ڕاددەی بەشداریی ئافرەتان لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان.

٢- دیاریکردنی جۆری ئەو بوارانەی کە ئافرەتان لە دامەزراوە میدیاییەکان بەرجەستەی دەکەن.

٣- خستنە ڕووی ئەو بوارانەی کە لە نێو دامەزراوە میدیاییەکاندا ئافرەتان بەشداری تێدا دەکەن.

٤- خستنەڕووی ڕاددەی گرنگیدان بە توانای ئافرەتان لە دامەزراوە میدیاییەکاندا.

لە سیستەمی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان لە پۆست و کاری بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرێتییە نێوەندییەکاندا ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان وەك جێگری بەڕێوەبەری دامەزراوە و کەناڵە میدیاییەکان هیچ ڕێژەیەکی بەرچاو تۆمار نەکراوە.

لە سیستەمی دامەزراوە میدیاییە تەلەفزیۆنیەکاندا زۆر بە کەمی ئافرەتان وەك بەرپرس لە بەڕێوەبەرایەتیی پەیوەندییەکان تۆمار کراون.

لە بەڕێوەبەرایەتی بەرنامەکانی ڕادیۆدا ئافرەت تەنیا وەك بەرپرسی بەشی بەرنامەکان گەیشتووەتە پلەی بەڕێوەبەر.

بەشداریی ئافرەتان لە دامەزراوە میدیاییەکانی وەکو پیشەی پێشکەشکاری زیاترە وەك لە بواری بەڕێوەبردن و ڕێژەکەشی بەراورد بە ڕەگەزی بەرامبەر کەمترە.

ئاستی بەشداریی ئافرەتان لە دامەزراوە میدیاییەکان لە ڕادیۆکاندا زۆرترە بە بەراورد بەجۆرەکانی دیکەی دامەزراوە میدیاییەکان.

بەشداری ئافرەتان لە دامەزراوە میدیاییەکان خوی لە بواری بێژەری و پێشکەشکاری و بازاڕگەریدا دەبینێتەوە بە بەراورد بە بوارەکانی دی.

بەشداریی ئافرەتان لە هەندێك بواری بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەك تەکنیك سفرە لە هەندێك لە دامەزراوە میدیاییەکاندا و هیچ ڕێژەیەکی بۆ دانەنراوە.

**دیاریکردنی ڕاددەی بەشداریی ئافرەتان وەک توانای مرۆیی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی میدیا لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە توێژینەوەی زانستی هەیە**

# زۆرجار بە هۆکاری جیاواز ئافرەت لە بەشە میراتەکەی بێبەش دەکرێت

**بە هەموو پێوەرەکان وەرگرتنی بەشە میرات لەلایەن میراتگرانەوە مافێکی شەرعی و یاساییە، ئەویش بەو ئەندازەیەی کە هەر یەکێك لە میراتگرەکان بۆیان دیاری کراوە، بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردی لێرەو لەوێ دەبینین و دەبیستین کەوا بە ناهەق و بە چەندین هۆکاری جیاواز ئافرەت لە بەشە میراتەکەی بێبەش کراوە، یان ناچار کراوە بەشە میراتەکەی وەرنەگرێت، لەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان یاساناسان شرۆڤەی زیاتری مافی وەرگرتنی هەر تاکێك لە بەشە میراتەکەی دەکەن.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەبارەت بە مافی ئافرەت لە وەرگرتنی بەشە میراتی خۆی بەپێی یاسا، مافپەروەر شاخەوان خالید بۆ گۆڤاری گوتی: «بەپێی یاسا ئافرەت مافی وەرگرتنی میراتی هەیە لە باوك و برا و دایکی ئەوانەی پشتین، بۆیە بە هیچ جۆرێك ئافرەت نابێت لە میرات بێبەش بکرێت، هەر کەسێ ئافرەت لە میرات بێبەش بکات، بەرپرسیار دەبێ و تووشی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێت. بەپێی شەرع و یاسا ئافرەت وەکو هەموو ئەوانەی ناویان لە دابەشنامەی میرات دەرچووە لە دادگاکان، بەشە میراتی خۆی وەردەگرێت، بەڵام جێگەی داخە تا ئەم ساتەش بە هۆی بیری تەسك و باوکسالاری و نەدانی مافی مێینە هەندێ کەس وا بیردکەنەوە کە ئافرەت مافی نییە لە وەرگرتنی میرات و زۆر ئافرەت وەکو خوشك بێبەش دەکرێن بە بیانووی ئەوەی ئافرەتەکە برا و مێردی هەیە و ئەوان بەخێوی دەکەن، بەڵام ئەوە ڕاست نییە». گوتیشی: «بە پێی یاسا و شەرع ئافرەت بەشە میراتی بۆ دیاری کراوە و کەس ناتوانێت لێی بێبەشی بکات. هەندێ جار ناوی ئافرەت لە دابەشنامە نانووسرێت لەلایەن ئەو کەسەی دابەشنامەکەی دەردەهێنێت، یان ئەگەر بشنووسن بەشەکەی پێ نادەن، لەو کاتەدا ئافرەتەکە دەتوانێ سکاڵا بکات و بەپێی یاسا ناوەکەی زیاد دەکرێت و بەشە میراتی بۆ دادەنرێت، یان هەندێ جار ناویشی هەیە، بەڵام بەشە میراتی پێ نادرێت، لەو کاتەش ئافرەتەکە دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات و بەپێی یاسا بەشە میراتەکەی بۆ دەگەڕێتەوە. یاسا و شەرع دوو کۆڵەگەی سەرەکین بۆ ئەوەی ئافرەت بەشە میراتی خۆی وەربگرێت و ئەوەش ڕاست نییە کە ئافرەت بێبەش بکرێت لە بەشە میرات، لە بەر ئەوەی ئەویش وەکو ئەندامانی دیکەی خێزان مافی خۆیەتی بەشە میرات وەربگرێت و کەس ناتوانێت ئەو مافەی لێ زەوت بکات».

**هەر کەسێ ئافرەت لە میرات بێبەش بکات، بەپرسیار دەبێ و تووشی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێت**


**هەندێ جار ناوی ئافرەت لە دابەشنامە نانووسرێت لەلایەن ئەو کەسەی دابەشنامەکەی دەردەهێنێت، یان ئەگەر بیشینووسن بەشەکەی پێ نادەن، لەو کاتەدا ئافرەتەکە دەتوانێ سکاڵا بکات**

پارێزەر کارزان هەنارەیی، باسی ئەوە دەکات کە «نێرینە لە هەموو حاڵەتێکدا دوو ئەوەندەی مێینە نابات، بەڵکو جاری وا هەیە مێینە دوو ئەوەندەی نێرینە دەبات و جاری وا هەیە بە یەکسانی میرات دەبەن و جاری واش هەیە مێینە میرات دەبات و نێرینە نایبات.» حاڵەتەکانیش بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە:

١. لەم حاڵەتەدا نێرینە دوو هێندەی مێینە دەبات، ئەمەش کاتێك دەبێت کە پیاوێك بمرێت و تەنیا کوڕ و کچ وەکو میراتگر لە دوای خۆی بە جێ بهێڵێت وەکو خوای گەورە فەرموویەتی [لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ] (النساء: ١١). حیکمەتەکەشی لەوەدایە کە ڕەچاوی پێویستیی هەریەکە لە نێرینە و مێینەی کردووە و هەندێك مافی بە پیاو داوە و ئەرکیشی لەسەر داناوە، نێرینە تاوەکو گەنج بێت دەبێت سەرمایە کۆبکاتەوە بۆ پێکەوەنانی خێزان، کاتێکیش خێزان پێکەوە دەنێت، دەبێت بژێوی خێزان و منداڵ بدات، ئایا لەم حاڵەتەدا دادپەروەرییە هەردووکیان وەکو یەك میراتی ببەن لە کاتێکدا ئەرکی سەرشانی پیاو زۆر قورسترە وەك لە هی ئافرەت ؟

٢. خوای گەورە دەفەرموێت: [وَلأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ] (النساء: ١١). واتە: ئەگەر مردووەکە منداڵی لە پاش بەجێمابوو ئەوە باب و دایکی (مردووەکە) هەریەکێکیان شەش یەك (١ / ٦)ی دەبەن لەوەی کە (مردووەکە) بەجێیهێشتووە لە ماڵ و سامان. لەم حاڵەتەدا دەبینین باوك و دایك وەکو یەك میراتی دەبەن، بە بێ ڕەچاوکردنی مێینایەتی و نێرینایەتی.

٣. خوای گەورە دەفەرموێت: [وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلالَةً أَوْ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ] (النساء: ١٢). واتە: ئەگەر پیاوێك، یان ئافرەتێك مرد و نە باوکی هەبوو، نە منداڵ و برایەك، یان خوشکێکی دایك و باوکی هەبوو،



ئەوە هەریەکێکیان شەش یەکی (١ /٦)ی بۆ هەیە.
لەم حاڵەتەشدا دەبینین خوشك و برای دایکی وەکو یەك میرات دەبەن و یەکسانن.
٤. خوای گەورە دەفەرموێت: [فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ] (النساء: ١١).واتە: ئەگەر دوو ئافرەت و زیاتر بوون ئەوە دوو سێ یەك (٢/ ٣) ی ئەوەی مردووەکە بەجێی هێشتووە بە میرات دەگرن.
بۆ نموونە: ئەگەر پیاوێك مرد و ژنێك و دوو کچ و برایەکی لە پاش بەجێما، میراتەکەی بەم شێوەیە دابەش دەکرێت: ژنەکەی هەشت یەك (٨/١) وەردەگرێت، دوو کچەکەی دوو سێ یەك وەردەگرن (٣/٢)، برای مردووەکەش کە دەکاتە مامی کچەکان ئەوەی دەمێنێتەوە لە میراتییەکە بۆ ئەو دەبێت کە دەکاتە(٢٤/٥)، لێرەدا هەریەکێك لە کچەکان نزیکەی دوو قاتی مامیان وەردەگرن، واتە لێرەدا مێینە دوو ئەوەندەی نێرینە وەردەگرێت. (فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ)
٥.[وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ... ] (النساء: ١١) واتە: ئەگەر کچە میراتگرەکە هەر یەکێك بوو ئەوە نیوەی میراتییەکە هی ئەوە. بۆ نمونە: ئەگەر ژنێك مرد و کچێك و مێردەکەی لە پاش بەجێما، ئەوە کچەکە نیوە(١ / ٢) ی میراتییەکە دەبات، مێردەکەشی کە دەکاتە باوکی کچەکە چواریەك (١ / ٤) دەبات.»
پارێزەر بەهێز شوان خۆشناو، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دیارە وەك دەگوترێت ئافرەت دایکە، خوشکە، خێزانە، وەچە دەنێتەوە، هێزی ژیان و بەردەوامییە، وزە و هێزی سەرەکی و کۆڵەگەی کۆمەڵگەیە و ڕۆڵێکی بنیاتنەری هەیە و دروستکەری هەموو تاکێکە، ئافرەت ئەگەر لە ڕووی بایۆلۆجی و فسیۆلۆجیەوە، توانای جیا بێت لە پیاو، بەڵام لە ڕووی زەینەوە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ژیان هەمان توانا و بیر و هێزی پیاوانی هەیە و جیاوازیی نییە.» سەبارەت بە یاسای میرات و مافەکانی ئافرەتیش، بەمشێوەیە بەند و بڕگە و ماددەکانی خستەڕوو: «پیاو و ژن لە دوای مردنیان چەند بەش لە میراتی یەکتری وەردەگرن لە بەشنامەی شەرعی و یاساییدا کە لە دادگای باری کەسێتی بۆ موڵکی پوخت دەردەچێت؟
میراتی ژنی مردوو بەم جۆرەیە:
١- پیاو نیوەی یەك لە سەر دوو لە میراتی ژنە مردووەکەی وەردەگرێت، ئەگەر هاتوو منداڵی نە لە خۆی هەبوو، نە لە پیاوێکیتر، واتە ئەگەر منداڵی نەبێت.
٢- پیاو یەك لەسەر چوار لە میراتی ژنە مردووەکەی وەردەگرێت، ئەگەر هاتوو ژنەکە منداڵی هەبوو.
هەروەها میراتی پیاوی مردوو بەم جۆرەیە:
١ - ژن یەك لەسەر چوار لە میراتی پیاوە مردووەکەی وەردەگرێت، ئەگەر هاتوو پیاوەکە منداڵی نەبوو.
٢ - ژن یەك لەسەر هەشت لە میراتی پیاوە مردووەکەی وەردەگرێت، ئەگەر هاتوو پیاوەکە منداڵی هەبوو .
لە بەشنامەی یاساییدا کە لە دادگای بەرایی دەردەچێت، بۆ زەویی کشتوکاڵی ژن و پیاو وەکو یەك لە میراتی یەکتری وەردەگرن .
١- ژن نیوەی واتە یەك لەسەر دوو لە میراتی پیاوە مردووەکەی وەردەگرێت، گەر هاتوو پیاوەکە منداڵی نەبوو.
٢- ژن یەك لەسەر چوار لە میراتی پیاوە مردووەکەی وەردەگرێت ئەگەر هاتوو پیاوەکە منداڵی هەبوو.
بەپێی ماددە ١١٩٣ لە یاسای شارستانی، ئەم ڕوونکردنەوانە دراوە.
ئەمە لە ڕووی یاساییەوە، کە یاساکان بەشێکی زۆریان پشتیان بە شەریعەتی ئیسلام بەستووە».

**ئافرەت دایکە، خوشکە، خێزانە، وەچە دەنێتەوە، هێزی ژیان و بەردەوامییە، وزە و هێزی سەرەکی و کۆڵەگەی کۆمەڵگەیە و ڕۆڵێکی بنیاتنەری هەیە**

**ئافرەت ئەگەر لە ڕووی بایۆلۆجی و فسیۆلۆجیەوە، توانای جیا بێت لە پیاو، بەڵام لە ڕووی زەینەوە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ژیان هەمان توانا و بیر و هێزی پیاوانی هەیە و جیاوازیی نییە**

# لە پەراوێزی ڕۆژی جیهانیی منداڵان و دەستەبەری مافەکانیان، کارپێکردنی منداڵان بەردەوامە



**جیا لە ڕۆژی ١ـی حوزەیران کە ڕۆژی جیهانیی منداڵانە، ڕۆژی ١٢ـی حوزەیرانیش وەکوو ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی کارکردنی منداڵان دیاری کراوە. بەپێی چەند ڕاپۆرت و ئاماری فەرمی لە ئێستادا ژمارەی منداڵانی بەرکار بۆ ٢١٨ ملیۆن منداڵ بەرز بووەتەوە، لەو ژمارەیەش ٧٣ ملیۆن منداڵ لەو شوێنانە کار دەکەن کە مەترسی بۆ سەر داهاتوویان هەیە، منداڵانی کوردستانیش بەدەر نین لە کارپێکردن، بۆیە لەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵاندا زیاتر شیکاری بۆ هۆکارەکان و تاوتوێی ڕێکارەکانی چارەسەر و کەمکردنەوەی ڕێژەی منداڵانی بەرکار کراوە، مامۆستایەکیش ڕای وایە منداڵانی کار هەست بە مافی خۆیان و جەژن ناکەن، ئەو ڕۆژە لای ئەوان جەژنە کە لەکارکردن بڕە پارەیەك پەیدا بکەن.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی یونسیێفی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان نزیکەی ٧ ملیۆن منداڵی عێراقی کە دەکاتە سێیەکی کۆی منداڵانی ئەو وڵاتە پێویستیان بە هاوکاری هەیە و بەشێك لەو منداڵانەش وازیان لەخوێندن هێناوە. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ لە عێراق لە هاوینی ساڵی ٢٠١٤ وە ڕێژەی کارکردنی منداڵان زیادی کردووە، بە هۆی ئەوەی شەڕی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە عێراق سێ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار ئاوارەی لێ کەوتووەتەوە. بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردەی عێراق لەساڵی ٢٠١٨ دا ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن گەیشتووەتە ٦٪.

ڕێکخراوی یونسیێف ئاماژەی بەوە کردووە، دۆخی ژیانی منداڵانی هەرێمی کوردستان باشتر بووە و، نزیکەی ٩٦٪ی منداڵانی هەرێم دەچنە قوتابخانەی سەرەتایی و ٦٧٪یان دوای تەواوکردنی سەرەتایی پەیوەندی بە خوێندنی دواناوەندییەوە دەکەن.

یونسێف لە ڕاپۆرتەکەیدا داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە لە پێناوی پاراستنی مافەکانی منداڵان وەبەرهێنان لەو خزمەتگوزارییانە بکات کە سوودی ڕاستەوخۆیان بۆ ئەو منداڵانە هەیە کە زیانمەندی ئالۆزییەکان و هەژارین.

بارزان سەباح مامۆستای زانکۆ و قوتابیی دکتۆرایە لە سیستەمی زانیاری و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لەبەر ئەوەی منداڵ بە بنەمای بنیاتنانی کۆمەڵگە دادەنرێت و بۆ دەستەبەری مافەکانی یاساکارییەکان گرنگییان داوە بە منداڵان و فەراهەمکردنی مافەکانیان، بەپێی دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)یش (( دەوڵەت دەستەبەری پاراستنی دایکایەتی و منداڵ دەکات و منداڵەکان مافیان هەیە لەسەر دایك و باوکیان لە پەروەردەکردن و چاودێری و فێرکردن و دەوڵەتیش کارڕاییە دەستەبەرییەکان دەگرێتە بەر بۆ پاراستنی منداڵ و هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و ستەمکردن قەدەغە دەکات لە خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگە و دەوڵەت ژیانێکی باش بۆ منداڵان دەستەبەر دەکات، بە شێوەیەك پارێزگاری و پاراستنی تەواو بۆ منداڵان فەراهەم بکات لەسەر بنەمای جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی منداڵ و هەموو ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان)) .سەبارەت بە منداڵانی کوردستانیش گوتی: «منداڵانی کوردستانیش بە هەمان شێوەی منداڵانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان پێویستە بە مافە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی خۆیان بگەن و بتوانن تاکێکی بەهێز و ڕۆشنبیر و پەروەردەکراو بن بە شێوەی تەندروست، تاکو بەشداریی کارایان هەبێت لە بنیاتنانی کۆمەڵگە و لە هەر تاوان و توندوتیژییەك دوور بن.»

چیمەن فەیزوڵڵا توێژەری کۆمەڵایەتییە سەبارەت پرسی منداڵانی بەرکار دەڵێت: «لە کاتی پێویستبوون بە کاری منداڵ و ناچاربوون بە کارپێکردنی پێویستە کاتی کارکردن، جۆری کار، جۆری شوێن و.. ڕەچاو بکرێت بۆ ئەوەی نەبێتە بارگرانی و کێشە بۆ سەر منداڵ، یان دابڕانی لە خوێندن، یان ڕەوتی گەورەبوون و گەشەکردنی لە هەموو بوارەکان. ڕۆڵی بنەماڵە لە دروستبوونی منداڵی کار سەرەکیترە لە هەموو فاکتەرەکانی دیکەی کۆمەڵگە، بەڵام فاکتەری ئابووری و کۆمەڵایەتی، زۆریی ڕێژەی دانیشتووان، شەڕ، بێکاری، مردنی یەك لە دایك و باب، یان جیابوونەوەیان و هەژاری ڕۆڵی زۆریان لە دروستبوونی منداڵانی کار لە کۆمەڵگە هەیە.» گوتیشی: «ئەو منداڵانە کە بە مەبەستی بەدەستهێنانی پارە لە شوێنە جیاجیاکان کار دەکەن، لە زۆرینەی مافە سەرەتاییەکانیان وەکوو خوێندن دوور دەخرێنەوە و ئەوەش کار لە سەر گەشەی ئاسایی منداڵ چ لە بواری دەروونی و چ لە بواری جەستەیی دەکات. هەر بۆیە دەبێت بە شێوازێکی ئامانجدار هەوڵی جدی بدرێت بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی منداڵانی کار لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان بە کێشەکانی منداڵ، کە دەتوانین بڵێین دانانی یاسای تایبەت بە پاراستنی منداڵ، هەروەها دانانی دامەزراوەی تایبەت بە منداڵانی سەر شەقام و بەرکار زۆر گرنگن و پێویستە بنەماڵەکان لەسەر خراپییەکانی کارکردنی منداڵ هۆشیار و ئاگادار بکرێنەوە.» ئەو کۆمەڵناسە باسی ئەوەشی کرد کە «لە هەرێمی کوردستان منداڵانی کار بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەبینرێن، هۆکارەکەشی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی ئاوارەکانی وڵاتانی دەوروبەر و هەروەها دیاردەی هەژاری لە دەوروبەری شارەکان کە زۆرینەی کۆچکردووانی گوندەکانی لێی نیشتەجێن، کە زۆربەی هەرە زۆریان لە باری ئابووریی مامناوەند، یا لەژێر هێڵی هەژارین، بۆیە پەنا دەبەنە بەر ناردنی منداڵەکانیان بۆ کارکردن و بۆ بەڕێوەبردنی ژیان»، وەك دواوتەشی گوتی: «زۆر پێویستە لە ڕێگەی بەرنامەی کار و هەوڵی جددیی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەکو وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردە ڕێژەی منداڵی کارکەر لە هەرێمی کوردستان کەم بکرێتەوە».

پشتیوان ساڵح بەرپرسی چالاکیی قوتابخانەکانی پەروەردەی خەبات، سەرەتا پێناسەی منداڵ دەکات و دەڵێت: «بەپێی جاڕنامەی مافەکانی منداڵ، بەو کەسانە دەگوترێت منداڵ کە لە خوار تەمەنی هەژدە ساڵن و بەپێی یاسا کارپێکردنیان تاوانە، چونکە لە خوێندن دادەبڕێن و تووشی مەترسیی جۆراوجۆر دەبنەوە. بۆیە کارکردن بە منداڵان بەڕاستی دیاردەیەکی مەترسیدارە». گوتیشی: «منداڵانی هەرێمی کوردستان وەك زۆر وڵاتی دیکە مافیان پێشێل دەکرێت و بەشێکی زۆریان کاریان پێ دەکرێت، ئەمەش چەندین مەترسی بۆ سەر خودی منداڵ و کۆمەڵگە دروست دەکات، چونکە ئەو منداڵانەی لە خوێندن دابڕاون و لەسەر شەقامەکان کاردەکەن، زۆر ئاسانتر بەکار دەهێندرێن، یان مەترسیی زۆرتر لەسەر ژیانیانە بە جۆرێك ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە، یان گیانیان دەکەوێتە مەترسی و بەرەو مەرگ دەچن. لە کوردستان دیاردەی منداڵی کارکەر ڕوو لە زیادبوونە، بەتایبەت دوای ڕێژەی زۆری ئاوارەکان و هاتنیان بۆ هەرێمی کوردستان، هۆکارێکیتر دروستبوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمە کە وای کردووە خێزان نەتوانێت چەند منداڵی بنێرێتە بەر خوێندن و ناچار کاریان پێ دەکات، هۆکاری دیکە بێهیوابوونی دایك و باوکانە لە خوێندن و وا هەست دەکەن بێسوودە و خۆیان منداڵەکانیان دەخەنە سەر کارێك، گوایە دوارۆژی بۆ مسۆگەر دەکات، بێ ئاگا لە مەترسییەکان کە دەکەوێتە سەر ژیانی منداڵان، هەروەها کەمتەرخەمیی حکومەت و دیار نەبوونی ڕێکخراوی منداڵانیش هۆکاری زیاترن بۆ زیادبوونی دیاردەی کارپێکردنی منداڵان. منداڵانی کار هەست بە مافی خۆیان و جەژن ناکەن، ئەو ڕۆژە لای ئەوان جەژنە کە لەکارکردن بڕە پارەیەك پەیدا بکەن، بێ گوێدانە مەترسییەکانی سەر ژیانیان، کاریگەریی خراپی ئەم دیاردەیەش لە ئایندەدا لەسەر کۆمەڵگە دەردەکەوێت».

**منداڵانی کوردستانیش بە هەمان شێوەی منداڵانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان پێویستە بە مافە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی خۆیان بگەن**

**منداڵان دەبێت تاکێکی بەهێز و ڕۆشنبیر و پەروەردەکراو بن بە شێوەی تەندروست، تاکو بەشداریی کارایان هەبێت لە بنیاتنانی کۆمەڵگە و لە هەر تاوان و توندوتیژییەک دوور بن**

**فاکتەری ئابووری و کۆمەڵایەتی، زۆریی ڕێژەی دانیشتووان، شەڕ، بێکاری، مردنی یەک لە دایک و باب، یان جیابوونەوەیان و هەژاری ڕۆڵی زۆریان لە دروستبوونی منداڵانی کار لە کۆمەڵگە هەیە**



## چنوور تۆفیق:

# گەورەترین خەونی ژیانم ئەوەیە ئەگەر تەنیا پێنج خولەک تەمەنم مابێت بتوانم بە سەر پێوە بوەستم

**چنوور تۆفیق بە هۆی تەقەی خۆشییەوە گوللەیەك بەر پشتی کەوتووە و بەو هۆیەوە قاچەکانی لە دەست داوە، ماوەی زیاتر لە سی ساڵە لەسەر عەرەبانەیە و وەك خۆی باسی کرد لە ژیانی خۆیدا ئازاری زۆری چەشتووە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئازارەکان ژیانی لا جوانە و بە ئومێدەوە لە ئاسۆی داهاتووی دەڕوانێت. ئەو خاتوونە وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی هەموو بەربەستەکانی بڕیوە و توانیویەتی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات، ئێستا مامۆستای وانەی کۆمپیوتەرە لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتی. مامۆستا چنوور لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی چیرۆکی کۆڵنەدانی بۆ خوێنەران دەکات.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

چنوور تۆفیق ساڵی ١٩٨٣ لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٨٧ بە هۆی تەقەی خۆشییەوە گوللەیەك بەر پشتی کەوتووە و بەو هۆیەوە قاچەکانی لە دەست داوە، لەو کاتەوە تا ئێستا لەسەر عەرەبانەیە، بەڵام پێداگری لەوە دەکات کە هەمیشە ئیرادەی بەهێز بووە و چاوەڕێی دەرفەتێکە هێزی هەستانەوەی پێ ببەخشێت. لە بارەی ژیانی تایبەتی خۆیشیەوە بەمجۆرە هاتە ئاخافتن: «تەمەنم تەنیا چوار ساڵ بوو کاتێك فیشەکێکی وێڵی تەقەی بەناو خۆشی لە ئاسمانەوە بەر پشتم کەوت و نیوەی جەستەی لە کارخستم، لەو کاتەوە هاوڕێی عەرەبانەکەمم، سەرەتای هاوڕێیەتیم لەگەڵ عەرەبانەکەم زۆر ناخۆش بوو، بەڵام بەپێی ڕۆژگار لەگەڵی ڕاهاتم، بە هۆی ئەو ڕووداوە تەمەنم ١٠ساڵ بوو کاتێك چوومە بەر خوێندن، بەڵام لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن یەکەم

بووم، بەداخەوە بەهۆی دانیشتنم لەسەر عەربانە فەقەراتی پشتم خواربوو، ئەوەش کاری کردە سەر گەدە و گورچیلەکانم، بۆیە لە پۆلی ١١ و١٢ی زانستی، تەندروستیم زۆر خراپ بوو، زۆربەی ڕۆژ و شەوەکانم لە نەخۆشخانە بووم، بە داخەوە نەمتوانی ئەو دەرەجەیە بهێنم کە خۆم دەمویست و ئەو ئاستەی کە خێزان و مامۆستاکانم لێیان چاوەڕێ دەکردم. ساڵی٢٠٠٦_٢٠٠٧خوێندنم تەواو کرد لە پەیمانگای زانستی کۆمپیوتەر بەشی داتا بەیس، لە ٢٠٠٩بووم بە مامۆستا لە ئەڵلای دامەزرام. تا ئەمساڵ پاش هەوڵێکی زۆر زۆر خۆم نەقڵ کرد بۆ قوتابخانەی کاشما لە گردی سەرچنار لە سلێمانی، ئەویش بە هەوڵی بەڕێوبەرەکە کە بینای قوتابخانەکەی بۆ گونجاندم، بەداخەوە لە هێچ بینایەکی قوتابخانە و تەنانەت پەروەردەش ڕەچاوی هاتوچۆی ئێمەی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت نەکراوە، هاوکارییش ناکرێین».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا خێزانەکەت تاچەند هاوکارت بوون؟ گوتی: «تێکڕای ئەندامانی خێزانەکەم زۆر زۆر هاوکارم بوون، بە تایبەتی دایکم، ئەوان زۆر زۆر ماندوو بوون لەگەڵم لە کاتی هاوتوچۆکردنم بۆ قوتابخانە، تەنانەت هاوڕێکانیشم لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنم هاوکارم بوون».

مامۆستا چنوور دەبارەی گەورەترین خەونی ژیانی دەڵێت: «گەورەترین خەونی ژیانی من ئەوەیە بچمە دەرەوەی وڵات و بە چارەسەرکردنی قاچم بگەم، تەنیا ئەگەر پێنج خولەك تەمەنم مابێت لە ژیان، خۆم ببینم بە پێوە وەستاوم».

دواجار پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئایا هیچ هەوڵی ئەوەت داوە بۆ چارەسەری سەردانی وڵاتانی ئەوروپا بکەی؟ ئەو گوتی: «بەڵێ پێنج جار هەوڵم داوە هەر پێنج جارەکە ڕەفزم بۆ هاتۆتەوە لەوەرگرتنی فیزە بۆ وڵاتی ئەڵمانیا بە داخەوە، تەنانەت زۆریش هەوڵم داوە لە ڕێگەی بەرپرسانی حکومەت هاوکاری بکرێم و یارمەتیدەرم بن لە وەرگرتنی فیزە بەڵام بە داخەوە تا ئێستا بێ وەڵام بوون لە ئاست داواکەم.»

لە ئێستادا مامۆستا چنوور بێ پەروا چاوەڕێی ئەوەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەستێتەوە و لەسەر قاچەکانی خۆی بوەستێت، لەو پێناوەدا بەردەوام لەم شار بۆ ئەو شار و لەم وڵات بۆ ئەو وڵات گەڕاوە، بۆ چارەیەك کە شیفایەك بۆ قاچەکانی فەراهەم بکات، بۆیە قبووڵی نییە و نایەوێت دەستەوسان بێت، چونکە کچێکی کۆڵنەدەرە و لە گەڕان بە دوای چارەسەریدا بەردەوام دەبێت».



# تاجی هونەر

**دواجار، بلیمەت پەیدا دەبێت. لە قسە کردن لە بارەی هونەری خەیری ئادەم وەك نیگارکێشێکی کوردستان (دهۆك- ١٩٨١)، ناچارم بە یەکەمین ڕستەی ئەم نووسینەم دەست پێ بکەم. ئەم نیگارکێشە دەروازەیەکی تازەی بە ڕووی هونەری شێوەکاریی کوردستاندا کردووەتەوە. لە قووڵایی ستاتیکای جڤاکی کورد و میراتی شارستانیی کوردستانەوە، هونەر دەکات. تابلۆی ئەو لە شەقڵێکی سیمای شارستانیەتی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش وا دەکات هونەرەکەی فراوان و تێر و پڕ بێت، تەژی بێت لە ستاتیکا و گوتاری ڕوونی دیدەیی، نوێنەرایەتیی میراتی گەل و وڵاتەکەی بکات. هونەرێك لەو ئاستەدا بێت، بەو ستایلەی کە ئەو کاری کردووە، بە دڵنیاییەوە، دەبێتە زەخیرەیەکی نوێ و دەچێتە سەر خەرمانی هونەری جیهانەوە. لە تەرحە هونەرێکی چەشنی بەرهەم و تابلۆی خەیری ئادەمدا، مێژووی هونەری جیهان دەروازەی خۆی بە ڕووی هونەری شێوەکاریی کورد/ کوردستاندا دەکاتەوە.**

**ئا/ تاریق کارێزی**

بوێری لە هەڵبژاردنی ڕچە و ڕێچکەی نیگارکێشیدا، چوونە نێو ستایلێکی تایبەتی نیگارکاری، بە دەست و تەکنیکێکی کراوە و باڵاوە، بڕست و توانستی گەورەی دەوێت، ئاشکرایە، خەیری مەشقی گەورە و فراوانی هونەری لە پشتە، هاوشانی ئەوە بەهرەیەکی مەزن لە هزر و مەژی و هەناوی ئەودا گرد بووەتەوە، تا ئەوەی کانییەکی گەورەی هونەر و ئەفراندن تەقیوەتەوە و بەژنێکی زراف، زۆر بڵندی هونەر لە کوردستاندا باڵای



کردووە. هەموو ئەمانە مژدەی هەڵهاتنی ئەستێرەیەکی پرشنگدارن لە ئاسۆی هونەری شێوەکاریی کوردستاندا، نەخاسمە کە ئەو بەهرەیە هەڵگری چەپکێك خەسڵەتی زۆر گەشی هونەرە، سەنگ و قورساییەك بە هونەری نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت دەدات، کە ئیدی بەژنێکی بڵند، بەهرەیەکی گەش و درەوشاوە دێتە ڕیزەوە، پرشنگی ئەو بەهرەیە بۆ مێژووی هونەری ئێمە، ناونیشان و شکۆیە. دڵنیام تۆی خوێنەر داوای ورد کردنەوەی قسەکانی پێشووم لێ دەکەیت. مەبەستتە پاساوی قسەکانم بدەمەوە، شرۆڤەیەکی، ئەگەر کورت و بلەزیش بێت، لە بارەی چەند لایەنێکی هونەر و داهێنانی خەیری ئادەم بخەمە ڕوو.

بە بڕوای من، هەر تابلۆیەکی ئەم هونەرمەندە بۆ خۆی خوێندنەوەیەکی سەربەخۆ هەڵدەگرێت. لە ڕووی بابەتەوە، هەر تابلۆیەکی بۆ خۆی چیرۆکێکە. ئافرەت شا فیگەری تابلۆی ئەوە، بە سیمای سیحراوی و پڕ لە ئەفسوون و جوانیی پۆشاکی خانمانی کورد، تابلۆ دەبێتە جوانستانێکی بێ بڕانەوە، خانمانی چەشنی پەری، بە چەندین جۆر پاڵکەوتن و وەستان و دەرکەوتنیان لە ماڵ و لە نێو ژینگە و سروشتدا، زۆر ورد، ڕیالیستانە کراونەتە تابلۆ، تا ئەندازەی زاخاو دان و پاراو کردنی هەستی جوانخوازانەی من و تۆ. کچە کورد لە تابلۆی ئەودا، شۆخ و جوان و دڵگیر خۆی دەنوێنێت. خەیری بە هونەرەکەی ڕەخنەگران لە ئاستی جیهاندا ناچار دەکات، بە ڕەنگ و سیمایەکی نوێی هونەر ئاشنا بن، لێی بێنە پێش و بیخوێننەوە. ئەو زۆر دەست کراوە توانیویەتی شێواز و تەکنیکی تایبەت بە خۆی نەخشەڕێژ بکات، کارامە گەمەی سێبەر و تاوی کردووە، ڕوانگە وەك تەکنیك و ئەندازە و فیزیك، بە تەواوی ملکەچی ویستی ئەوە، بەرجەستە کردنی پۆشاکی تەنك چەشنی باڵی مێش، بە قەد بەژنی خانمانی کوردەوە، پیشاندنی لۆچ و پێچ و وردەکاریی دیزاینەکەی، ئاماژەن بە ئەو پەڕی دەسەڵاتی هونەرارای خەیری.

ئەگەر ئەندازە و توێکاریی جەستەی مرۆڤ و ئەسپ سەنگی مەحەك بن، تەرازوو بن بۆ کارامەیی لە پیشەی نیگاردا، لەم ڕووەوە ئەم هونەرمەندە لەو سەری کاروان هاتووەتەوە، دەسپێکی ڕێنیسانێك لە مێژووی شێوەکاریی کوردستان نەخشەڕێژ دەکات. لە دەریای بێ کۆتای ڕەنگدا، مەلەوانێکی سەرسوڕهێنەرە. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن، گەورە هونەرمەندێك لاپەڕەیەکی زێڕین و پڕ شکۆی هونەری شێوەکاریی کوردستانی گرتووەتە دەست، ئەو لاپەڕەیە بە شکۆ و شایستەییەوە، دەچێتە نێو دۆسێی مێژووی هونەری جیهانەوە.









# «پشیلە ڕەش» لە سینەماکانی هەرێم نمایش دەکرێت

فیلمی سینەمایی پشیلە ڕەش لە دەرهێنانی کەریم ئەمینی و بەشداریی ژمارەیەك لە ئەکتەرە ناودارەکانی سینەمای ئێران، لەوانە: (بەهرام ڕادان، تەڕلان پەروانە، حسێن پوورکەریمی، کیا ڕوکنی، بەهارە کیان ئەفشار، عەلیڕەزا ئوستادی، پەیام ئەحمەدی نیا، ئازادە سەدیری، بێهرووز قادری، ستایش ڕەجایی نیا، ئارەزوو نەبووەت) و بە ئامادەبوونی (ڕەزا یەزدانی، ئیحسان کەرەمی، عەلی ئۆوجی، نیگار شیرازی) و گرووپی موزیکی «سوێن» لە سینەمای شارە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان دەچێتە سەر پەردەی سینەماکان.

نمایشی گشتیی «پشیلە ڕەش» بە بەرپرسایی محەمەد تۆریوەریان لە ڕۆژی ٣٠/٧/ ٢٠٢٢ لە سینەما «سالم» لە شاری سلێمانی و، لە ڕۆژی دووی حوزەیران لە سینەمای «ئێمپاییەر»ی فامیلی مۆڵ لە شاری هەولێر دەست پێ دەکات و، لە درێژەی نمایشی خۆشیدا لە سینەمای «دهۆك مۆڵ» لە شاری دهۆك نمایش دەکرێت.

ئەم فیلمە تا ئێستا لە چەندین فێستیڤاڵی جۆراوجۆری نێودەوڵەتیی فیلمدا لە ئاستی جیهان بەشداریی کردووە، لەوانە: «وەرشەو» لە وڵاتی پۆڵەندا، «سووفیا» لە وڵاتی بولگاریا، فێستیڤاڵی هونەریی پێشکەوتووی «چۆنگ کینگ» Chongqing Pioneer لە وڵاتی چین، «داکا» لە وڵاتی بەنگلادش و هەروەها لە فێستیڤاڵەکانی «پرێنس ئێدوارد» و «ڤەنکۆڤەر» لە وڵاتی کەنەدا.

فیلمی سینەمایی «پشیلە ڕەش» بەرهەمی ساڵی ٢٠٢٠ ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتیی هەیە و، ڕوانینێکی هەیە بە پرسەکانی ئەمڕۆی گەنجان، ستافی ئامادەبوونی «پشیلە ڕەش» بریتین لە:

نووسەر عەلی ئەسغەری، بەڕێوەبەریی وێنەگرتن مورتەزا هدایی، وێنەگر هۆمایوون قوربانی، مونتاژ بەهرام دێهقانی، دەنگدانەر ئیرەج شەهزادی، ئاوازدانەر بامداد ئەفشار، دەنگهەڵگر سەعید بێجنۆردی، دیزاینی میکیاج مەحموود دێهقانی، دیزاینی شانۆ حوجەت ئەشتەری، دیزاینی جلوبەرگ گوڵناز گوڵشەن، بەڕێوەریی بەرهەم محەمەد حەیدەر قولی، داڕشتنی پلان فرووزان جەلالی، جێگری بەرهەم عیرفان سەفەری، بەڕێوەری کەرەستەکان مەهدی عەباسی، یاریدەدەری یەکەمی دەرهێنەر مەیسەم بەیدەقی، راوێژکاری شانۆ فائیزە گرکانی، دیمەنە تایبەتەکان وەحید قوتبی زادە، بەرهەمهێنەر بەهرام ڕادان، بەرهەمی «خانەی خەلاق رادڕو».

# عەلیا ئاسوودەیە



خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆڵیۆد (عەلیا بەهات) کە ئێستا پەیوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ ئەستێرەی بۆڵیۆد رانبیر کاپۆر هەیە، رایگەیاند کە هاوسەرەکەی بە هیچ شێوەیەك ناچاری ناکات واز لە کاری نواندن بهێنێت لە دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەری، کە بڕیاریان داوە لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجامی بدەن.

عەلیا بەوە ناسراوە کە بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ جەماوەر و هەوادارانی خۆی و، ئەم وتانەیشی لە میانەی پرسیاری یەکێك لە هەوادارانی لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئەنستگرامەوە بوو، کاتێك لێی پرسیار ئایا لە پێناو هاوسەرگیریدا واز لە کاری هونەری دەهێنیت ؟ لە وەڵامدا عەلیا دەڵێت: «لە پێناو هاوسەرگیریدا پێویست ناکات واز لە هیچ کارێك بهێنم، بەتایبەت کاری هونەر، چونکە هونەری نواندن لەگەڵ خوێنمدا تێکەڵ بووە، ئەوەشتان بیر نەچێت کە من و رانبیر لە ڕێگەی هونەرەوە یەکترمان ناسیوە و هەر لە ڕێگەی هونەریشەوە بوو کە ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی نێوانمان درووستبوو، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ڕێگەم لێ ناگرێت کە بەردەوام بم لە کاری هونەری، بەپێچەوانەوە، لەمەودوا دڵنیام کە زیاتر هاوکاریم دەکات بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بم لە کارەکانمدا.»

چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە علیا بە (هند تودای)یان راگەیاند: ئێستا عەلیا لە قۆناغێکی گەورەی ژیانیدایە، لە حاڵەتێکی خۆشەویستیدا دەژی و خۆی و خۆشەویستەکەی باشتر لە یەکتری و سرووشتی کاری یەکتری دەگەن، هەرچەندە بڕیارە لە ساڵی ٢٠٢٠ ژیانی هاوسەری پێك بهێنن، بەڵام عەلیا رایگەیاند کە لەوانەیە سوپرازێك روو بدات و زووتر ئەم پرۆژەیە ئەنجام بدەن، بەتایبەتی ئەگەر کەسوکاری رانبیر داوا بکەن .





ڕەوشەن چەلکەر:

# نابێ تەنیا پشت بە فۆلکلۆر ببەسترێت

ڕەوشـەن چەلکـەر لـە ناوچـەی تەتوانـی سـەر بـە بەدلیـس لـە باكـووری كوردسـتان لـە دایكبـووە، خوێندنی بەشی ڕاوێژكاری كۆمەڵایەتی لە ئەنقەرە تـەواو كـردووە، لـە بـواری میوزیكدا شـارەزایی لـە كەمـان و ڤیولیـن هەبـووە، بەشـداریی لـە چەندیـن چالاكـی و فیسـتیڤاڵی بـواری موزیكـدا كـردووە، بەتایبەتـی لـە ئەرمینیـا و جۆرجیـا و، موزیكـی بـۆ ژمارەیـەك فیلـم و زنجیـرە درامـادا ئامـادە كـردووە، لـەم دیمانەیـەدا بـەم شـێوەیە وەڵامـی چەنـد پرسـیارێكی گوڵانـی دایـەوە.

*** ڕەوشی هونەری کوردی چۆن دەبینی لە پارچەکانی کوردستان؟**

- بە هۆی کاریگەریی هەر پارچەیەکی بە کولتورێکی جیاوازەوە، پێشکەوتنی هەر پارچەیەکی جیاوازە لەگەڵ پارچەکانی دیکە بەپێی بارودۆخی هەر پارچەیەك، لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر باس لە گرنگیی هونەر دەکرێت، بەڵام زۆر باس لە ئاستەنگەکانی بەردەم هونەرمەندان ناکرێت، کە ئایا هونەرمەندان چۆن ژیانی ئاسایی خۆیان دەگوزەرێنن، بەرهەمەکانیان چۆن بڵاو دەکەنەوە، بۆیە پێویستە ماندووبوون و کۆڵنەدانی هونەرمەندان لەبەرچاو بگیرێت، چونکە سەرەڕای ئاستەنگەکان بەردەوامن لە کارەکانیان، هیوادارم بتوانین ئەم هونەرە بە نەوەکانی داهاتوومان بناسێنین.

*** لە شارێکی وەکو ئیستەنبول کە ژمارەیەکی زۆر کوردی لێ دەژی، ئایا ئاستەنگ بۆ کارەکانتان دروست ناکرێ؟**

- لە بڵاوکردنەوەی ئەلبووم و سازکردنی کۆنسێرت و تۆمارکردنی کلیپ بە زمانی کوردی ئاستەنگمان بۆ دروست ناکرێت، بەڵام نەبوونی هۆڵی گونجاو و بەشداریکردن لە فیستیڤاڵەکاندا تا رادەیەك گرفتمان بۆ دروست دەبێت، چونکە ڕێکخەرانی فیستیڤاڵەکان ترسیان هەیە لەوەی وەك پێویست جەماوەر ئامادە نەبێت، یان بایکۆت بکرێت.

*** تاچەند گرنگی بە فۆلکلۆر دەدەیت؟**

- بنکەی ئەو هونەرەی من کاری لەسەر دەکەم بریتییە لە فۆلکلۆری کوردی کە سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرنگی هونەری کوردییە، ئێمەی کورد خاوەن فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندین و، پێویستە هونەرمەندان سوود لەو دەوڵەمەندییە وەربگرن و پشتگوێی نەخەن، بەڵام ئەگەر تەنیا پشت بە فۆلکلۆر ببەسترێت و بەکاری بهێنن و هیچ ئیزافەیەکی نەخەنە سەر، ئەوا دوای ماوەیەك دەشێوێندرێت، چونکە بە سەدان هونەرمەند هەیە یەك گۆرانییان دووبارە کردووەتەوە و هەر یەکێکیش گۆڕانکارییەکی تێدا کردووە و، ئەو ئامێرانەی کە تێیدا بەکارهاتوون جیاواز و پێشکەوتووترن، تەنانەت تێڕوانینی جەماوەریش بۆ گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.

*** وەك خۆت تا چەند پشت بە فۆلکلۆر دەبەستیت؟**

- من هەوڵ دەدەم ئەو بەرهەمانە پێشکەش بکەم کە جەماوەر لە منی دەخوازێت و بە تەواوی پشت بە فۆلکلۆر نابەستم، من گۆرانیی فۆلکلۆریم گوتووە و بە شێوازی نوێ پێشکەشم کردووە، بەڵام بە جۆرێك کە کاریگەریی لەسەر ڕۆحی گۆرانییەکە نەبێت، چونکە فۆلکلۆر شتێك نییە لە ئاستێکدا وەستا بێت و گۆڕانکاری بەخۆیەوە نەبینێت.

*** رات چییە بەرامبەر بە هونەرمەندە گەنجەکان؟**

- هونەرمەندە گەنجەکان بەردەوام کار دەکەن بۆ پێشخستنی هونەری کوردی، چونکە بە کۆڵنەدان و کارکردن دەتوانن پاشەڕۆژی هونەریی خۆیان دابین بکەن، لە ساڵانی دواییدا هونەر گۆڕانکاریی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هیوادارم پەلە نەکەن، چونکە سەرکەوتن کاتی دەوێت.

*** ئایا توانای ئافرەتی کورد لە بواری هونەردا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- سەرەڕای ئاستەنگەکانی بەردەمی، بەڵام ئافرەتی کورد توانیویەتی بەردەوام لە بواری هونەردا خۆی بسەلمێنێت، گرفتەکان پەیوەندیی بە کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە، کە ئەمەش وای کردووە کە ئافرەت بە دوودڵییەوە بێتە نێو هونەری کوردی، بۆیە پێویستە ئافرەتانی هونەرمەندی کورد کۆڵنەدەن و لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە دەنگی خۆی بگەیەنێت وەك ئافرەتێك، لە هەمان کاتدا خزمەتیش بە هونەری کوردی بگەیەنێت، من خۆم سوودم زۆر لە ئەزموونی خانمە هونەرمەندان وەرگرتووە و بەردەوام گوێ لە گۆرانییەکانیان دەگرم، بەتایبەتی مەریەم خان، ئایشەشان، مەرزییە فەریقی، لەیلا فەریقی و چەندین خانمە هونەرمەندی دیکە.



# کیک بۆکسێنگ لە خوێنمدایە و عاشقی بووم بێ وەرزش ناتوانم بژیم




**کاروان جەمیل:**
راهێنەری کێک بۆکسینگ

**یاریی کیك بۆکسینگ یەکێکە لە یارییە بەرگری و جەنگییەکان، کە یاریزانان گەورەترین گرفتی خۆیان بۆ نەبوونی پاڵەوانێتی و نەبوونی هاوکاریی پێویست دەگەڕێننەوە، کە وا لە یاریزانان دەکات سارد ببنەوە لە ئەنجامدانی ئەم وەرزشە. ڕاهێنەر کاروان جەمیل ناسراوە بە ئاراس یەکێکە لەو ڕاهێنەرانەی کە ڕۆڵێکی کارای بینیوە لە دروستکردنی چەندین یاریزانی کوڕ وکچ و، بەردەوام لە خزمەتی ئەم یارییەدا بووە، کاروان لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٧ی پارێزگای هەڵەبجەیە و لە هەریەك لە یارییەکانی کۆنفۆ و کیك بۆکسینگ چەندین بەشداریی هەبووە، لە ساڵی ١٩٩٣وە لەم وەرزشەدایە، لە هەریەك لە یانەکانی سەرچنار و شەقڵاوە و برووسك و ئاڵا و چەندین یانەی دیکەش کاری کردوە و چەندین یاریزانی پێگەیاندوە و ئەنجامی گەورەیان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و دەرەوەش بەدەست هێناوە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە دیمانەیەکی لەگەڵی ئەنجامدا و ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** وەکو ڕاهێنەرێکی بە ئەزموون خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەونی من ئەوەیە بتوانم بەردەوام بم بۆ پێگەیاندنی چەند یاریزانێك، تاکو تاقەت و توانام ماوە، هەر چەند زۆر جار بیر لە وازهێنان دەکەمەوە، وەرزشی کیك بۆکسینك بەو گەورەییەوە، بەداخەوە کەسانێك تەنیا بۆ پارە پەیدا کردن دەیانەوێ ئەم وەرزشە سووك بکەن.

*** کەم ئەنجامدانی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئاستی ئەم یارییەبەرەو پێش نەچێت؟**

- لایەنی بەرپرس هەموو هاوکارییەکی مادیی بۆ بەشێك لە وەرزشەکان وەستاندووە، ئەویش چەند هۆکارێکی هەیە، کە کێشەو ململانێی دەزگا وەرزشییەکانی کوردستانە، هەر خەریکی یەکترن بۆ ئەوەی کێ ببێتە خاوەنی سەرپەرشتی وەرزشیی کوردستان، بەڵێ ئەنجامنەدانی چالاکییەکان وەرزش پاش دەخات و ژێرخانی وەرزشەکەش وێران دەکات.

*** بەشێوەیەکی گشتیی لە شارەکانی کوردستان ئاستی یاریی کیك بۆکسینگ چۆن دەبینی؟**

-ئاستی وەرزشەکە بەرەو لەناوچوون دەچێت، لە بەر ئەوەی وەرزش لە کوردستان بێ خاوەنە و کەس خۆی بە خاوەن نازانێت، خودا وەکیلی کارەکان دەڕوات و بەرپرسانی وەرزش خەڵکانێکی بەرژەوەند خوازن و، هیچ کات توانای بەرەوپێشبردنی

وەرزشی کوردستانیان نییە، بە تایبەت لە هەولێر کە بە شارێکی وەرزشی و وەرزش دۆست ناسراوە، بەڵام ئەوانەی لەم شارە بەرپرسی وەرزشن، زۆربەیان لێبوونەتەوە لە ئیشکردن و پێویستیان بە پشووە، ئەو پارەیەی بۆ وەرزشی هەولێر سەرف کراوە، دەبوایە ئێستا هەولێر لە لووتکەی عێراق و وڵاتانی ناوچەکەدا بووایە، بەداخەوە ستافێك تاپۆیان کردوە.

***وەکو ڕاهێنەرێك پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بچێتە قۆناغێکی تازە لە کوردستان؟**

-دوو یاسا هەیە لە دونیادا کە پێویستە فێرخواز کاتێ دەست بە وەرزش دەکات خەرج بکات و هەوڵ بدات تا دروست دەبێت هەموو شتێکی لەسەر خۆیەتی، کە دروست بوو و بووە پیشەگەر، داهاتی هەبێت زیاتر دەرکەوێت، پێویستی بە ئیش و کارەکەی نەمێنێت و بتوانێت هاوکاریی وڵات و خەڵکەکەشی بکات، بەڵام بەداخەوە لەم وڵاتەی ئێمەدا هیچ شتێك وەکو خۆی نییە، هیچ شتێك وەرزش پێش ناخات تا خەڵکی شارەزا و پرۆفیشناڵ بە سیستم کار نەکەن بۆ وەرزشی کوردستان.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

-نەبوونی ڕاهێنەر وخەڵکی شارەزا و بەئەزموون، هەر کەس هەڵدەستێت خۆی بە ڕاهێنەر دەزانێت و هۆڵێك دادەنێت، هیچ کەسیش ناتوانێ ڕێگریی لێ بکات، هەموو ڕێگرییەك تووشی گرفتی عەشایەری، یان تووشی کێشەی سیاسیت دەکات، ئەگەر ڕێگری بکرێت لە ڕاهێنەرێك، بە ڕێگەیەکی دیکە مۆڵەتی پێ دەکەن، لەگەڵ ڕێزم بەشێکی کەمیان بەئەزموونن، ژمارەیەکی زۆریش هیچ شارەزاییەکیان نییە، بە ئارەزووی خۆیان یاری بە وەرزشی کوردستان دەکەن، وەرزشکارانی وڵاتانی دراوسێ وەرزشی کوردستانیان وێران کردووە.

***چ هەستێکت هەیە وەکو ڕاهێنەر کە دوو ئەرکت هەیە لە یەك کاتدا، هەم هونەری شەڕکردن هەمیش لایەنی وەرزشییەکە؟**

- وەرزشیی کیك بۆکسێنگ لە خوێنمدایە و عاشقی بووم بێ وەرزش ناتوانم بژیم، زۆر شتم لە ژیاندا کردووە بە قوربانی لە پێناویدا یەکێ لەوانەش خۆمم.

***بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت؟**

- هیچ شتێك لێرەدا بە پلان نییە و قەزا و قەدەرە، لێرە بازەکە بە سەرەتەوە نیشتەوە تەواو هەموو شتێك دەگۆڕێت، ئەگەر واش نەبوو داهاتووت دیار نییە، تەنیا داوا لە خودای گەورە دەکەم لەش ساخبم.

***هیوای ئەوەت نییە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بێت لە ئەندامانی هەڵبژاردەکە؟**

-بە ناوی هەڵبژاردەی کوردستان بەشداریمان کردووە لە چالاکییە جیهانییەکاندا، چەند جارێك لە وڵاتانی یۆنان و ئەڵمانیا و ئیسپانیا و لوبنان و بە پێی توانای خۆمان لە هەموو وەرزشەکانی دیکە بەشداریی نێودەوڵەتیمان هەبووە.

***باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چی بوون؟**

-یەکەمی کوردستان و یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق بووم و خاوەنی پشتوێنی ئاسیام.

***بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- بە چەند یاریزانێکی کورد سەرسامم کە فەقیرن و توانیوییانە بگەن بە ئاستێکی بەرز.

***گرێبەستت بۆ هاتووە لە یانەکانی دیکەوە؟**

-نەك هەر گرێبەست، لە بەر ئەوەی منداڵەکانیشم ئاستیان باشە و بەشداریی چالاکییە نێودەوڵەتییەکانیان کردووە، داوا کراوم بچم لە دەرەوەی وڵات بژیم بۆ کاری وەرزشی، بەڵام قبووڵم نەکردووە، لە بەر ئەوەی ژیانی کوردستان بە هەموو کەم و کووڕییەکانیەوە لە ئەورووپا خۆشترە.

***هەوڵت نەداوە قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکەیتەوە؟**

-دوو هۆڵم هەیە بەهەموو شێوەیەك بە هەموو تەمەنێك خزمەت دەکەن بە کوڕ و کچانی شارەکەم و کوردستان، زۆرترین یاریزانیشم هەیە، هەر ئەوەندە دەتوانم، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە ڕۆشنبیریی وەرزشیی نییە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-سوپاس بۆ ئەو کەسەی بە هەر شێوەیەك بێت هاوکاریمان دەکات، داواکارم لە ڕاهێنەر و یاریزانانی کوردستان هەموویان هاوکاریی یەکتر بکەن بۆ پێشخستنی وەرزشی کوردستان و، واز لە باوەڕکردن بە خەڵکی بێگانە و بەرژەوەندی خوازبهێنن، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گولان بۆ خزمەتکردنی وەرزشی کوردستان.

**وەرزش لە کوردستان بێخاوەنە و کەس خۆی بە خاوەنی نازانێت**

**وەرزشکارانی وڵاتانی دراوسێ وەرزشی کوردستانیان وێران کردووە**

**بە چەند یاریزانێکی کورد سەرسامم کە فەقیرن و توانیوییانە بگەن بە ئاستێکی بەرز**

**ژیانی کوردستان بە هەموو کەموکووڕییەکانیەوە لە ئەورووپا خۆشترە**



# یەکێتی تۆپی پێی کوردستان باشترینەکانی دەستنیشان کرد

**هەفتەی رابردوو یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کۆتایی بەهەردوو پاڵەوانێتی خولی نایابی کوردستان و جامی کوردستان هێنا، کە تیاییدا دوو یانە بۆ یەکەم جار هەردوو نازناویان بەدەستهێنا.**

**دیمانە: ڕێبین رەمزی**

لەگەڵ تەواوبوونی خولەکان یەکێتی تۆپی پێی کوردستان باشترینەکانی خولی نایابی کوردستانی دەستنیشانکرد.

- یانەی سیروانی نوێ بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا بەسەرکردایەتی رزگار عەلی نازناوی خولی نایابی کوردستان بۆ وەرزی (٢٠٢١-٢٠٢٢) بەدەستهێنا دوای ئەوەی توانی (٥٥) خاڵ کۆبکاتەوە.
- یانەی هەندرێن توانی پلەی دووەمی خولەکە بەدەستهێنا دوای ئەوەی توانیان (٤٨) خاڵ کۆبکەنەوە.
- یانەی برایەتی بەسەرکردایەتی (سەمەد جەوهەر) بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا ببێتە پاڵەوانی جامی کوردستان دوای ئەوەی بەلێدانی یەکلاکەرەوەی سزا لە یانەی نەورۆزی بردەوە.
- (رزگار عەلی) راهێنەری یانەی سیروانی نوێ بەباشترین راهێنەری لە وەرزی ئەمساڵی خولی نایابی کوردستان دەستنیشان کرا.
- (ئاریان جەوهەر) یاریزانی یانەی سیروانی نوێ بەباشترین یاریزانی خولەکە دەستنیشان کرا.



● (ئەحمەد بەشار) گۆڵپاریزی یانەی سیروانی نوێ بەباشترین گۆڵپارێز لە وەرزی ئەمسال دەستنیشان کرا.

● هەر سێ یاریزان (دانا عوسمان) یاریزانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر و (هێمن فەرەج) یاریزانی یانەی نەوروز و (سەفین فائق) یاریزانی یانەی سەید سادق بەتۆمارکردنی (١٠) گۆڵ بوونە گۆڵکاری خولەکە.

● خولی نایابی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) یەکەم وەرزی سەرتاسەری دەستی پێکرد تا ئێستا (١٦) خول ئەنجام دراوە و پاڵەوانەکان بەمشێوەیە:

● یانەی زێرەڤانی چوار نازناوی خولەکەی بەدەستهێناوە لە ساڵەکانی (٢٠١٢-٢٠١٣)، (٢٠١٣-٢٠١٤)، (٢٠١٤-٢٠١٥)، (٢٠١٧-٢٠١٨).

● یانەی هەولێر سێ جار نازناوی خولەکەی بەدەستهێناوە لە ساڵەکانی (٢٠٠٩-٢٠١٠)، (٢٠١١-٢٠١٢)، (٢٠١٥-٢٠١٦).

● یانەی پێشمەرگەی هەولێر دوو جار نازناوی خولەکەی بەدەستهێنا لە ساڵەکانی (٢٠١٦-٢٠١٧)، (٢٠١٨-٢٠١٩).

● یانەی بروسک دوو جار نازناوی خولەکەی بەدەستهێنا لە ساڵەکانی (٢٠٠٧-٢٠٠٨)، (٢٠٠٨-٢٠٠٩).

● یانەی دهۆک لە وەرزی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) بووە پاڵەوانی خولەکە.

● یانەی هەندرێن لە وەرزی (٢٠١٠-٢٠١١) بووە پاڵەوانی خولەکە.

● یانەی برایەتی لە وەرزی (٢٠٢٠- ٢٠٢١) بووە پاڵەوانی خولەکە.

● یانەی سیروانی نوی لە وەرزی (٢٠٢١-٢٠٢٢) بووە پاڵەوانی خولەکە.

● لە وەرزی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بەهۆی کۆرۆنا خولەکە کۆتایی پێ هات بەبێ دەستنیشانی کردنی پاڵەوان.



# دی ماریا نزیکە لە خولی ئیسپانیا

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان لە ئیسپانیا باس لەوە دەکەن، کە نوێنەرانی ئەنخێل دی ماریای ئەستێرەی ئەرژەنتینی دەیانەوێت یاریزانەکە بدەنە بەرشلۆنە.
ئەگەرچی زۆر باس لەوە دەکرێت، کە دی ماریا لەگەڵ یانەی یۆڤانتوسی ئیتاڵی رێک کەوتووە بۆ ئەوەی لەم هاوینەدا پەیوەندی بە ریزەکانییەوە بکات، بەڵام میدیای ئیسپانیا باس لەوە دەکات، کە یاریزانەکە دەیەوێت بچێتە ریزەکانی بەرشلۆنە.
بەگوێرەی رۆژنامەکانی ئیسپانیا بەڕێوەبەری کارەکانی دی ماریا داوای لە بەرپرسانی بەرشلۆنە کردووە دی ماریا بەبێ بەرانبەر بچێتە ریزەکانی یانەکەیان بەتایبەتیش، کە ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن، کە بەرشلۆنە نەتوانێت داواکارییەکانی عوسمان دێمبێلیی یاریزانی فەرەنسی جێبەجێبکات و یاریزانەکە لە یانەکە بڕوات.
دوای ٧ ساڵ یاریکردن بۆ پاریس سانت جێرمان، دی ماریای تەمەن ٣٤ساڵان ریزەکانی یانەی پاریسی جێهێشت و دەتوانێت بەبێ بەرامبەر بچێتە یانەیەکی دیکە.
هەندێک سەرچاوەی دیکە باس لەوە دەکەن، کە هێشتا رافینیای یاریزانی بەرازیلی یانەی لیدز یونایتدی ئینگلیزی بژاردەی یەکەمی یانە کەتەلۆنییەکەیە، بەڵام بەهۆی مانەوەی یانەکەی لە خولی نایابی ئینگلیزی لەوانەیە هاتنی ئەو بۆ بەرشلۆنە بەربەستی بێتە پێش، بۆیە ئەوکات لەوانەیە بەرشلۆنە بیر لە دی ماریا بکاتەوە.



## کاتی دابەشکردنی خەڵاتی باڵۆن دۆر ئاشکرا کرا




گۆڤاری فرانس فووتبۆلی فەرەنسی، کە ساڵانە خەڵاتی بالۆن دۆر پێشکەش بە باشترین یاریزانی جیهان دەکات، حەڤدەی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵی دیاریکردووە، بۆ پێشکەش کردنی خەڵاتەکە بە باشترین یاریزانی جیهان.
لە رۆژی دوازدەی مانگی هەشتی ئەمساڵ ناوی بەربژێرەکان ئاشکرا دەکرێن، لە قۆناغی یەکەم ٣٠ یاریزان دەست نیشان دەکرێن و لە قۆناغی کۆتاییش سێ یاریزان دەمێننەوە و کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی خەڵاتەکە دەکەن.
پێشتر گۆڤارە فەرەنسیەکە باشترین یاریزانی لە ماوەی یەک ساڵی دیاری دەکرد واتە ئاست و ئەنجامەکانی یاریزانەکان لە ماوەی یەک ساڵ پێوەر بوون، بەڵام ئەمساڵ گۆڕانکاری بەسەر شێوازی دیاریکردنی باشترین یاریزان کراوە و پێوەری دیاریکردنی باشترین یاریزانە لە ماوەی یەک وەرز دەبێت نەک یەک ساڵ.
ئەم وەرزە چەندین یاریزان توانیویانە ئاستێکی باش پێشکەش بکەن و دیارترین پاڵێوراوانی خەڵاتەکەش، کەریم بنزێما، کیڤن دێ برۆین، کلیان ئیمپاپێ، رۆبێرت لێڤاندۆڤسکی، محەمەد سەلاح و سادیۆ مانێ.
ئەو پاڵێوراوانەی، کە سەرچاوە جیهانیەکان بە پاڵێوراوی دەزانن تاوەکو ئێستا هیچ خەڵاتێکی باڵۆن دۆریان بەدەست نەهێناوە و هەر کامەیان خەڵاتەکە بباتەوە، دەبێتە جاری یەکەم لە مێژوودا ببێتە خاوەنی.

# ئێمپاپێ وەڵامی یاریزانانی ریاڵ مەدرید دایەوە

کیلیان ئێمپاپێ ئەستێرەی یانەی پاریس سانت جێرمان گاڵتە بە کەریم بنزیما و یاریزانانی دیکەی یانەی ریال مەدرید دەکات، بەهۆی ئەوەی ئەوان بە ناپاک لە قەڵەمیان داوە.
دوای ئەوەی ئێمپاپێ بڕیاریدا گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی پاریس سانت جێرمان نوێبکاتەوە کەریم بنزیما، کە هاوڕێیەکی نزیکی ئیمپاپێیە و هاوڕێکانی لە ریال مەدرید لە هەژمارەکانیان لە سۆشیال میدیا چەندین پۆستیان کرد، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڵگری پەیامێک بوون بۆ ئێمپاپێ، ناوەڕۆکەکەی ئەوەبوو کە، تۆ ناپاکیت لە ئێمە و لە ریال مەدرید کردووە.
کیلیان لە لێدوانێکدا وەڵامێکی گاڵتەجاڕانەی کەریم و هاوڕێکانی دایەوە و گوتی: نەک بنزیما بەتەنیا، بەڵکو بینیم هەموو یاریزانانی ریال مەدرید لە هەژماری خۆیاندا پەیامێکیان بڵاوکردبووە، کە مانەکەی ئەوەبوو کیلیان خائین و ناپاکە، بەڵام من پێویستیم بەوە نییە بچمە قوتابخانەی سەربازیی سان سیر بۆ ئەوەی لەوە تێبگەم کە، ئەو پەیامەیان بە فەرمانی گەورەکانیان بووە یان نا.
ئەستێرەی فەرەنسی، کە تاوەکو هاوینی ٢٠٢٥ گرێبەستەکەی نوێکردەوە، زیاتر گوتی: من نامەوێت بازرگانی بە بابەتی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەم لەگەڵ پاریس سانت جێرمان بکەم و زیادەڕۆیی تێدا بکەم دەزانم، کە میدیاکان زۆر باسیان لە پەیوەندی نێوان کەریم و کیلیان دەکرد، بەڵام لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا ئێمە تەنیا باسی جۆری خواردنمان دەکرد.
ئەو لە بەردەوامی قسەکانیدا، گوتی: هیچ باسی ریال مەدریدمان نەدەکرد، من حەزم لێ نەبوو باسی ئەو شتانە بکەین، کاتێکیش دەچینەوە کەمپی داهاتووی هەڵبژاردەی فەرەنسا، ئەگەر بنزیما لەو بارەیەوە پرسیاری لێکردم بۆی روون دەکەمەوە و هۆکارەکانی بڕیارەکەمی پێ دەڵێم.
سەبارەت بە تووڕەیی هاندەران و دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسپانیا لە مەدرید، کیلیان گوتی: من رێککەوتنم لەگەڵ کەس نەکردووە تەنیا گفتوگۆمان لەسەر شێواز و مەرجەکانی گرێبەست کردووە بۆ ئەوەی دواتر بریار بدەین، من تەنیا قەرزداری ئەو خۆشەویستییەیانم کە بەمنیان دا.
ئەستێرە گەنجەکەی فەرەنسا، روونیشیکردەوە: نەمگوتووە نەخێر بۆ ریال مەدرید، گوتوومە بەڵێ بۆ فەرەنسا و بۆ پرۆژە نوێیەکەی پاریس سانت جێرمان، ئەوە بانگەوازی نیشتیمان و پایتەختەکەمانە، هەروەها زووش بوو بە بێبەرامبەر بڕۆین.
کاتێکیش پرسیاریان لێکرد، بە نەچوونت بۆ ریال مەدرید چانسی بردنەوەی باڵۆن دۆرت کەم نابێتەوە؟ کیلیان لە وەڵامدا گوتی: ناکرێت بەراورد لە نێوان ریال مەدرید و پاریس سانت جێرماندا بکەین، چونکە یانە ئیسپانییەکە زۆر کۆنترە.
هەروەها گوتیشی: پێوەرەکانی باڵۆن دۆر گۆڕاون، چیدی یانە هۆکارێکی کاریگەر نابێت بۆ بردنەوەی باڵۆن دۆر، ئیدی باشترین یاریزانی جیهان باڵۆن دۆر دەباتەوە.
ئەو زیاتر گوتی: پرسی باڵۆن دۆر وەک جاران نەماوە، ئەوەی چاوەکان سەرسام دەکات باڵۆن دۆر دەباتەوە، گرنگ نییە لە کوێ یاری دەکات، ئەوەی باشترینە خەڵاتەکە دەباتەوە.





# یانەی رواندز گەیشتە خولی پلە یەکی کوردستان

بۆ یەکەم جار لە مێژووی وەرزشیی یانەکە، تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی رواندز گەیشتنە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، ئەم وەرزە یانەکەی پاشای گەورە، بە سەرکردایەتی راهێنەری گەنج رەفیق سەعید دەستی بە ئامادەکارییەکانی کرد، بۆ گەیشتن بە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، کارگێڕیی یانەکە لەگەڵ ستافی راهێنەران کە ئەزموونێکی زۆریان هەبووە لە خولەکانی کوردستان، بۆ خولی پلە دوو پلانی تۆکمەیان هەبوو، توانیان پلێتی گەییشتن بە ریزی یانە پلە یەکەکان دەستەبەر بکەن، لە بارەی سەرکەوتنی تیپەکەش بۆ ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان رەفیق سەعید ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی رواندز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەر لە سەرەتای خولەکەوە ئامادەکاریی باشمان کردبوو و، توانیمان پلانی باش دابنێین بۆ ئەوەی بتوانین سەرکەوتن بەدەست بهێنین، تا دوا گەڕی خولەکەش کێبڕکێ هەبوو، لە کۆتا یاریماندا توانیمان لە یانەی دینارتە ببەینەوە و پلێتی سەرکەوتن بۆ خولی پلە یەك بەدەست بهێنین»، رەفیق سەعید گوتیشی: «گەیشتنم بە خولی پلە یەکی کوردستان، بۆ یانەی رواندز گرنگیی خۆی هەبوو، کە یەکەم جارە توانیمان تیپەکە ببەینە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، ئەوەش دەستکەوتێکی گرنگە و لە سەرجەم یارییەکانیش بە بێ شکست خولەکەمان بە سەرکەوتوویی تەواو کرد، بۆ ئەم سەرکەوتنە پیرۆزبایی لە سەرجەم خەڵکی سۆران و دەڤەری سۆران دەکەین و، سەرکەوتنێکی گرنگە بۆ تیپەکەمان کە ببێتە نوێنەری ناوچەکەمان، لە سەرەتای دەستبەکاربوونمانەوە هەموو هەوڵێکمان سەرخستنی یانەکە بوو، توانیشمان خەونەکە بکەینە ڕاستی و ئامانجەکەی خۆمان پێکا. ئەم خولەش بە سەرکەوتوویی لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بەڕێوە چوو بۆ ئەم وەرزەش سی یانە بۆ ریزی یانە پلەیەکەکانی سەردەکەوێت، پلێتی سێیەم لە نێوان یانەی جیهان و کفری یەکلای دەکرێتەوە.

# لەشجوانێکی کورد لە ئەڵمانیا ئەنجامێکی گەورە تۆمار دەکات



ئارام ئەمین یاریزانی لەشجوانیی شاری سلێمانی و یەکێك لە پاڵەوانە کوردەکان کە خاوەن چەندین ئەنجامی شایستەیە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق و ئەوروپا، بۆ ئەمساڵیش لە وڵاتی ئەڵمانیا بەشداریکرد لە پاڵەوانێتیی (ئای ببی پرۆمیك پی سی جیرمەنیك) بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و، توانیی دوو مەدالیای گرنگ بەدەست بهێنێت، لە بارەی بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامانەش ئارام ئەمین، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو کوردێك لەو پاڵەوانێتییەدا بەشداریم کرد، بەرنامەم بە ١٣ هەفتە و لە مەشق و خۆراکی باش و خۆ دوورخستنەوە لە هەندێك خۆراك پێك هاتبوو، لە چوار رشتەی جیاوازدا بەشداریم کرد، کە دووانیان بۆدی هۆلدینگ بوو، ئەوی دیکەش باڵا و کێش یەکی دەگرتەوە، لە وڵاتی ئەڵمانیا وەکو وەرزشکارێکی کورد هاوکاریی باشیان کردم، سوپاس بۆ خوداش لە ئین پی سی ئەمریکی ئێستا وەکو یاریزانێکی پیشەگەر ناسراوم، ئەوەش بۆمن زۆر باشە کە ئێستا وەکو پاڵەوانێکی جیهانی و ئەندام دەتوانم لە پاڵەوانێتیەکانی ئەمساڵ لە NPC بەشداری بکەم و، لە کۆی بەشداریکردنەکانم لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە ١٨مەدالیا بەدەست بهێنم، کە چواریان زێڕە و ئەوانی دیکە برۆنز و سلڤەرن»، ئەم پاڵەوانە کوردە هەروەها گوتیشی: «ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەهێز بوو، منیش توانیم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و، وەکو کەسی خۆم چووبووم، هەوڵیش دەدەم لە ساڵی داهاتوو بەشداری لە پاڵەوانێتی دیکەش بکەم و ناوی خۆم و کوردستانیش بەرز بکەمەوە».



# کاوە ئیبراهیم بەرزترین بڕوانامەی ڕاهێنەری گۆڵپارێزی بەدەست هێنا

لە شاری بەغدا خولی ڕاهێنەرانی (Levil ٣)ی ئاسایی بە بەشداری ژمارەیەك لە ڕاهێنەران بەڕێوە چوو، کاوە ئیبراهیم گۆڵپارێزی کوردی شاری هەولێر لە نێو ئەم کۆمەڵە ڕاهێنەرەدا توانی بە سەرکەوتوویی ئەم بڕوانامەیە بەدەست بهێنێت، یەکێتیی تۆپی پێی عێراقی بە سەر پەرشتیی یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا بۆ ماوەی یەك هەفتە ئەم خولەی بەڕێوە برد، بەشداربووانی خولەکەش بڕوانامەی levil٣ی ئاساییان پێ بەخشرا، کاوە ئیبراهیم تاکە کورد بوو توانی ئەم بڕوانامەیە بەدەست بهێنێت، لەم بارەشەوە کاوە ئیبراهیم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو ڕاهێنەر ئەم بڕوانامەیە زۆر گرنگ بوو بۆ من، چونکە ئەگەر بە شێوازی پیشەگەری خولی عێراقی بەڕێوە بچێت، دەبێت ئەو کەسانە ببنە ڕاهێنەر کە خاوەنی ئەو بڕوانامەیەن، لە هەموو عێراق ١٧ کەس خاوەنی ئەم بڕوانامەن کە دەتوانن مەشقی هەڵبژاردەکان و یانە نایابەکان بکەن»، کاوە ئیبراهیم گوتیشی: «هیوادارم بتوانم خزمەتی سەرجەم گۆڵپارێزان بکەم لە ڕێگەی ئەم بڕوانامەیەوە، زۆر سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش دەکەم کە هاوکارم بوون، هیوادارم بتوانین خزمەتی زیاتر پێشکەش بە وەرزش بکەین، بڕوانامە لە ژیانی پیشەگەریدا گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر خۆمان بەرەو پێش ببەین، گرنگە خولی زیاتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین پەرەی زیاتر بە تواناکانی خۆمان بدەین، خولەکە زۆر بە سەرکەوتوویی بەڕێوە چوو، وەکو گۆڵپارێز توانیمان سوودی زۆر ببینین، کە ماوەیەکی زۆرە لە ناو وەرزشیی یانەکانین، پێویستە زۆربەی ڕاهێنەرەکان بتوانن لە خولەکاندا بەشدار بن بۆ بەدەستهێنانی ئەو جۆرە بڕوانامانە، دەمەوێت ئەو ئەزموونەی خۆم بۆ وەرزشکاران شیی بکەمەوە، بۆ خزمەت کردنیان».

# چۆن نەخۆشیی شەکرە پەستانی خوێن بەرزدەکاتەوە؟




بۆچی نەخۆشانی شەکرە تووشی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن دەبن؟

نەخۆشیی شەکرە کە بە باشی کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەوا ئاستی بەرزی شەکری خوێن کاریگەریی نێگەتیڤ دەکاتە سەر دیواری خوێنبەرەکان و هاوسەنگیی شلەی لەش، هاوکات لەگەڵ کاریگەریی نەرێنی لەسەر فرمانی گورچیلەکاندا، بەمەشەوە پەستانی خوێن بەرزدەبێتەوە، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن لە نەخۆشانی شەکرەدا زۆر گرنگە بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی مێشك و نەخۆشیی دڵ و خوێنبەرەکان، هەروەها گرفت لە گورچیلە و چاودا، پسپۆران ڕێنمایی دەکەن کە پێویستە پەستانی خوێن لە نەخۆشانی شەکرەدا بە شێوەیەك کۆنترۆڵ بکرێت، کە هەرگیز لە ١٣٠/٨٠ ملم جیوە زیاتر نەبێت. هەنگاوەکانی خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی پەستانی بەرزی خوێن لە نەخۆشانی شەکرەدا: گۆڕینی ستایلی ژیان و هەڵبژاردنی خۆراکێکی هاوسەنگ و تەندروستی تایبەت بە نەخۆشانی شەکرە، هاوکات لەگەڵ کەمکردنەوەی خوێ و چەورییە تێرەکان و چەورییە نێوەندەکانTrans fats، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی ڕۆژانەی مامناوەند بۆ ماوەی ٣٠-٤٥ خولەك لە زۆربەی ڕۆژەکانی هەفتەدا، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان و خواردنەوە ئەلکهولییەکان، کۆنترۆڵکردنی کێشی زیادی لەش، زوو زوو بەسەرکردنەوەی پێوانەی ئاستی شەکری خوێن و پەستانی خوێن بۆ دڵنیابوون لە کۆنترۆڵ کردنیان.

## بایەخی تەندروستیی گەڵای نەعناع

جگە لەوەی کە سوود لە گەڵای نەعناع وەردەگیرێت بۆ بەخشینی چێژ و بۆن بە گەلێك خۆراك و هەویری ددان و بنێشت، هاوکات بەهایەکی خۆراکیی بەرزیشی هەیە. گەڵای نەعناع Mint leaves ریشاڵ و چەندین ڤیتامین و ماددەی دژەئۆکسان لەخۆدەگرێت، لەگەڵ کانزاکانی فۆسفۆر، کالسیۆم، ئاسن، مەنگەنیز، سوودە تەندروستییەکانی گەڵای نەعناع بریتییە: هاندانی هەرسکردنی خۆراك و کەمکردنەوەی گاز لە کۆئەندامی هەرسدا لەگەڵ خاوکردنەوەی کۆئەندامی هەرس و کەمکردنەوەی گرژبوونی ریخۆڵە، بۆیە سوودبەخشە بۆ حاڵەتی گرژبوونی کۆڵۆن، زەیتی نەعناع سوودبەخشە بۆ سووککردنی هێڵنج و سکئێشە، هەروەها کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، سووککردنی نیشانەکانی هەوکردنی گیرفانەکانی لووت و سەرئێشە، باشترکردنی مەزاج و سووککردنی سترێس و پەستی، سووککردنی هەستکردن بە ماندووبوون، بەهێزکردنی سستمی بەرگریی لەش، سووککردنی ئازاری درێژخایەنی پەیوەست بە هەوکردن و ڕۆماتیزمی جومگەکان، پاراستنی تەندروستیی پێست لەوکاتەی کە نەعناع سیفەتی دژەبەکتریا و دژەکەڕووی هەیە، هاندانی تەندروستی و گەشەی قژ لەگەڵ نەهێشتنی توێشکی سەر، هاندانی فرمانەکانی مێشك بەشێوەی باشترکردنی توانای بیرهاتنەوە و سووککردنی نیشانەکانی ئەلزهایمەر، گەڵای نەعناع ماددەی مێنتۆل Menthol لەخۆدەگرێت، کە سوودی هەیە بۆ چارەسەرکردنی گیرانی لووت و، کڕانەوەی قوڕگ سووك دەکات لەگەڵ سووککردنی نیشانەکانی هەڵامەت.



# ئاوسانی زمانەی قوڕگ



زمانەی قوڕگ Uvula بریتییە لە شانەیەکی نەرم کە لە سەرەتای قوڕگدا بە بەشی پشتەوەی مەڵاشووی نەرمدا ئاوێزانە، ئەم زمانەیە لەکاتی قووتدانی خۆراك و شلەدا یارمەتی داخستنی ڕێڕەوەکانی لووت دەدات، هەروەها هانی پاڵنانی خۆراك بۆ ناو قوڕگ دەدات.
هۆکارەکانی هەوکردن و ئاوسانی زمانەی قوڕگ: هەوکردن بە بەکتریا یان ڤایرۆس کە دەبێتە هۆی ئاوسان و سووربوونەوە، هەڵامەت، زیاد هەناسەوەرگرتن بە دەم بەهۆی گیرانی لووت، یان هەر هۆکارێکی دیکە، وشکبوونی دەم لەبەر هەر هۆکارێك، هەستەوەری، گەڕانەوەی ترشەلۆکی گەدە بۆ بەشی سەرەوەی سووریێنچك و قوڕگ Acid reflux . هۆکارە هاندەرەکانی هەوکردن و ئاوسانی زمانەی قوڕگ: جگەرەکێشان، خواردنەوەی ئەلکهول، هەڵمژینی هەوای پیس بە ماددەی کیمیایی، زەبر و برینداربوونی قوڕگ، لاوازبوونی سیستمی بەرگریی لەش.
نیشانەکانی هەوکردن و ئاوسانی زمانەی قوڕگ: هەستکردنی بەردەوام بە بوونی تەنێکی بیانی لە قوڕگدا، ئازار و ناڕەحەتیی بەردەوامی قوڕگ، هەستکردن بە کڕانەوە و خورشت لە قوڕگدا، هەندێك جار کۆکە، گرفت لە قووتدانی خۆراك و شلەدا، گرفت لە هەناسەدا، ئاوسانی لەوزەکان، زیادبوونی دەردانی لیك، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش. چارەسەر بریتییە لە بەکارهێنانی غەرغەرە و دەرمانی دژەمیکرۆب، لەگەڵ دوورکەوتنەو لە هۆکارە هاندەرەکانی هەوکردن و ئاوسانی زمانەی قوڕگ.



# ئایا ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ

کۆلیستیرۆڵ Cholesterol بەشێکی گرنگی خوێنە، هەروەها بۆ فرمان و پێکهاتەی خانەکانی لەش پێویستە، بەڵام ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ لە خوێندا، هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك. ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵی خوێن لە سەرەتادا هیچ نیشانەیەکی نییە، بەڵام لەوانەیە پاش چەندساڵێك لەوکاتەدا دەستنیشان بکرێت کە دەبێتە ئەگەری نەخۆشیی دڵ، بۆیە پشکنینی رۆتینیی کۆلیستیرۆڵ هەر چەند ساڵ جارێك زۆر گرنگە. ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵی خوێن هەرگیز بە شێوەیەکی کتوپڕ نابێتە ئەگەری هیچ گرفتێکی تەندروستی، کۆلیستیرۆڵی زیاد بەرە بەرە لەسەر ناوپۆشی خوێنبەرەکاندا دەنیشێت و دەبێتە ئەگەری رەقبوونی خوێنبەرەکان Atherosclerosis کە حاڵەتێکی مەترسیدارە بۆ تەندروستی و، لەوانەیە کە لە هەر ساتێکدا ببێتە هۆی تەسکبوونەوە، یان




## ئایا کەمیی ڤیتامین B12 دەبێتە ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش؟

ڤیتامین B12 کە بە کۆبالامین Co-balamin ناسراوە، زۆر گرنگە بۆ فرمانی دروستی مێشك و سستمی دەمار، هەروەها رۆڵی لە دروستبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێندا هەیە، لەگەڵ دروستبوونی DNA و بەرهەمهێنانی وزە لە لەشدا. کەمیی ئەم ڤیتامینە هۆکارە بۆ کەمخوێنی و دابەزینی ئاستی وزەی لەش و گرفت لە کۆئەندامی دەماردا بە شێوەی هەستکردنی درێژخایەن بە ماندووبوون و هیلاکی، هەروەها بیرچوونەوە. تا ئێستا تەنیا بەڵگەی زانستی لاواز لەبەردەستە سەبارەت بەوەی کە کەمیی ڤیتامین B12 ببێتە ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش، بەڵام زۆربەی توێژینەوەکان جەختیان لەمە کردووەتەوە کە لەوانەیە کەمیی ڤیتامین B12 پەیوەندی بە زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەویەوە هەبێت، یان لەوانەیە کە خودی قەڵەوی هۆکارێکی هاندەر بێت بۆ کەمیی ڤیتامین B12. هەروەها لە منداڵ و نەوجەوانانلدا تێبینی ئەمە کراوە کە کەمیی ڤیتامین B12 هاندەرە بۆ کەمبوونەوەی کێشی لەش، بۆیە لەپاش وەرگرتنی ڤیتامین B12 ئارەزووی خواردن باشتر دەبێت و کێشی لەش ئاسایی دەبێتەوە، پسپۆڕان رێنمایی دەکەن کە لەکاتی زیادبوون، یان کەمبوونەوەی کێشی لەشدا، پێویستە کە پشکنین بۆ ئاستی ڤیتامین B12 لە خوێندا بکرێت، ئینجا بە خۆراك، یان بە رێگەی وەرگرتنی یارمەتیدەری خۆراکی بە شێوەی کەپسوول راست بکرێتەوە، سەرچاوە خۆراکییەکانی ڤیتامین B12 بریتین لە: گۆشت، پەلەوەر، هێلکە، خۆراکی دەریایی، شیر و بەرهەمەکانی.




## ــــــــەترسی هەیە؟

گیرانی خوێنبەر و تووشبوون بە سینگەدڕە Angina یان نۆرەی دڵ Heart attack، جەڵتەی مێشك، یان بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هۆكارە هاندەرەكانی بەرزبوونەوەی ئاستی كۆلیستیرۆڵ: خۆراكی ناهاوسەنگ و ناتەندروست، كێشیی زیاد و قەڵەوی، زیاد دانیشتن و كەم ئەنجامدانی جووڵە و مەشقی وەرزشی، جگەرەكێشان، بەساڵاچوون، هەروەها نەخۆشیی شەكرە بەتایبەتی كە بە باشی كۆنترۆڵ نەكرێت.

## بۆچی ئاردی سپی بۆ تەندروستی باش نییە؟


ئایا جیاوازی چییە لە نێوان ئاردی سپی White Flour و ئاردی گەنمی تەواو Whole Wheat Flour ؟ ئایا مەسەلەكە تەنیا پەیوەستە بە شێوەی پرۆسێسكردنی ئاردەكان، یان هۆكاری دیكە لەئارادان؟ جیاوازیی سەرەكی بریتییە لە ڕێژەی ریشاڵ لە ئارددا، ئاردی گەنمی تەواو ڕێژەی سرووشتیی تەواوی ریشاڵ لەخۆدەگرێت، كەچی زۆربەی ریشاڵەكە لە ئاردی سپیدا بە كرداری پرۆسێسكردن لابراوە، واتە لابردنی بەشی هەرە زۆری چینەكانی سەرەوەی گەنم Debranning، ریشاڵ بەشێكی گرنگی خۆراكە و رۆڵی ئەرێنی هەیە بۆ كۆئەندامی هەرس، هەروەها كۆنترۆڵكردنی ئاستی شەكری خوێن، خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ، لەگەڵ ڕێگرتن لە زیادبوونی كێشی لەش و قەڵەوی. لە لایەكی دیكەوە ئاردی گەنمی تەواو دەوڵەمەندە بە ڤیتامینەكانی B1، B2، B3، B5، B9 كە بە فۆلەیت ناسراوە، لەگەڵ ڕێژەیەكی باشی پرۆتین و كانزای ئاسن و كالسیۆم، كەچی ڕێژەی هەموو ئەم ماددە گرنگانە لە ئاردی سپیدا كەمە. نان یان هەویركاریی ئامادەكراو بە ئاردی سپی لە هەرزوو پاش هەرسكردن دەگۆڕێ بۆ شەكر، واتە زوو ئاستی شەكری خوێن بەرزدەكاتەوە، ئەمەش بارگرانی دەخاتە سەر گلاندی پەنكریاس بۆ زیاتر دەردانی هۆرمۆنی ئینسولین بە مەبەستی ڕێكخستنی ئاستی شەكری خوێن، بە بەردەوام خواردنی بەرهەمەكانی ئاردی سپی لەوانەیە كە پەنكریاس نەتوانێت شەكری خوێن ڕێك بخات و، دەرەنجام لەوانەیە ببێتە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەكرە. هەروەها خۆراكی ئامادەكراو بە ئاردی سپی هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی كۆلیستیرۆڵی خوێن، لەگەڵ بێهێزكردنی ئێسك و زیادكردنی ئەگەری هەوكردنی جومگەكان.

# کامێرایەک بۆ هەموو هەلومەرجێک

کامێرای جۆری Feiyu pocket 2 بۆ هەموو هەلومەرج و کاتێك دەگونجێت، بۆ چیاو دارستان، رووبار و مەلەکردن. بۆ پایسکل و ئۆتۆمبیل بۆ هەموو شوێنێك گونجاوە.

بەکارهێنەر دەتوانێت بە کۆڵەپشتیەوە هەڵیواسی و لەکاتی رۆیشتندا خۆی ئۆتۆماتیکی فیلم هەڵبگرێتەوە. دەکرێت بە پایسکلەوە بکرێت و هەر بڕوا و فیلم هەڵبگرێتەوە. پایە و کامێرا پێکەوەیە. شاشەیەکی لەمسی تایبەتی هەیە بۆ نیشاندان. ئەپێکی تایبەتی هەیە لەسەر مۆبایل دادەبەزێ و دەتوانی لە رێگای مۆبایلەوە کۆنترۆڵی بکەی و وێنەکان بگوازێتەوە.

کێشی تەنیا ١١٥ گرامە. بەئاسانی لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە. کامێراکە دەکرێت مایکی تایبەتی بۆ دابندرێ و هەروەها بڵندگۆکانی خۆی دەنگێکی بەهێزیان هەیە. فیلم بە کوالیتی K٤ دەگرێت و هەروەها وێنەکان بە فۆرماتەکانی JPG, DNG دەگرێت.



## ئاوێنەی زیـ




## درۆن


درۆنەکان واتە فرۆکە بێ فڕۆکەوانەکان، ئەوەی دیوومانە هەر بە ئاسماندا دەفڕێت و وێنە دەکرێت و کار و ئەرکی دیکە ئەنجام دەدات. دڕۆنی جۆری PowerDolphin بە ئاسماندا نافڕێت و هەر بەسەر ئاو و ژێر ئاودا دەڕوات. کامێرایەکی جۆری 4k لەسەرە وێنەکان بە کوالیتی ١٢ میگاپیکسل لە ژێر ئاودا دەگرێت.

درۆنەکە بۆ ئەوکاتەی شتێك دەکەوێتە ژێر ئاو، وەك ئەوەی کەسێك خنکابێ و لە ژێر ئاودا بێ و شوێنەکەی پێنەزاندرێ بۆ ئەوکاتە گونجاوە و لە مەلەوانەکان زۆر باشترە، چونکە دەتوانێ زۆر لە نێو ئاودا بمێنێتەوەو هەموو کون و کەلێنەکانیش بگەڕێ. هەروەها بۆ راوە ماسی گونجاوەو شوێنی ماسییەکان دەستنیشان دەکات. دەکرێت وەك قولابێکی






## ـــــــــرەک بۆ حەمام



هەر ئامرازێك رۆژانە بەكاری دێنی، لە داهاتوویەكی نزیكدا دەبێتە ئامرازێكی زیرەك، بۆ نموونە ئاوینەی حەمامیش! ئاوینەی هۆشمەندی جۆری Bluvy كە بۆ ریش تاشین لە حەمامدا سوودی لێوەدەگیردێت، بڵندگۆی هەیە، سیستەمی بلوتوسی هەیە، گلۆپی رووناكی بەسەرەیەوە. لە راستیدا ئاوێنە نییە بەڵكو شاشە و كامێرایەكە بەكارهێنەر وەك ئاوێنە سوودی لێوەردەگیردرێ.

ئاوینە هۆشمەندەكە وەك ئاوێنەی ئاسایی ناچێت كە لە حەمامدا هەڵمی لێبنیشێ و بەكارهێنەر نەتوانێ خۆی ببینێ. شاشەكە دە ئینجە و كوالیتی ١٠٨٠ ئیچ دییە. بڵندگۆكانی بلوتوسین و بە دەنگ كۆنترۆڵ دەكرێن و دەكرێت لەكاتی حەمامدا گوێ لە گۆرانی بگری. تایبەتمەندییەكی ئاوێنەكە ئەوەیە كە خۆی بەهۆی تیشكی UV-C خاوێن دەكاتەوە.

## مۆبایلێكی سەرنج راكێش و تایبەت

مۆبایلەكان چ ئەوانەی پێشكەوتوو زیرەكن و چ ئەوانەی كلاسیكن، لە بواری ستایل و دیزاینەوە، جیاوازییەكی ئەوتۆیان نییە. مۆبایلی جۆری SERVO L9 لە هەموو بوارێكەوە جیاوازە. ئەم مۆبایلە تەواو وەك هێدستێكی بلوتووس دەچێت. تەنیا شاشەیەكی بچووكی هەیە كە كەمترە لە ئینجێك. مۆبایلەكە رەش و سپییە و هیچ تایبەتمەندییەكی نییە، كامێرای نییە. بەڵام سیمكارت دەخوێنێتەوە و هەموو ئەركەكانی پەیوەندی گرتنی پێ ئەنجام دەدرێت. بۆ گوێدان بە گۆرانی زۆر باشە، چونكە میمۆری دەخوێنێتەوە، مۆبایلەكە زیاتر بۆ خوێندكاران و ئەوانەی شۆفێری دەكەن گونجاوە. لەگەڵ مۆبایلە زیرەكانیش پەیوەند دەدرێ و دەكرێت وەك بلوتوسی تایبەت بە مۆبایل سوودی لێببیندرێ. چوار رەنگی هەیە.

## ـــــــی ژێر ئاو

ماسیگرتنیش سوودی لێوەربگیرێت و قولایی پێوەبكرێت و بۆ قولایی ناو ئاوەكە بەرێ بكرێت. كامێراكەی بە هەر چوار دەوری خۆیدا دەسوورێت. ئەو پەرِی خێرایی ١٦ كیلۆمەتر لەكاتژمێرێكدایە. هەروەها دوو حاڵەتی (N) و (C) هەیە. سیستەمی GPS هەیە و نەخشەی ژێر ئاوەكە بە باشی دەبیندرێ. كامێرای درۆنەكە لەگەڵ مۆبایلە زیرەكەكان پەیوەند دەدرێ و بەكارهێنەر دەتوانێ لەلای خۆیەوە ژێر ئاو ببینێ. هەتا ٢٠ خولەك وەزی نابرێت. بەڵام ئەگەر بە ئارامی بێت هەتا دوو كاتژمێر و نیو پێویستی بە شەحنكردنەوە نییە.





# HP و بەرهەمهێنانی مۆنیتۆرێکی دەگمەن

کۆمپانیای HP مۆنتیۆرێکی نوێی بەرهەمهێناوە کە هاوشێوەی مۆنیتۆری کۆمپانیای ئەپل لە سیستەمی Center stage سـوود وەردەگرێ. بەو مانایەیە کە بەکارهێنەر هەمیشـە لە چوارچێوەی کامێراکەیدا دەردەکەوێ و کامێراکـە خۆی لەگـەڵ بەکارهێنەرەکـەی رێـك دەخـات لەبری ئـەوەی بەکارهێنـەر خۆی لەگـەڵ کامێراکە بگونجێنێ.

مۆنیتۆری HP Z24m قەبارەکەی ٢٤ ئینجە. بۆ بەکارهێنەرانی پیشـەیی بەرهەمهاتووە وەك ئەوانەی کاری پیشـەیی دیزایـن یـا فۆتۆگرافـی و ئەندازیـاری دەکـەن. مۆنیتۆرەکـە زیاتر بـە کامێراکەیـەوە دەگمەنە، چونکە کامێراکـە جوڵـەی بەکارهێنەرەکەی دەزانێـت و لەگەڵ جوڵەی ئەو خۆی دەگونجێت. وێبکەمەکە لە مۆنیتۆرەکە جیـا ناکرێتـەوە و بەشـێکە لـە مۆنیتۆرەکـە، بەڵام ئەوەنـدە هەیە ئەگەر هیچ کارت پێی نەبـوو دەکرێت بۆ خوارەوە دایبگری.

مۆنیتۆرەکە دوو مایکی هەیە و دەنگە دەنگی زیادی (نویز) ناهێڵێت. هەروەها دوو سپیکەر (بڵندگۆ)شی هەیە. شاشەکە لە جۆری IPS و نیشاندانەکەی ٢٥٦٠ لە ١٤٤٠ پیکسلدایە.

لە وێبکەمەکەدا سیستەمێك هەیە هۆشمەندە و دەزانێت بەکارهێنەر لە مۆنیتۆرەکە دانیشتووە یان نا؟ ئەگەر بەکارهێنەرەکە لەبەر شاشەکە بڕوات، ئۆتۆماتیکی کامێراکەش دادەخرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن بتوانم ڤیدیۆکانی فەیسبوك لە مۆبایلدا دابەزێنم؟**

خوێنەری بەڕێز بە زۆر شێواز ڤیدیۆکانی فەیسبوك چ لە مۆبایل بێت یا لەکۆمپیوتەر دادەبەزن، لەرێگای چەندین ماڵپەڕی تایبەتەوە کە بۆ ئەو مەبەستە داندراون وەك ماڵپەڕی Pokoface.com، هەروەها بە چەندین ئاپ و پرۆگرامی تایبەتەوە دەکرێ ڤیدیۆکان دابەزێنی یەکێك لەو ئەپلکەیشنانە، ئەپلکەیشینی FastV-id: Video Downloader for Facebook، ئەم ئەپە بە خۆڕایی دەتوانی لە گوگل پلەی دابەزینی. جگە لەوە گەلێك ئاپی دیکەش هەن بۆ ئەم مەبەستە داندراون کە دەتوانی تاقیان بکەیەوە.

## بڵندگۆیەکی بلوتوسی ناوازە

بڵندگۆی بلوتوسی جۆری Muzen Cyber Shell هەم بچووکەو هـەم تایبەتمەندییەکانـی بەهێـزن. بـۆ دیسـکتۆپ و لاپتـۆپ و مۆبایـل دەگونجێت. دەنـگ بەشـێوەی HD بڵاودەکاتـەوە. سیسـتەمی بلوتـوس (٥)ی لەسـەرە. دەنگی سـتریۆی لەجۆری TWSە. هـەر چـوار دەوری بڵندگۆکـە گڵۆپی LED RGBیە. بە ریتمی ئاوازەکان گۆڕانیان بەسەردادێت و دەکەونە سەما. دەنگی لای چەپ و راسـتی بڵندگۆکە سـەربەخۆ کار دەکەن و دەکرێت وەك سـتریۆیەکی بەهێز سـەیر بکرێت. بڵندگۆکە دژە ئاوە و تۆز و خۆڵی لێنانیشـێت. سیسـتەمی دەنگی بە جۆرێکە لـە شـوێنی ئاوەڵا و کراوەشـدا کێشـەی بـۆ دەنگ نایەتە پێش. دوای شـەحنکردنەوە دەکرێت ١٠ کاتژمێر سـوودی لێوەربگیردرێت.




# پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی ژێرنووسی فیلمەکان


ژێرنووس کردنی فیلمەکان ئەویش هونەرێکە و پێویستی بە شارەزاییەکی تەواوە. پرۆگرامگەلێك هەن کە ئەرکیان ڕێکخستنی ژێرنووسی فیلمەکانە. پرۆگرامی MKVToolnix، پرۆگرامێکی پیشەییە لە بواری ڕێکخستنی ژێرنووسی ئەو فیلمانەی کە پاشگری MKVیان هەیە. پرۆگرامەکە بۆ ئەو وەرگێڕانەی کە نایانەوێت کەس وەرگێڕانەکانیان بۆ مەبەستی دیکە بەکار بێنن سوودی لێوەردەگیردرێت.

پاش دانانی پرۆگرامەکە لە بەشی input filesدا فایلە ڤیدیۆی و فایلە دەنگییەکان و ژێرنووسەکە دەتوانی دابنێی. بەداگرتنی دوگمەی stat muxing فایلەکە لە ماوەیەکی کەمدا تێکەڵ دەبن.

بەشێك لە تواناکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- دانانی ژێر نووس و هەروەها سڕینەوەی ژێرنووس لە فیلمدا.
- زیادکردن و تێکەڵکردنی ژێرنووس بە فۆرماتی SRT.
- ڕاگرتنی چەندین تراك فیلمن دەنگ و ژێرنووس لە یەك فایلدا.
- خێرایی زۆر بۆ تێکەڵکردن و جیاکردنەوە.




## ماڵپەڕێک بۆ گەشتکردنی مەجازی

گەشت و گەڕان لە جیهاندا چێژێکی تایبەتی هەیە، ژیان بە گەشتکردنەوە خۆشە. ئەگەر توانای گەشتکردنت نییە بەڵام حەز دەکەی شوێنە گرنگ و خۆشەکانی جیهان ببینی، ئەوە سەر لەماڵپەڕی http://www.globegenie.com/ بدە. لەو ماڵپەڕەدا ڕاستە مرۆڤ وەك واقیعی ناچێتە شوێنەکە، بەڵام چێژێکی زۆرت پێدەبەخشێ. گەشتکردنەکان بە ڕێکەوتن و خودی ماڵپەڕەکە بۆت دیاریدەکا. دەتوانی کیشوەرەکەت بگۆڕی و بە داگرتنی دوگمەی teleport شوێنێکی دیکەت بۆ دەست نیشان دەکا. ماڵپەڕەکە لە گوگل ماپ سوود وەردەگرێ. ئەو دیمەنانەی نیشان دەدرێن وەك وێنە نین، بەڵکو گەشتیاری خەیاڵی دەتوانێت بە داگرتنی هێماکان بۆ هەموو لایەنەکانی دیمەنەکە بڕوات.


# ڕکابەرێکی نوێ بۆ ئامێری گەیمی ستەیم داك

کۆنسۆلی یاریکردن لە جۆری AyaNeo ٢ ڕکابەرێکی نوێیە بۆ ئامێری گەیمی ستەیم داك. یەکەمین یاری گەیمی دەستییە کە یەکەی لێکدەرەوەی جۆری RNDNA2 یە لەسەرە. دیزانێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە. هەم شاشەیە و هەم دەسکی گەیم. خێراییەکەی ٤,٧ گیگاهێرتزە. ڕامەکەی ٣٢ گیگابایتە و میمۆرییەکەی یەك ترابایتە. شاشەکەی جۆری IPS و قەبارەکەی ٨ ئینجە. باترییەکەی ٦ کاتژمێر دانابەزێت، بەڵام ئەگەر یاری بەهێزی لەسەر بکرێت ڕەنگە هەر دوو کاتژمێرێك بخایەنێ.

شایانی ئاماژەدانە، کۆنسۆلە دەستییەکان بۆ یاری تاکەکەسی دەبن و ناکرێت دوو کەس پێکەوە لەسەر ئەو ئامێرانە کار بکەن. AyaNeo2 لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ و دەکرێت نوێترین یارییەکانی تایبەت بە گەیمەکە دابەزێندرێ، هەروەها دەکرێت لە ڕێگای ئۆنلاینەوە لەگەڵ لایەنی بەرامبەر یاری بکەی.




# ماکیاژی وەنەوشەیی بە شای ماکیاژەکان دادەنرێت

مۆدی ماکیاژ بە رەنگەکانەوە دەگۆڕدرێت، هەر شێوازێك چەند رەنگێك لەخۆدەگرێت، بە تایبەت ئەو رەنگانەی کە سەرنجڕاکێشن و بە شای رەنگەکان بۆ ماکیاژ دادەنرێن، رەنگی وەنەوشەیی تاکە رەنگە کە بەهێز و ناسکە، بۆ هەموو جۆرە پێستێك دەبێت، ئەو ماکیاژە بۆ زۆربەی شوێنی گشتی و بۆنەکان دەگونجێت، بە تایبەت کاتێك کە سێبەری چاوەکان لە رەنگی وەنەوشەیی کراوە یان تۆخ دەبن، ئەگەر بچێتەوە سەر برژانگ زیاتر سەرنجڕاکێش دەبێت. بەم دواییە ماکیاژی تێکەڵ لە هەردوو رەنگی وەنەوشەیی و رەساسی دەرکەوتووە، کە مۆدێکی باوە و سەرنجڕاکێشە، بە جۆرێك چاوەکان بە گەورەیی و نەرمی نیشان دەدات، بۆ ئامادەکردنی ماکیاژی وەنەوشیی پێویست بە چەند کەرەستەیەك دەبێت، کە بریتیین لە: سەرەتا پێویستت بە پشتە چاوی رەنگی وەنەوشەیی کراوە هەیە، رەنگی پرایمەر ئەساس، کرێمی ئەساس، کۆنسیلەر، پشتچاوی تێکەڵ لە رەنگی وەنەوشەیی و رەساسی، جیلیتەر بە رەنگی زێڕی یان رەساسی، ئایلاینەری رەش، ماسکارای رەشی تۆخ، بۆدرەی دیاریکردنی برۆ، کلی رەش، بلاشەری قاوەیی یان پەمەیی تۆخ، رەنگی سووراو لە نیۆد و پەمەیی، دواتر دەست بە ماکیاژەکە بکە، ئەنجامەکەی تووشی سەرسوڕمانت دەکات.

# شیککردنی رەنگی سپی و بیێجی بۆ جلوبەرگ

نکۆڵی لە شیککردن و گونجاندنی رەنگی سپی و بیێجی بۆ جلوبەرگ ناکرێت، چونکە دوو تاکە رەنگن کە بە جوانترین شێوە لەگەڵ یەکتر دەگونجێن، مۆدێکی نایابیان هەیە لە جیهانی مۆدە و جلوبەرگدا، بە رەنگی میانگیر دەناسرێن لە کەشێکی هاوینەی گەرمدا گەشاوەیی خۆیان نیشان دەدەن، بە رەنگی کلاسیکی ماجیك دەناسرێن، لە وەرزی هاوینی ئەمساڵدا کە کەشێکی گەرما باڵ بەسەر رەوشەکەدا دەکێشێت، پێویستمان بە جلێکە کە گونجاو بێت بۆ بۆنە و دەرچوون، بە مەرجێك تووشی گەرما و ئارەقڕشتنمان نەکات، بەم بۆنەیەوە پسپۆرانی جلوبەرگ، جەخت دەکەنە سەر ئەو رەنگانەی کە گەرما دەگەڕێنەوە و هەمیش شیکن، سەرەتا بە رەنگی سپی دەستپێ دەکەین، کە بە شای رەنگەکان دەناسرێت و لەگەڵ هەموو جۆرە رەنگەکانی دیکە دەگونجێت، رەنگی بیێجی کە زەردی کاڵ و سپییە، دەبێتە مۆدی رەنگەکانی وەرزی هاوینەی ئەمساڵ، دەتوانین بە پانتۆڵێکی رەنگی بیێجی لەگەڵ بەدی و قەمیسی سپی مۆدێکی ناسك بۆ دەرچوون و گەشت چێك بکەین، یان دەکرێت پانتۆڵێکی سپی لەگەڵ قەمیسێکی درێژی لە پەموو چنراو لە رەنگی بیێجی بێت، مۆدێکی کاجوال دەبەخشێ بۆ بۆنە و میوانی وماڵیش دەبێت.

# چۆن چاویلکەکان پاک دەکرێنەوە!

بۆ ئەوانەی کە بۆ حەز و خواستی خۆیان چاویلکە لە چاو دەکەن، یان ئەوانەی بە هۆی کزیی چاوەکانیانەوە چاویلکەی پزیشکییان بەسەردا دەسەپێت، پێویستە هەردەم چاویلکەیان لەلا بێت، بە تایبەت لە کاتی دەرچوون و بەر خۆر، چاویلکەکانیش وەك هەر کەرەستەیەکی دی پیس دەبن و تۆز و خۆڵ دەگرن، بۆیە پێویستیان بە پاککردنەوە دەبێت. بەهۆی ئەوەی چاویلکە هەستیارە و پێویستی بە پاککردنەوەی تایبەتە، کە زیانی بۆ چاوەکان نەبێت، هەروەها تاوەکو بە جوانی پاك ببێتەوە پێویستت بە چەند هەنگاوێکە، سەرەتا: پارچە قوماشێکی نەرم بهێنە، یان ئەو پارچە قوماشەی لەگەڵ چاویلکەکە دێت، پێویستە دەستەکانت بە جوانی بشۆی، پاشان چاویلکەکە دەخەیتە ناو ئاوێکی شلەتێن، تاوەکو لە ڤایرۆس و پیسییەکان پاك ببێتەوە، پاشان چاویلکەکە دەردەهێنرێت و وشك دەکرێتەوە، دواتر بە پارچە قوماشەکە شووشەی چاویلکەکە پاك بکەرەوە، ئەنجا بە پاککەرەوەی شووشە دڵۆپەیەك بکەرە سەر هەردوو شووشەی چاویلکەکە تاوەکو ساف ببێت، هەروەها بە نەرمی بە جووڵەی نەرم پاکیان بکەرەوە، شلەی جەلی بە مەرجێك بە دوور بێت لە لۆشن، لە لێوار و چوارچێوەکانی چاویلکەکە دەدرێت و بە ئاوی شلەتێنیش دەشۆردرێت، لە کۆتاییدا وشکی بکەوە و لە چاوی بکە.










## جلی پیاوان سەرنجڕاکێشترە

جلوبەرگی پیاوان لە سەردەمی پێشوودا زۆر بە ئەتەکێت بوون، بە تایبەت جلوبەرگی پیاوانی شا و پیاوانی گەورەی ئەو سەردەمە کە هاوشێوەی جلوبەرگی ئێستای ئافرەتان لە چەندین پارچە جل پێك دەهات. دیزاینەری جلوبەرگ (هاری ستایلز)، کە پێی وایە جلوبەرگی پیاوان لە سەردەمی کۆندا سەرنجڕاکێشتر و ناوازەتر بوون، کەچی لە ئێستادا جلوبەرگ تا دێ کەمتر دەبێتەوە، وای لێهاتووە پیاوان نیو مەتر جلیان لەبەر نەبێت، ئەو دیزاینەرە هەڵساوە بە کردنەوەی نمایشێکی جلوبەرگی پیاوانی سەدەکانی ١٦ و ١٧ و پێیوایە ئەو سەردەمە جوانترین جلوبەرگ بەر پیاوان کەوتووە، دووریشی نەبینی کە ئەو ستایل و جلوبەرگە لە داهاتوودا ببێتەوە بە مۆدە و لووتکەی مۆدی جلەکان لە جیهاندا بگرێتەوە.



## چێڵێکی دوو لووت

شێوەی ئاسایی گیانداران و قەبارەی سرووشتیی خۆیان لەبەرچاوی هەمووان دیارە، کاتێك گیاندارێك شێوەی، یان بەشێکی ئەندامی جەستەی جیاواز دەبێت، ناوێك بۆ خۆی تۆمار دەکات و دەبێتە حاڵەتێکی سەیر و سەمەرە، ئەو چێڵە لە جیاتی لووتێك دووانی هەیە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ناوبانگی هەبێت، ئەو چێڵە لەلایەن (مارك کرۆمهۆلز) بەخێو کراوە، لە بچووکییەوە هەستی بە نەشیاویی روخساری کردووە، ئەو چێڵە ناوی (لوسی)یە و ئێستا تەمەنی (١٥)ساڵە، لە سەرەوەی لووتی لووتێکی بچووکیشی هەیە، دەربارەی ئەوەی کە نەشتەگەری بۆ چێڵەکەی بکرێت، خاوەنەکەی رەتی کردووەتەوە کە چارەسەری بکات، چونکە پێی وایە کە ئەوە مرۆڤ نییە تا نەشتەگەریی جوانکاریی بۆ بکرێت، بوونی لووتێکی دیکە کە زیانی بۆ هەناسەدانی نەبێت و ئاسایی بێت، پێویست ناکات دەستکاری بکرێت، تا ئێستا نرخێکی زۆریان بە خاوەنەکەی داوە تاوەکو لوسی بفرۆشێت، بەڵام رەتی کردووەتەوە.




# کەڵەشێر هێلکە دەکات

جیاوازیی نێر و مێی ئەو جۆرە باڵندەیە لە بەشی ناوەوەی کۆئەندامی زاوزێیەتی، کە ئەو کەڵەشێرە هەردووانی هەیە، پزیشکێکی فیتەرنەری هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بە تێکەڵی کۆ ئەندامی زاوزێ و گۆڕانی هۆڕمۆنەکانی ئەو کەڵەشێرە، وای کردووە کە بتوانێت مریشك و کەڵەشێریش بێت، لە هەمان کاتدا توانای هێلکە کردنیشی هەبێت، ئەو حاڵەتە لە ملیۆنان چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە، کە ئەوەش شتێکی سرووشتییە و چەندین حاڵەتی دیکە لە جیهاندا ڕوویداوە.



ساڵانێکە لە کوردستان چەندین حاڵەتی سەیر و سەمەرە دەرکەوتوون، هەندێکیان بە جۆرێکن کە لە میدیاکانی ناوخۆ و جیهانیدا دەنگی داوەتەوە، وەك ئەو کەڵەشێرەی کە هێلکە دەکات. کەڵەشێرەکە لە شارۆچکەی سەید سادقە لە شاری سلێمانی، خاوەنەکەی دەڵێت: تا ئێستا نزیکەی ٣٠ هێلکەی کردووە، بە شێوە کەڵەشێرە و بە جەستە وەك مریشك وایە، تەنانەت لەگەڵ مریشك و کەڵەشێریش جووت دەبێت، واتە دەتوانێت ڕۆڵی کەڵەشێر و هەم مریشکیش ببینێت،







# نمایشی جلوبەرگ بۆ خانمانی قەڵەو و جەستە پڕ

نمایشی جلوبەرگ لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دەکرێت، یەکێك لەو مەرجانەی کە پێویستە لە نمایشکاراندا هەبێت، ئەویە کە دەبێ نمایشکار لاواز بێت، تاوەکو جلەکە بە جوانی لەسەر جەستەی دەربکەوێت، بەڵام بەم دواییە ئەو ڕێچکە و یاساییە شکێنراوە، بەهۆی ئەوەی دوا نمایشی جلوبەرگ بۆ خانمانی جەستە پڕ و قەڵەو بەڕێوە چوو، نمایشەکە لە وڵاتی ئوسترالیا بەڕێوەچوو ئاژانسی (بێلا ماناگمێنت - Bella Management)، نمایشەکەی بۆ (١٢) نمایشکاری جەستەپڕ ڕێك خستبوو، بەرپرسی ئاژانسەکە ناوی (چێلسی بۆنەر)

ە، دەڵێت: ئافرەتان بە هەموو شێوەیەك جوانن، چ لاواز بن یان قەڵەو، بۆیە ئێمە جیاوازیی نێوان ئافرەتانی لاواز و جەستە پڕ ناکەین، نمایشەکە لەلایەن مارکەی ڤاگاری - Vagary جلەکانی بۆ تەرخان کرابوون، ویڕای ڕووبەڕووبوونەوەی چەندین ڕەخنە، بەڵام ڕێکخەرانی نمایشەکە بەردەوام بوون و توانیان نمایشێکی سەیر و ناوازە پێشکەش بکەن. کایت واسڵی، بەرپرسی جلەکان ئاماژەی بەوەدا کە ئافرەتانی جەستەپڕیش حەز بە جلی جۆراوجۆر دەکەن، با ئەوانیش لە نمایشەکان بێبەش نەبن، بۆچی هەر نمایشکاری لاواز جلوبەرگ نمایش بکات؟.



# یاسا



**تاوانی مارەبڕین لە دەرەوەی دادگا**

بە گوێرەی یاسای باری کەسێتیی عێراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) ی هەموار کراو بە یاسای باری کەسی ژمارە(١٥)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان، لە ماددەی (١٠) بڕگەی (٥) دا هاتووە: هەر کەسێك گرێبەندی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا ئەنجام بدات، بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سێ ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت. سزاکەی دەبێتە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێت، ئەگەر هاوسەرگیرییەکی دیکەی لە ژیانی هاوسەریدا لە دەرەوەی دادگا گرێ دا، بەگوێرەی ئەم ماددەیە، مارەبڕین لە دەرەوەی دادگا تاوانە، جا چ لەلایەن مەلا یان قەشە یانیش هەر کەسایەتییەکی ئایینییەوە ئەنجامدرابێت، ئەگەر کەسەکە ژنی دووەم یان زیاتری لە دەرەوەی دادگا مارە بڕی، ئەوا سزاکەی قورستر دەبێت و دەبێتە بەندکردن، دوای دواکردنی سەلماندن و تۆمارکردنی گرێبەندی هاوسەرگیری لەلایەن لایەنەکانی گرێبەندەکە لە تۆمارەکانی دادگا، پیاوەکە ئیحالەی تەحقیق دەکرێت و پەڕاوی لێکۆڵینەوەی سزایی لە دادگای کەتن بۆ دەکرێتەوە.



## کاریکاتێر


کاریکاتێرێکی سەردەمە، باس لەوانە دەکات کە زۆربەی ژیانیان بە خەو بەڕێ دەکەن، بەمەش لە کاتی خەوتندا سامان و پارەیەکی زۆر یان لێ دەڕوات و ئاگاداریشی نین.





## فیلم

## به درێژایی گەشتەکە - Along for the Ride




فیلمێکی ڕۆمانسییە، بەر لە کردنەوەی کۆلێژ هەر یەکە لە ئودین و ئێلی یەکتر دەناسن، بەجۆرێك کە بە درێژایی ماوەی گەشتەکەیان لە کەناری دەریا لە شەودا یەکتر دەبینن و شارەزای یەکتر دەبن، کەشێکی خۆش لە نێوانیاندا دروست دەبێت کە بۆ کچەکە ژیانێکی تازە دەبێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٦ خولەکە، فیلمەکە لە مانگی پێنجی ئەمساڵ تەواو بووە و لە دەرهێنانی سۆفیا ئەڤاریز و، لە نووسینی سارا دیسانە، لە نواندنی (بیلمۆنت کامێل، ئێما پاسراو، کەیت بۆسۆرت، ئەندی ماکدوێڵ دیرمۆت ماورینی و لارا کارێوکی )یە.

## میوزیك

**دەنگی تەقە - Shotgun**

تراکێکی نایابی کچە گۆرانیبێژی سویسری (سۆکەر مۆمی)یە، لە ساڵی ٢٠٢٢ بەرهەم هاتووە، لە جۆری کاونترییە، لە ئەلبوومی Forever ،Sometimes، باس لە دەنگی دڵ دەکات کاتێك بانگی خۆشەویست دەکات، وەك دەنگی تەقە وایە لە نزمییەوە بەرەو بەرزی دەچێت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کەسانێك خۆشیی تۆیان دەوێت، بەهۆی تواناکانی خۆتەوە دەتوانیت باشترین ئەنجامت هەبێت و بەرپرسانت سەرسام بکەیت، ئەم ماوەیە پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت زۆرباش دەبێت، لە رووی سۆزدارییەوە تەندروستیی خۆت فەرامۆش مەکە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەمڕۆ هەست بە بوونی توانا و چالاکییەکی زۆر دەکەیت لە جەستەتدا، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بە خێرایی کارەکانت راپەڕێنیت، زۆر پەیوەستبونت بە کارەوە، کاریگەریی نەرێنیی هەیە لەسەر پەیوەندیی سۆزداریت، ئاگاداربە فەرامۆشی مەکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە گۆڕانکاریی ئەرێنی روودەدات، بەڵام دەبێت ئامادە بیت بۆ ئەم قۆناغە، ناکرێت لە هەمو بابەتێکدا تۆ بڕوا بە خۆشەویستەکەت بهێنیت، رەنگە تۆش هەڵەبیت، لەکاتی درەنگانی شەودا خواردن مەخۆ، تەندروستیت تێك دەدات و کێش زیاددەکات.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەم ماوەیە زۆر سەرقاڵیت بە کارەکەتەوە و بە وردی چاودێریی هەموو شتێك دەکەیت، وا باشترە چارەسەری گرفتەکانی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت بکەیت، بۆ ئەوەی سەرکەتو بیت لەو هەنگاوەدا، ئاگاداری کاردانەوەکانت بە لەکاتی تورەیدا.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەروی پیشەییەوە لەدوای ماندوبون و گرفتێکی زۆر، هەمو شتێك باش دەبێت و بەربەستەکان تێدەپەڕێنیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە دەتەوێت هەنگاوی نوێ بنێیت، تا دڵنیاببیتەوە لە راستیی هەستی خۆشەویستەکەت، بۆ ئەوەی بحەوێیتەوە هەوڵ بدە گەشت بکەیت و بچیتەدەرەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەهۆی ماندوبوون و تواناکانی خۆتەوە، بەرهەمێکی باشت دەبێت لە کارەکەتدا، چانسێك هەیە بۆ ئەوەی پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەرەوباشی بەریت و چارەسەری کێشەکان بکەیت، لەرووی تەندروستییەوە گرنگە راهێنانی وەرزشی فەرامۆش نەکەیت.



## پەند و وتە

سێر وینستۆن لیۆنارد سپێنسەر چێرچل سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە ساڵی ١٨٧٤ لە شاری پالاس لە بەریتانیا لە دایكبووە و لەساڵی ١٩٦٥ لە لەندەن كۆچی دوایی كردووە، دەربارەی گەمژەكان دەڵێت: «گەورەترین وانە لە ژیاندا كە پێویستە بیزانین ئەوەیە، زۆربەی كات گەمژە و نەزانەكان هەردەم ڕاست دەردەچن و ڕەوشەكە بەلای ئەواندا دەشكێتەوە».



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا چەندین كەرەستە و شت هەن، یەكێكیان ڕاستەقینە نییە و وێنەی كێشراوە، هەوڵ بدە لە ماوەی یەك خولەكدا بزانیت كامەیە و بیدۆزەرەوە.

### بۆ زانیاریت


## وشەی bath room



وشەی bath room وشەیەكی ئینگلیزییە كە بە شوێنی خۆپاككردنەوە دەگوترێت، وەك سەرئاو و حەمام، بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە ئایە ئەسڵی وشەكە لەچییەوە هاتووە؟. لە سەرەتاكانی سەدەی ١٩پەنابەرێكی هندی بە ناوی شێخ الدین محمد یان (محمد بات هندی) هات بۆ بەریتانیا كە حاڵی ئینگلیزەكانی بینی بۆگەنیان لێ دێت و شوێنی خۆپاككردنەوەیان نییە و وەك موسوڵمانەكان پاك و خاوێن نین، بۆیە بڕیاری دا حەمامێكی گەورە بكاتەوە لە بەریتانیا، هەربۆیە لە هەر شوێنێكی وڵاتی ئینگلیز هەر حەمام و ئاودەستی هەبێت، پێی ئەڵێن bath room واتە ژورەكەی بات.

## نەخشكردنی ناوكە زەیتون





ئەو كارە سەیرە بۆ سەردەمی ساڵانی (١٦٤٤) دەگەڕێتەوە، كە لەلایەن خانەوادەی (كوینگ)ی چینی وێنە و نامەیان لەسەر دەنكە زەیتون نوسیوە، ئێستا ئەو پەیكەرتاشییە پەرەی پێ دراوە و چەندین نموونەی زیندوو لە كۆشكی نیشتمانی لە شاری تایپیەی و وڵاتی تایوان بەدی دەكرێت، بەهەری ئەو كارە ناوازەیە لەگەڵ ستافەكەی لەلایەن نەخشكار (ئیدوین لی)ـە، كە سەرچاوەی ئەو بیرۆكەیە بووە، ئەوەی سەیرە وێنەكانی سەر ناوكە زیتوونەكان شێوەی مرۆڤ و كۆشكی بچووكن، تەنانەت ڕوخساری كەسەكان و پەنجەرە و دەرگای كۆشكەكان بە جوانی دەبینرێت، ئەوەش دەبێتە یەكەمین كاری داهێنان لە بواری پەیكەرتاشی و نەخشكردندا كە لەسەر دەنك و ناوكی سەوزە و میوە كراوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵی خۆت بدە، بە دوای چانسێكی باشتردا دەگەڕێیت بۆ ئەوەی نزیك ببیتەوە لە ئامانجەكانت، وا باشترە لەگەڵ هاوڕێكانت و خێزانەكەت بچیتەدەرەوە، تا هەست بە ئاسوودەیی بكەیت، ئەم ماوەیە بەهۆی كەمخەویەوە جەستەت زۆر ماندووە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەوڵ دەدەیت كارەكەت بگوازیتەوە بۆ پیشەیەك كە لەمەی ئێستات باشتر بێت و شایەنی كەسایەتیت بێت، لە لایەنی سۆزدارییەوە لەم ماوەیەی كۆتاییدا بەهۆی هەندێك ناكۆكییەوە لە نێوان خۆت و خۆشەویستەكەتدا بارودۆخت جێگیرنییە، خۆت بەدوور بگرە لە هەرشتێك كەدەبێتە هۆی بێزاریت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە كارەكانت بە شێوەیەكی باش بەڕێوە دەچێت، هەربۆیە باشترە بەشێوەیەكی وردتر كاربكەیت، جیاوازیی زۆرت هەیە لەلایەنی بیربۆچوونەوە لەگەڵ خۆشەویستەكەت و ڕووبەڕووی گرفتی زۆر دەبیتەوە، ئەگەر چارەسەری نەكەیت كاریگەری لەسەر تەندروستیت دروست دەكات.

### دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١


هاوپیشەكانی كارەكەت پشتیوانیت دەكەن، متمانەبەخۆبوونت هەستێكی ئارامت پێ دەبەخشێت، لەگەڵ خۆشەویستەكەت تووشی ناكۆكی دەبیت، ئەمەش كەمێك خەمبارت دەكات، لایەنی دەروونیی خۆتت فەرامۆش كردووە، ئەمەش بەگشتی كاریگەریی نەرێنیی لەسەر تەندروستیت هەیە.

### كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەلایەنی پیشەییەوە هەنگاوی نوێ دەنێیت و بەرەو ئامانجەكانت دەڕۆیت، لەلایەنی كۆمەڵایەتیەوە لایەنی سۆزداریت زۆرباشە، هەربۆیە كاریگەریی ئەرێنیی بەسەرتەوە هەیە، لە لایەنی تەندروستییەوە باشترە سەردانی پزیشك بكەیت ئەگەر تەندروستیت باش نییە.


### گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩

ڕێككەوتن و بوونی پەیوەندییەكی پتەو لە نێوان خۆت و هاوپیشەكانتدا باشترین یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هەنگاوی نوێ بنێیت و بەسەر بەربەستەكاندا زاڵبیت، هەموو كێشەكانی نێوان خۆت و خۆشەویستەكەت كۆتاییان دێت، بەهۆی پەستانی زۆری كارەوە ڕەنگە كەمێك تووشی ئازار ببیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan May 30, 2022 Issue,No.1318


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626